۱۳۶۳

سروه

ئەدەبی - فەرهەنگی

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی ئینتشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی



٢٠

گۆواری ئەدەبی - فەرهەنگی سروە - ساڵی سێهەم - ژمارە ۲۰- رەشەمە ۱۳۶۶- نرخ ۱۵تمەن

مناجات

ئەی شاهی مەکە حاکمەکەی شاری مەدینە
ئەی رەحمەتی حەق گوڵشەنی گوڵزاری مەدینە

قوربانت ئەبم ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە
روحمێ بکە بەم حاڵەت و بەم قەلبە حەزینە

رۆژێ کە ببێ زیارەتی رەوزەت بەنسیبم
ئەی گرمە تەلا ئەم رووە بەو خاک و زەمینە

ئەم تۆزە لە رێ دا کە دەنیشێ لە وجوودم
دەرمانی غەم و مەرهەمی سەت گۆنە برینە

موحتاجە بە یەک زەڕڕە لە لوتف و کەرەمی تۆ
دەرمانی غەم و مەرهەمی سەت گۆنە برینە

بەو عەترە سەبا بۆ منی هێناوە بەسەوقات
لەو ساتەوە ئەم مەنزڵە وەک خولدی بەرینە

سەد مەرتەبە قوربانی غوباری قەدەمت بم
یەک لەحزە بەچاوی کەڕەم ئەم عەبدە ببینە

"قودسی" بووەتە خادیم و مادیح لە حزوورت
ئەی غەوسی سەقیلەین تەڵەبم کە لە مەدینە

" عەبدوڵڵا قودسی "

نێوەرۆک





بە ناوی خوا

سەروتار

سلاو لە ئێوە ئەدیب و ئەدەبدۆست . سلاو لە ئێوەی هونەرمەند و هونەردۆست . سلاو لە ئێوە خەڵکی باش و بەشەڕەف کە بە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و ئەوین و پشتگری وها ودڵی عەزمی ئێمەتا ن جەزمتر کرد و بە ئەمەگ و قەدرزا نی خۆتان سەبا رەت بەم جووڵانەوە مەزنە کە دێ لەسەر پێ را وەستێ و لە هەموو جێگەیەکی خاکی پاکی کوردستا ن جێی خۆی بکاتەوە و خۆشی و جوانی و گەشانەوە بەدیاری بێنێ پێشا نتا ن دا کە بەڕاستی پا ڵپشتێکی گەورەوپشتیوا نێکی بەوە*جن بۆ بووژا نەوە و ورە بەرزی .

نا مە وولامی پڕ لە لوتفی ئێوەنە وا سانی*ن کە بە سپاسێک وەلام بدرێنەوە و نەوا سۆسرە*تن کە سەرمان لێیا ن سوڕ بمێنێ . وا باشترە بلێین هەم سانین و هەم سۆسرەتن . بەلێ وەختێک

بەجیا بڕوانینە ئەم بڕگەی زەمان ومێژوو ودەوری ئەو لە گووران وجەخەتە بوونی داهاتوویەکی رووناک بۆکورد (وەک هەموو خەڵکی دیکە) نەبینین بەڕاستی ئەم پێشوازی یە سەیرە. بەڵام ئەو دەمە کە ئەم بڕگەی مێژوو بە بنەمای هەل و دەرفەتی رووناکتر و سازکردنەوەی سەرلەنوێی نیزامی بایەخی کۆمەڵایەتی چاو لێ بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە بە تاسەی دەروون وسروشتی پاکی هەرمانی خوازی یەوەیە هیچ سەیر و سەمەرەیەک نامێنێ. هەرچەند جێگەی ئەم باسە ئێرە نیە و بە کورتەدوان و دەرفەتی تەنگەبەر سەرناگرێ بەڵام دیسان لەباری تێگەیشتنەوە وەک پرسیارێک دێتە گۆڕ ووەڵامدانەوەشی بەجێیە. ئاخر ئێوە بڵێن ئێمە لە بەرامبەر ئەو هەموو لوتف و ئەوینەدا چ بکەین؟!.

قسەیەک لەگەڵ ئێوە

دۆستان! ئێستا ئەوە دوامین ژمارەی سروەی سێ ساڵەتان پێشکەش دەکەین تا لەم زستانە ساردەدا، تینی بنکەی پڕ ئەوین وخۆشەویستی بنەماڵان وهاودەم و هاوزمانی تەنیایان بێ.هیوادارین هەروەک زەردی خەزانتان هەڵبوارد زستانی تاڵی گیروگرفت ودەرد هەڵبوێرن. لەخودا دەپاڕێینەوە هەرچی زووتر بەهاری نەشەبەخش و هێمنەتی ژیان بۆ ئێمەوهەموو مرۆڤی ستەملێکراو وبێ بەش کە لە ژێر هەر چەشنە کۆڵەداری وحاکمەتی شەوەزەنگ دان و سارد و سۆڵی چەوسێنەری دونیا، گنجی لەنێو چاوان خستوون،دابین بکا.

> **بەم هیوایە کە لە داهاتوویەکی رووناکترو.... بتوانین وێڕای خەڵکی وڵاتانی دوور ونزیک پاڵ بە ئیمانی رزگاری دەر و یەکەتی زی خوا بدەین**

برادەرینە:هەروەک بەهاری شیناوەرد وگەشی وحاکمەتی سەفا وبرایەتی لە کەژ و کۆ ولێڕو دەریا نزیک بۆتەوە، تا هەڵاتنی خۆری رووناکی ورزگاری و بەهاری ژیانی چەوساوە وزۆرلێکراوان لەپشت دەیجووری رەشی مێژووی حاکمەتی زاڵم و زۆردارانی سەربە رۆژهەڵات و رۆژاوا، هێندەی نەماوە!

گوێ رادێرە:

ئەری زڕەی پچڕانی زنجیری کۆیلەتی و ئەسیری بێ بەشان نابیسی؟ ئەرێ گرمەی تێک رمانی کاخی رەشی زوڵم ودەست درێژی کە خشتە خوێناوی یەکەی، لەشی نووزە لێبڕاوی مرۆڤی ستەم دیتووە نایەتە گوێت؟

ئەرێ نەهرەتەی دێوەزمەی نگریسی کۆڵەدار و لوورەی عیفریتی شەیتانی چەوسێنەرو ناڵە وکڕووزەی پیرەچەوسێنەر کە لەگەڵ زایەڵەی زەنگی سەرقافڵەی نوور تێکەڵ بووە ناتلاوێنێتەوە؟

بەڵێ حاکمەتی بەکفر رەنگە سەر بگرێ بەڵام بە زوڵم نا!

خۆشەویستان:

بەم هیوایە کە لە داهاتوویەکی رووناکتر و گرشەدارتردا بتوانین وێڕای خەڵکی وڵاتانی دوور و نزیک پاڵ بە ئیمانی رزگاری دەرو یەکەتی سازی خۆدا بدەین و لە گوڵزاری دڵبەندی وسولح و سەفا هەڵاڵەی سروود بچنین و لە کانیاوی رەحمەتی خوا ئاوی خۆشەویستی و شەهدی ئەوین نۆش بکەین و لە ئاوی جاری " بەندەی موتلەق و دەربەستی خوا " هەڵبێین و لەهەر عەیب ودزێوی یەک پاک بینەوە، مەبەستێکی زۆر گرینگ وەبیر دەخەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە بوونی دژایەتی لە هەموو ژیانەدا هەروەک ناسین وزانین پێویستە، بۆ نیزامی بایەخداریش بەشێکی سەرەکی یە وئەگەر دزێوی مانا نەداتەوە جوانیمان بۆ دەرناکەوێ.

جوانی بێ عەیب چۆن هەست پێ دەکرێ ؟

جا ئەم جیاوازییانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەڵوێست گرتنی ژیاندا دەورێکی گرینگیان هەیە. خولقێنەری جیهان بەرنامەی وا داڕشتووە کە تەنگانە بۆ فەرعانە نیە جا شەرتی جێژوانی بەهاری جوان ودڵڕفێن وگەشی ژیان هەڵبواردنی زستانی سارد و تووڕە وتۆسنی گیروگرفت و دەرد ونەخۆشی وکۆسپە. ئەم کۆسپ وبەڵاگەلەن کە مرۆڤ بۆ مەیدانی خەبات تا سەرکەوتن یا خۆ بەدەستەوەدانی زەلیلانە دەبەن.

ئێستا ئەوانەی بەئاواتی دیتنی بەهاری ئازادی و رزگارین دەبێ لەگەڵ سەرما و سۆڵی زستانی حاکمەتی چەوسێنەری ملانی* وبەربەرە — کانی بکەن، خۆ لە قەرەی کۆسپەکان بدەن، خۆڕاگر بن وبە دڵێکی کەلاوڕێزی هیوا و هومێد بە داهاتوو گەرم و روناک، تۆفان هەڵایسێنن و هەورە رەشەی نەزانی وزوڵم و فریو لەبەرچاوی هەتاوی تین وشۆر وەلابەرن و لەشی شەکەت وبۆ تینی مرۆڤی زۆر لێکرا و بژێننەوە.

بەڵێ ئێمەش دەبێ بڕۆین. بڕۆین تا لە مردن نەیەین. دەبێ بە لەز* وبەز بین کە بەهار نەوەستاوە. بەهار دەڕوا کاروانی نوور بەرە و جێژوانی گەورە بەخێرایی تێدەپەڕێ. مەنزڵ کۆبوونەوەیەکی زۆر گەورەیە. هەموو رەنگ وشکڵ و رەگەز و زمانێک تەنیا پێویستی بە فەرهەنگێک هەیە ....

نا ..نا فەرهەنگیشی ناوێ لەوێ دڵ یەکن. یەکیان دەوێ یەکێک دەبینن و بە هەموان یەکن.

نانا فەرهەنگیشی ناوێ ...
لەوێ دڵ یەکن
یەکێکیان دەوێ
یەکێک دەبینن
بەهەموان یەکن

خواتان لەگەڵ

"دەستەی نووسەرانی سروە"



سلام برشما ادیبان وادبدوستان سلام برشما هنرمندان وهنردوستان سلام برشما مردم خوب، مردم، خوب وشریفی که بااظهار صمیمیت، دوستی،پشتیبانی وهمدلی عزممان را حزم‌تروبا قدرشناسی وارجگذاری به حرکت شکوهمندی که اکنون سرود تا با ایستادن برپایش وبازکردن جایش درنقطه نقطه ازخاک پاک کردستان طراوت، جوانی و زیبائیش را بنمایش بگذارده نشان دادید که براستی پشتیبانی بزرگ و تکیه گاه محکمی برای تجدید نیرو و روحیه‌اید. نامه‌ها وپیامهای سراسر لطف شما نه عادی هستند که به یك تشکر بسنده کنیم ونه عجیبند که ازآن متعجب شویم. نه! بهتراست بگوئیم هم عجیبند وهم عادی.آری وقتی که به‌این مقطع از تاریخ بطور انفصالی می‌نگریم و به تاثیر آن در جهت نقش و شکل دادن آینده‌ای روشن برای کرد (مثل همهء انسانهای دیگر) نگاه نکنیم این استقبال عجیب می‌نماید،اما آنگاه که این مقطع را بنیان مقاطعی بمراتب درخشانتر وشالودهء ساختار نوینی از نظام ارزشی اجتماعی ببینیم درمی‌یابیم که این میل باطنی که باسرشت پاك و " جاودانه جوی" همرنگ است هیچ عجبی را همراه ندارد. هر چند که این بحث را جای دگر باید و پرداختی معیوب وعرصه‌ای محدودش نشاید،امااز باب فهم تکلیف این پرسش را روا و انتظار پاسخش را بجا میدانیم وآن اینکه با لاخره در برابر اینهمه اظهارمحبت چه باید کرد ؟ ....

سخن باشما

دوستان! اکنون آخرین شماره از سروهء سه ساله را تقدیم نموده‌ایم تادراین زمستان سرد گرمابخش کانون پرمهر وعاطفه خانواده‌ها وهمدم و همزبان

تنهایان باشد.

امیدواریم چنانکه خزان را پشت سرنهادید، زمستان تلخ مشکلات ورنجها را نیز پشت سربگذارید. ازخدای خواهانیم تادربهار طراوت، در اعطای زیبایی و آرامش زندگی به شما وهمه بشریت مظلوم ومحرومی که در زیر یوغ استعمار و حاکمیت ظلمت بار، سرد و زمستانی استکبار جهانی شکن برروی دارند، تعجیل فرماید.

دوستان عزیز! چنانکه بهار سبزی وخرمی وحاکمیت صفا وصمیمیت در دشت وکوه و جنگل ودریا نزدیك است تا طلوع صبح روشنی ورهایی وبهار زندگی مستضعفین ومظلومین ازپس یلدا شب تاریخ سیاه حکومت جباران وزورمداران شرق وغرب وقتی دیگر نمانده است!

گوش بسپار!

آیا صدای گستن زنجیر اسارت وبردگی محرومان رانمی شنوی؟

آیا صدای فروریختن کاخهای سیاه ظلم وتجاوز که خشت خونینش ،پیکر نیمه جان بشریت ستمکشیده است بگوش نمیرسد؟

آیا نعره‌ء مرگ دیو پلید استعمار وزوزه‌ء عفریت اهریمن استثمار وناله‌ء ذلت بارپیر استکبا-ر را که با آوای خوش چاوش کاروان نور درهم آمیخته ،گوش جانت را نمی‌نوازند؟

آری که دوام ملك با کفر هر چند، اما باظلم هرگز!

> **با این امید که درآینده‌ای بس روشنتر ودرخشانتر بتوانیم همراه با مردم سرزمینهای دورو نزدیك با تکیه براعتقاد رهائی سازو وحدت بخش الهی از گلزار صمیمیت وصلح وصفا، لاله‌ء سرور چینیم، واز چشمه سار رحمت خدا، زلال محبت وشهد عشق نوشیم.**

عزیزان با این امید که در آینده‌ای بس روشنترو درخشانتر بتوانیم همراه با مردم سرزمینهای دورونزدیك باتکیه براعتقاد رهائی ساز و وحدت بخش الهی، از گلزار صمیمیت و صلح وصفا، لاله‌ء سرورچینیم واز چشمه سار رحمت خدا، زلال محبت، وشهد عشق نوشیم وتاتطهیر در جاری بندگی مطلق وانحصاری خالق سبحان "ازهر عیب وزشتی پاك گردیم، یك نکته بسیار مهم را یادآور میشویم وآن اینکه اصولا" وجود اضداد در کل حیات همچنانکه در شناخت ومعرفت امری ضروری است ، برای نظام ارزشی رکنی اساسی محسوب میشود. آری اگر زشتی مفهومی نداشته باشد زیبایی چگونه درك میشود؟ وحسن بی قبح چگونه حس میگردد؟ این تفاوتها در عرصه‌ء مسائل اجتماعی وجهت گیریهای مختلف زندگی نقش مهمی را ایفا میکنند. خالق هستی نیز بگونه‌ای برنامه‌ء خلقت را تنظیم کرده است که بی عسریسری حواله نکند و بدینسان شرط ملاقات بهار زیبا وجذاب وسرورآفرین زندگی طی زمستان سرد وخشن مشکلات رنجها، دردها ومصیبتهاست. این مشکلات وبلاها هستند که آدمی رابه میدان مبارزه برای پیروزی ویاتسلیم ذلت بار میخوانند. اکنون آنانکه طالب وصال بهارآزادی ورهائیند باید با سرمای زمستان حاکمیت استکبار بستیزند، بامشکلات در آویزند، استقامت بخرج دهند وباقلبی سرشار ازامید به، آینده‌ای گرم و روشن، طوفانی بپا کنند وابرهای تیره‌ء جهل ستم وفریب را ازآستان خورشید گرمی وشور بزدایند و کالبد خسته وبی روح بشریت ستمکشیده را جانی دوباره بخشند.

آری ماهم باید برویم.برویم تامرده نمانیم.عجله باید کرد که بهار نایستاده‌است.بهاردر حرکت است.قافله‌ء نور بسوی میعادی بزرگ شتابان است. اجتماعی بس بزرگ خواهد بود باهمه رنگها ،شکلها، نژادها زبانها ،آنجا فقط به یك فرهنگ لغت نیازاست .....

نه فرهنگ نیز نمیخواهد.آنجا دلها یکی است. آنها یکی میخواهند ،آنجا یکی می بینند آنها یکی هستند........

معراج

عەبدولحەمید حیرەت سەجادی

کەعبە (بیت اللّـه) بە مانای بـەرزە ، جا ئەو بەرزیەش لەبەر ئەوەیە کە لە زەوی بەرزترە ویا لە حاست مەقام گەورەتـرە ."غیاث اللغات"

کەعبە چەند ناوی هەیە . وەکوو: قبلە (نصاب) بنیە ، ذات الورع ، بیت اللّـه ، بیت الحرام، بیت العتیق .

بەو هۆیە کە مالی بەیت چوار گۆشەیە پێی دەلێن کەعبە . ولەتەفسیردا وەجهی تەسمیەی لەبەر چوارگۆشە بوونیەتی کە بەرامبەر بە "بیت المعور" لە ئاسمانە و ئەویش خۆی چوارگۆشەیە کە بەرانبەر بە عەرشـە کە ئەویش هەر چوارگۆشەیە .

"تاریخ یعقوبی جلد ١، ل ٤١٧ و ٤٢٣ و تاریخ طبری و تاریخ الامم الملوک"

خوای گەورە دەفەرموێ:هەوەلین مالێک کە بۆ ئینسان دانرا ،ئەو مالەموبارەکەیە لە مەکە، کە بۆتە هۆی هیدایەتی بەشەر. ودەوێشدا ئایاتێکی روون و مەقامی ئیبراهیم (د.خ) هەیە کە هەرکەس بچێتە ئەو مەقامە ئەمینە .

(قورئانی پیرۆز ، سوورەی آل عمران ئایەی ٩٦) .

دەگێڕنەوە کە خودای تەعالا پەری، یەکی نارد بۆلای حەزرەتی ئادەم و سنـوورو جێگەی ئەو مالەی نیشان دا .

کەعبە هەوەلین خانوویە -کە کە لەسەر زەوی دامەزرا. "ابن عباس"دەلێ حەزرەتی ئادەم هەوەل کەسێک بوو کە ئەو مالەی ساز کردو نوێژی تێدا کرد .

دەلێن ئادەم (د.خ)نەقشەی "مسجد الحرام"ی لە رووی ، نیسێی هەورێک کە لەو جێگە دیار بوو کێشا .وئەونیسێ یە هەتا تەواو بوونی ستوونەکان درێژەی هەبوو . خودای گەورە لەوبارەوە دەفەرموێ "وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ الْبَيْتِ"

واتە: وەختێک کە ئێمە مالێ بەیت مان بەئیبراهیم نیشان دا . پێویستە بزانین کوڕانی ئادەم هەر لەوجێگە ستوونی ئەو مالەیان دانابوو .

دوای ئەوە حەزرەتی جبرەئیل ئەوی بردە "منێ" و نەقشەی مزگەوتی "منێ"ی کێشا . ئەوجار چوون بۆ عەرەفات وجبرەئیل پێی گوت لەوەختی خۆرئاوادا حەوت جار بە گوناهی خۆی ئیعتیراف بکا، و هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو مەکانە بە "عەرەفات" یا جێگەی ئیعتیراف ناسراوە .

دوای ئەوە گەیشتنە "جمع" ولەوێ نوێژی شێوان ونوێژی خەوتنانیان بە "جمع" کرد ودەستووری پێ درا هەتا بەیانی لەخاکی "جمع"دا بمێنێتەوە وبەیانی بچێتە سەرکێوی "مشعر الحرام"ولەوێ ددان بەتاوانی خوێدا بێنێ ولە خودای خۆی بپاڕێتەوە .

وئێستا ئەنجامی ئەوکارە لەسەر ئەولادانی وی سوننەتە دەلێن وەختێک ئادەم (د.خ) مالێ بەیتی تەواو کرد وویستی حەج بکا ،گەیشتە

"منیٰ وعَرفە" ولەگەڕانەوەدا مەلایکە ئەویان لە "ابطع" دێ وپێیان گوت :ئەی ئادەم زیارەت قەبووڵ،بەڵام ئێمە هەزار ساڵ لەمەوبەر مەراسمی حەجمان بەجێ هێناوە . (اخبار مکە ص ٧ – ١٠)

لە "مجاهد"دەگێڕنەوە کە لەو وەختەوە کە ئادەم هاتۆتە سەر زەوی کەعبە بۆ هەموو ئۆمەت و نەتەوەیەک گرینگ وجێگەی ڕێز بووە .

"نوح"یش (د.خ) پێش تۆفان ئەو جێگەی زیارەتکردووە .

مسجدالحرام :

"مسجدالحرام"کەپازدەجار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە لە دەوری ماڵێ بەیت دروست کراوە وگەلێک خانووی تریش لەماڵێ بەیت نزیک ببوونەوە کە حەزرەتی عومەر (رض) ئەو ماڵانەی کڕی وکردی بەحەساری ماڵێ بەیت .

حەزرەتی عوسمانیش بەنۆبەی خۆی چەند ماڵێکی بۆ ئەو مەنزوورە کڕی .

"ابن زبێر" بەدانانی چەند ستوون لەبەردی مەڕمەڕ نومای ماڵێ بەیتی جوانتر و رازاوەتر کرد.. "عبدالملک بن مروان" دیوارەکانی بڵیند کرد "حجاج بن یوسف" بە دەستووری وی بە پەردەی ئاوریشم ئەوێی رازاندەوە

دەڵێن هەوەڵ کەسێک کە ماڵێ بەیتی بە پەردە داپۆشی "اسعدابوکرب حمیری" خەڵکی یەمەن بوو .

"ولیدبن عبدالملک"پلووسک وبەری میچی کەعبەی لە زێڕ دروست کرد .

کەسانی تریش وەکوو : منصور ،مهدی،هادی، معتضد ، معتمد ، لەخەلیفەکانی عەبباسی ،و "سیف الدین ظاهری" و "ملک اشرف قبا تبای" (نێودارترین سەلاتینی برجی) وبەتایبەت سەلاتینی عوسمانی هەرکام لە وەختی خۆیاندا بۆ باشتر رازاندنەوەی "مسجدالحرام" تێکۆشاون .

سعوودی یەکان لە ساڵی ١٣٧٥ هـ.ق نێزیکەی ٨٠٠ میلیۆن ریاڵی سعوودییان لە ئاوەدانی و تەعمیراتی "مسجدالحرام" خەرج کرد ، و ئێستا پێوانەی "مسجدالحرام" لە ٢٧ هەزار میتری مورەبەع گەیشتۆتە ١٨٠ هەزارمێتری مورەبەع . و ئەو خانووە مەبارەکە ٦٢ دەرکی گچکە و مەزنی هەیە کە نێوی سێ دەرگای لە هەموان گەورەترە بریتین لە : باب الملک عبدالعزیز – باب العمرة باب السلام . هەرکام لەوسێ دەرگایانە دوو منارەی بڵیندیان لەسەرە کەبەرزایی یان دەگاتە ٩٢ گەز و پایەکەشی (٧ گەز × ٧ گەز)ە و لەسەر هەرمنارە هیلالێک بە بەرزایی ٥/٦ هەیە کە بە زێڕی خالیس ڕوکێش کراوە حەوتەمین منارە لەسەر "باب الصفا"یە کە لە تەنیشت وی گومبەزێک بە قوتری ٣٥ گەز و لەسەر ئەو گومبەزەش هیلالێک لەروکەشی زێڕی دانراوە .

لە ئاکامی ئەو ئاڵ و گۆڕە "مسجدالحرام" ئێستا جێگەی ٥٠٠ هەزار نوێژکەر دەبێ . (گۆڤاری دەوڵەتی عەرەبستانی سعوودی ساڵی ١٣٩٨ مانگی)

مسجدالاقصی :

"مسجدالاقصی" دووهەمین مزگەوتی سەر زەوی یە کە چل ساڵ دوای "مسجدالحرام" دروست کراوە . حەزرەتی داوود (د.خ) ساز کردنی ئەو مزگەوتەی دەست پێکرد و حەزرەتی سولەیمان (د.خ) ئەوێی بۆ عیبادەت تەواو کرد .ئەو مزگەوتە بەدرێژایی مێژوو چەندجار رووخاوە و دروست کراوەتەوە . بۆ وێنە لە زەمانی "عبدالملک بن مروان)

ماوەیەک ئەم مزگەوتە رووگەی موسوڵمانان بوو ، لە پاشان رووگە بۆلای کەعبە گۆڕا .

"مسجدالاقصی" کە لە مزگەوتی عومەر (د.خ) کۆنترە کلیسایەک بووە کە "ژۆستینین" ئیمپڕاتووری رۆم بە نێوی حەزرەتی مریەمی دروست کردووە و حەزرەتی عومەر ئەوێی تێک دا و کردی بە مزگەوت .

ئەو مەعبەدە جارێک لە ساڵی ٥٨٥ زایینی بوولەرزە، تێکی دا ودیسان لەنوێ دروستکراوە. دەتوانین بڵێین هەتا بەجۆرەی مزگەو- تی ئەورۆی لێ هاتووە، ئاڵ وگۆڕێکی زۆری بەسەرداهاتووە

لەساڵی ٥٨٣ مانگی "صلاح الدین ایوبی" لەسەرڕا سازی کردەوە، ولە سەدەی نۆهەمی کۆچی دا بەشێکی تری لێ زیادکرا. (تلخیص له تمدن اسلام وعرب).

ئایەی "اسراء" لە جێگەیەک نازل بوو کەئێستا لەبەینی دیوارەکانی حەرەمی شەریف لەقودسە و خودای گەورە ئەو مەکانەی بۆ عیبادەتی عەبدانی خۆی دانا. لە ئایەتەکەدا تەنیا نێوی مزگەوتەکە هاتووە و باسی عیمارەتی "مسجدا لاقصی" ومزگەوتی "صخره" یا عیمارەتەکانی تر نەکراوە.

خەلیفەی دووەم وەختێک لە ساڵی ١٥ی کۆچی قودسی گرت وهاتە وێ لە "کعب الاخبار"ی پرسی: جێگەی مزگەوتکوێیە؟ کەعب گوتی: ئەوی لە پشتی "صخره" دروست بکە. حەزرەتی عومەر (د.خ) گوتی ئەی کەعب تۆ ئەوت بەرانبەر بەیەهوود دانا. هەر لەو جێگەیەی دادەنێن کە ئەورۆ بەمزگە- وتی عومەر ناسراوە. دوای ئەوە بە شاقەلی عەبایەکەی خۆڵی لە "صخرة" کەهەڵدەگرت و دەیهێنا ئەو جێگایە. موسوڵمانانیش لەو کارەدا یاریدەیان دەدا.

"عبدالملک بن مروان" دوو مزگەوتی بەنێوی "مسجد الاقصی" و "مسجدصخره" دروست کرد وئەورۆ "مسجدالاقصی" بە تەواوی ئەو بەشانە دەڵێن کە حەسار وبورج و بارووی تێدایە. وەهەمان مەکانێکە کە وەختی "اسراء" و"معراج" مەشهوور بووە.

(کتێبی بیت المقدس لەئیسلام تالیفی ئەحمەد مەحموود وەرگێڕاوی عەلی منتظمی)

بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ
سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ. (سوورەی اسری ئایەی ١)

واتە: پاکی و مونەزەهی شیاوی ئەو کەسەیە کە بەشەو عەبدی خۆی لە "مسجدالحرام" را بردە "مسجدالاقصی"، مزگە- وتێک کە دەورانەدەوری ویمان بەرەکەت دا تا ئایاتی خۆمانی نیشان بدەین، بێ گومان ئەو دەبیسێ ودەبینێ.

بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ
وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى. وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى، إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى، ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَى. وَهُوَ بِالْأُفُقِ الْأَعْلَى ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى، فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى، فَأَوْحَى إِلَى عَبْدِهِ مَا أَوْحَى مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى، أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى مَا يَرَى وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى. عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى، عِنْدَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَى، مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى.
(سوورەی نجم، ئایەی ١ تا ١٨).

واتە: سوێند بەئەستێرە وەختێک دێتەخوارەوە، خاوەنی ئێوە (محمد) رێگەی ون نەکردووە و رێگەی خواری نەگرتووە، وبەهەوای نەفس قسەی نەکردووە، (ئەو قورئانە).

لە غەیری وەحی خودا شتێکی تر نیە. جبرەئیل هەمان فرشتەی توانا عیلمی فێر کرد. هەمان مەلیکی توانا بە خلقەتی کامیل **بەرەسووڵی** نواند، پێغەمبەرێک کە لە بەرزترین ئاسۆی کەماڵدا بوو. لە پێغەمبەر نیزیک و نیزیکتر بووە، بە مەودای دووکەوان یا نزیکتر، جا وەحی بۆ عەبدی خودا هێنا ئەو شتەی کە وەحی پێکرا بوو، ئەو شتەی کە دیتی بەبێ وەهم و خیاڵ بەراستی زانی. ئایا ئەو شتەی پێغەمبەر لەشەوی میعراجدا دیتی (کافران) ئینکاری دەکەن. بێ گومان جارێکی تریش (محمد) ئەوی

(جبرەئیل) دی ، نێزیک "سدرەالمنتهی" کە نێزیکی ئەو بەهەشتە (جێگەی پاکان) و کاتێک "سدرە"ی داپۆشی کە ئەحەدێک ئاگای لێ نیە چاوی وی (محمد) ئەو حەقیقە ـتە کە دەبوو بی بینێ بێ کەم وزیاد دیتی. بێ گومان لەو شوێنە بەشێک لە گەورەترین ئایاتی ئیلاهی دی .

إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ، ذِي قُوَّةٍ عِنْدَ ذِي الْعَرْشِ مُطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ . وَمَا صَاحِبُكُمْ بِمَجْنُونٍ وَلَقَدْ رَآهُ بِالْأُفُقِ الْمُبِينِ .

(سوورەی تکویر، ئایەی ١٩ تا ٢٣) .

واتە: بەڕاستی ئەوە وتارەی رەسوولی خاوەن کەرەمی خوایە . توانا ومەقام پێدرا و لەلایەن خاوەن عەرش فەرمانڕەوای مەلائیک و ئەمانەتدارە . یاری ئێوە شێت نیە (ئەو) جبرەئیلی لە ئاسۆی روون دی .

"وتارێک لەبارەی میعراج کە لەشی کرنەوە و کتێبی باوەڕپێکراوی ئیلاهیدا هاتوون"

هێندێک پێیان وایە کە مێعراج دەخەودا بووە نە بێداری، ئەو رایەش بە پێچەوانەی ئەخباری دروستە .

راستئەوەیە کە حەزرەت بە وشیاری و بێداری چۆتە مێعراج ، بە شەو لە "مسجد الحرام" بۆ "مسجدالاقصی" ولە (مسجدالاقصی" بۆ ئاسمانی دنیا ولە ئاسمانی دنیا بۆ "سدرةالمنتهی" تا ئەو جێگە کە خودای تەعالا فەرمووی :

فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى ."

وئەگەر میعراج بە خەو با نەدەبوو بەموعجیزە بۆ پێغەمبەر (ص)، ونە دەلیلێکی روون دەبوو بۆ کافران ، چون لە خەودا زۆر کەس شتی وەکوو قیامەت وزیندوو بوونەوە، وبەهەشت و ...... دەبینن . هەرچەند لە لایەکی ترەوە کافران دەیانگوت لە مەکە بۆ " بیت المقدس" چوون و گەرانەوە چل ڕۆژان دەخایێنێ ، چۆن ئەو دەڵێ بە شەوێک چووم و گەرامەوە و ئەگەر گوتبای ئەو سەفەرەم ، بە خەون دیتووە ئینکاریان نەدەکرد، دەلیلێکی دیکە ئەوەیە کە خودای تەعالا ئیشارە بە قودرەتی خوی دەکا کە عەبدی خوی لە مەکەوە بردە "بیت المقدس" (کورتکراوە لەکشف الاسرار)

میعراج بە مانای پلەکانە و لە قورئاندا لە سوورەی ٨١ ئایەی ١٩ تا ٢٥ وسوورەی ٥٣ ئایەی ١ تا ١٢ باسی ناردراوێکی ئاسمانی بۆ لای "محمّد"، دەکا و لە رووداوێکی ئاسمانی دەدوێ کە لە دوور بۆ لای دێت بەبی ئەوە گوتبێتی کە خۆی سعوودی کردووە بۆ ئاسمان . تەنیا لە سوورەی ١٧ ئایەی یەک ئیشارەی بەوە کردووە .

تەواوی عولەمای ئیسلام رایان لەسەر ئەوەیە کە مەنزووری لەعەبدی خۆی هەمان محەممەدە و مەنزوور لە "مسجدالحرام" هەمان کەعبەی موسولمانان لە مەکەیە ، و "مسجدالاقصی" مزگەوتێکە کە ئێستا لە "بیت المقدّس"ە .

هێندێک گوتوویانە مەنزووری "محەممەد"(ص) لە " مسجدالاقصی" دوورترین نوختەی ئاسمان بووە کە لە بەرزترین لایەکانی ئاسمان هەڵکەوتووە و جێگەی ئەو مەلایکانەیە کە خەریکی زیکری خودان (دائرةالمعارف اسلامی)

هێندێک دەڵێن پێغەمبەر (د.خ) ئەوەی بەخەون دیت . هێندێکیش دەڵێن خەوالوو بووە (بەینی خەووبێداری) وهێندێکی تر دەڵێن بەتەواوی بێدار و وشیار بووە .

میعراج لێرەڕا دەست پێدەکرێ کە پێغەمبەر (ص) لە "مسجدالحرام"دابوو . کاتێک لە شەو تێپەڕ بوو کە جبرەئیل (د.خ) بە بوراقەوە دێتە بەر دەرگای مزگەوت و بانگی پێغەمبەر دەکا

پێغەمبەر (ص) دەنگی جبرەئیل دەناسێ ودێتەدەر . دەبینێ

برۆانە لاپەڕەی ٦١

ژیان بێ وچان لە ئاڵ و گۆڕ دایە و ئادەمیزاد بێ پشوودان بەرەوپێش خۆ دەکوتێ. لە سایەی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی‌یەوە مرۆڤ بەرەوناخی فەزا تێکشاوە و هەنگاوی ناوەتە سەر کورەی مانگ .ئەو پێشکەوتنە بە هۆی ئەو هەموو ئیختیراعەوە کە سات بە سات پێشکەشی کۆمەڵگای ئینسان دەکرێ،ئاهەنگی بە تەوژم و بەهێزتر و رۆژ لە رۆژێ هەنگاوی خۆشتر دەبێ

لەنێو هەموو هۆیەکانی ئەم پێشکەوتنەدا ، دۆزینەوەی مانای ئەو دەنگە پێکەوە دەست بەکار دەبن .بۆ شی کردنەوەی ئەم ڕەوەندە پرسیارێک دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە ."**سێوچیە؟** سێو! بۆ وڵامدانەوە نیازمان بە بیرکردنەوە، لێکدانەوە ولێک جیاکردنەوە هەیە .

١- هێزی بیرکردنەوە تایبەتی یەکانی سێومان وەبیر دێنێتەوە .

٢- لێکدانەوە پێمان دەڵێ سێو چیە .

٣- لێک جیاکردنەوەش یارمەتیمان دەدا سێو



باسی ئەدەبی

لە شتی دیکە جیا بکەینەوە .

کاتێک ئەم هێزانە کاری خۆیان کرد دەتوانین وڵامی پرسیارەکە بدەینەوە.بەمجۆرە روون دەبێتەوە کە زبان سیستمێکی زۆرتێکەوە پێچراوە وگرینگترین بەهرەیەکە دراوە بە ئینسان .

بێگومان زمان گرینگترین هۆیە . بۆیە سنۆوت* گەیاندنی ئەم قسە ئەوەندە بەسە کە وای دانێین بەشەر زمانی نەبوایە؟ ئەودەم ئاخۆ ژیان چۆن دەبوو ؟!

زمان چیە ؟

زمان پێش هەموو شتێک یانی پێوەندی بە هۆی دەنگەوە و لەسەریەک بەو بەشە لە رەفتاری ئادەمیزاد دەگوترێ کەلە چوارچێوەی تێگەیشتن و تێگەیاندندا لە دەنگ کەلک وەردەگرێ .زبان دەبێتە هۆی جیاوازی ئینسان و جانەوەر. هەر بەو هۆیەشەوە گوتوویانە : " ئینسان جانەوەرێکە کە دەتوانێ قسە بکا .

من ئەو رستەیەی ئاوا تەواو دەکەم کە ئینسان جانەوەرێکە کە دەتوانێ قسە بکا و بیر بکاتەوە ." ئەو وتەیە بەتەواوی دروستەو قسەی تێ ناچێ . چونکە زمان بۆخۆی بەتەنیا- یی دیاردە*یەکی سەربەخۆ نیە . پێش ئاخاوتن هەمیشە بیرکردنەوە دەگۆڕی دایەوهەردووکیان وێکڕا وەکار دەکەون تا پێوەندی بەرقەراربێ بیرکردنەوە خۆی تێکەڵاوێکە لە هەست و بیرەوەری و لێکدانەوە . وەختێک دەنگێک دەبیسین تەواوی ئەم هێزانە بۆ ناسین و

بەسەرهاتی زمان

هێندێک زمانناسلایان وایەکەس **نازانێ ئادەمیزاد کەنگێ و لە کوێ قسەکردنی دەست پێکردووە** . بە بڕوای جەماوەرێک لە زانایان **سەرچاوەی قسەکردن دەگەڕێتەوە ئەوزەمانەی کەئینسان توانیویەتی بە دەست و باقی ئەندامەکانی حاڵەتی تایبەتی بگرێ و بیەوێ شتێکی رابگەیەنێ** . هەرچۆنێک بووبێ،ئاشکرایە کە ئەم رووداوە گرینگە شتێکی تەسادوفی نەبووە و زمان تا گەیوەتە ئەمرۆ بەزۆر بار و دۆخی تایبەتیدا تێپەڕیوە وگەشەی کردووە. هەل ومەرجی **کۆمەڵایەتی ـ جوغرافیایی و کۆمەڵایەتی ـ ئابووری** ئاڵ وگۆڕی بنەرەتی لە رەوەندی تەکامولی زماندا پێک هێناوە .ئەم وشانەی ئەمرۆ هەمانە لە کۆنەوە هەر ئاوا نەبوون .ژیان وڕابردووی تاڵیان بەسەردا

تێپەریوە . لە درێژایی ژیاندا تێک شکاون ، سواون ، گۆڕاون وجاری وایەوەها گۆڕاون کە بەجارێک لەناو چوون و فەراموٚش کراون .

شەڕوکۆچ وپێوەندی بازرگانی و فەرهەنگی زۆریان کار کردۆتە سەر زبانەکان .

زبان ناسی پسپۆر دەزانێ کە لەگەڵ پەل هاویشتن و بنەگربوونی ئیمپەڕاتۆری یەکاندا زبانێکی گشتی بە شێوەیەکی ڕەسمی دەکار کراوە . لەسەر ئەوەش ڕا لەهجە ناوچەیی یەکان درێژەیان بە ژیان داوە و هێندێکیان وردە وردە بوونە زبانێکی تەواو تەڕو پاراو . ئەمرۆ نزیکەی ٢٠٠٠زبان و سەتان لەهجە لە سەرانسەری دنیادا هەن .

بۆ ریشە وبنچینەی زمانەکان زمان ناسی قەڕنی نۆزدە بەهەڵکەوت تووشی خزمایەتی و وێکچوونێکی زۆر لەنێوان زمانە ئورووپایی و ئاسیایی یەکاندا بوون . ئەم رووداوە بووبە هۆیەک کە سەرگوزیشتەی زمانەکان تا بنەبانی مێژوو بکەوێتە ژێر باس ولێکۆڵینەوەونەخشەی زمانە هێندو ئورووپایی یەکان بکێشرێتەوە .

بەڵام بێجگە لەوانە زمانگەلێکی دیکەش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئەمریکای جەنووبیدا هەن کە لەو نەخشەدا دیاری نەکراون.

باوەڕی جۆراوجۆر لەسەر پەرەسەندنی وتار

بیروڕای زمان ناسانی کۆمەڵناس دەکرێتە چوار بەش کە بریتین لە :

١- **فەڕزیەی تەقلید :** بەپێی ئەم بیروڕایە وتار یا قسەکردن بەمجۆرە پەیدا بووە کە ئینسان لاسای دەنگی جانەوەرودەنگی شتی دیکە کە لە سروشتدا هەن کردۆتەوە وبەرە ، بەرە زمان پەیدا بووە . وەک دەنگی سەگ ومەل وچۆم و تافگە و شتی دیکە .

٢- **فەڕزیەی ڕیتم* و ئاهەنگ**

بەپێی ئەم بیروڕایە ئادەمیزاد هەر لە سەرەتاوە خاوەنی دەنگی بە ئاهەنگ بووەوبەو دەنگەوە پێوەندی لەگەڵ دنیادا کە ئەویش خاوەنی ئاهەنگ وڕیتمە ، گرتووە . ئەو دەنگە بەئاهەنگە سەرچاوەی زمان وقسەکردنە کە لە درێژایی مێژوودا گەشەی کردووە و دابەش ، دابەش بووە :

(2)



٣- **فەڕزیەی هەست وئیحساس :**

ئەم بیروڕایە هەرچەشنە وتە و قسە و دەنگێک دەداتە پاڵ ئێش وئۆف وترس وشادی و سەرسوڕمان و شتی دیکە .

تەنانەت ئەمڕۆش بۆ هەریەک لەو حاڵەتە عاتیفی یانە (ترس ،شادی و....) دەنگێکی تایبەتی هەیە کە بەپێی ئەم بیروڕایە سەرچاوەی هەموو چەشنە وتارێکە .

٤- **فەڕزیەی جووڵانەوە وبزووتنەوە :**

بەپێی ئەم بیروڕایە ، یەکەمجار ئادەمیزاد بە ئیشارە و جووڵاندنەوەی سەر و دەست پێوەندی یان بەیەکەوە گرتووە . ئەم زمانە سروشتی وزاتی بووە وئێمەش ئەمڕۆ کاتێک بانگی کەسێک دەکەین یا دەمانەوێ لەگەڵ کەسێک کە زمانی نازانین قسە بکەین لەزمانی ئیشارە ودەست وپەل هەڵتەکاندن کەڵک وەردەگرین .بەپێی ئەم فەڕزیەتەکان وجووڵەی دەست هەمیشە لەگەڵ بزاوتنی زمان و شەوێلکە هاورێ بووە وبە مرووری زەمان دەنگی زار و زمان جێگەی جووڵانەوە وبزوتنەوەی دەستی گرتۆتەوە و **بەمجۆرە لە "زمانی عەلامەت و ئیشارە"ڕا** گەیشتوونە "زمانی دەنگ وقسەکردن"

سەرهەڵدانی خەت

ئینسانی سەرەتایی کە لە ۴۵۰۰۰ ساڵی پێش لەدایک بوونی عیسا لەسەر زەوی ژیاوە، فکرو بیروڕای خۆی لەسەر تاشە بەرد و دیواری ئەشکەوتاندا دەکێشاوە (شکل کێشان) ئەمرۆ نەخشی گا و ئەسپی سەردەمی سەهۆڵبەندان لە ئەشکەوتەکانی **ئاڵتامیرا** و ئەسپانیا ولیسکۆی فەرانسەدا هەرماون وپاش دەست کردن بەوشکڵ کێشانە بوو کە سەرئەنجام نووسین لە ماوەی چەند هەزار ساڵ ڕەواجی پەیدا کرد و پوختە بوو.


لە ماوەی ۲۰ هەزار تا ۶۵۰۰ ساڵی پێش لە دایک بوونی عیسا نووسین تەنیا بریتی بوو لەو نەخش وعەلامەتانەی کە ئینسان لەسەربەرد و ئێسک هەڵیدەکەندن. هەر لەم ناوەدابووکە ئەم نەخش ونیگارانە بوونە عەلامەتی دەنگ و هەرکامەی فکرو ئیدەیەکی مانا دەکردەوە (فکر نووسین).

شکڵی (۲) نیشان دەدا چلۆن عەلامەتەکان کە هەریەکەی لەسەرەتادا شکڵی شتێک بوون گۆڕدران و بوونە نیشانە وعەلامەتی تایبەتی.

یەکەم زمان کەنووسراوەتەوە **زمانی سۆمێری** بوو. هەرچەند ئەلف بێتکەشی نەبوو. بۆ نووسینی ئەم زمانە کەلە ۳۵۰۰ی پێش میلاددا ڕەواجی بوو بە شکڵی سادە دەکار دەکرا وهەر شکڵەی ئەفسانە ونەزیلە وباسێکی میعماری یا ریازی نیشان دەدا. وڵاتی سۆمێر بەشێکی چکۆڵەی بەینونەهرێن بوو کە دەکەوێتە سەر خلیجی فارسی ئێستا. نموونەیەک لە نووسراوەی سۆمێری لە عێراقدا دۆزراوەتەوە. نیشانەو شکڵ گەلێک کە لەسەر قوڕ کێشراونەوە نیشان دەدا.

لە وڵاتی میسریش "خەتی شکڵی" بە ناوی **هێروگلێف** دەکار دەکرا. لەم خەتەدا هەر نیشانەیەک پێشاندەری واژەیەک، دەنگێک یا بڕگەیەک بوو. زەمانی دەکارکردنی ئەم چەشنە نووسینە دەگەڕێتەوە ۳۰۰۰ ساڵی پێش میلاد کە ۳۰۰۰ سال بەبێ هیچ ئاڵ وگۆڕێک هەر مایەوەو زۆرتر بۆ نووسینی بابەتی پیرۆزی ئایینی و ڕازاندنەوەی ساختومانە مێژوویی یەکان کەلکی لێ وەردەگیرا.

لە چینیش پاشماوەی خەتی چینی لەسەر



The Indo-European Family of Languages, of which English is a member, is descended from a prehistoric language, Proto-Indo-European, spoken in a region that has not yet been identified, possibly in the fifth millennium B.C. The chart shows the principal languages of the family, arranged in a diagrammatic form that displays their genetic relationships and loosely suggests their geographic distribution. The European groups are shown in somewhat fuller detail than the Asian ones, and in the Germanic group, to which English belongs, the intermediate historical phases of the languages are also shown. This Dictionary contains an Appendix listing all of the Indo-European roots underlying English words, beginning on page 1496. Two articles by Professor Calvert Watkins discuss the nature and significance of Indo-European: an introductory article, beginning on page XIX, and a descriptive exposition at the beginning of the Appendix. There is a chart of the principal Indo-European sound correspondences opposite this page.

ئێسک وقاپێلکە کیسەڵان لە دەرەی چۆمی زەردا کە تەمەنیان دەگاتە ١٥٠٠ ساڵ دۆزراوەتەوە.

زۆربەی ئەم عەلامەتە سەرەتاییانە شکڵ گەلێک بوون کە ناسینەوەیان زۆر ئاسان بوو. مەسەلەن بۆ رۆژ جەغزێکیان دەکێشاوە کە خەتێکی تێدا بوو. بۆ مانگیش شکڵێکی وەک دمەداسیان دەکار دەهێنا.



(4)





ئەلف بێتکە

یەکەم جار ئەلف وبێ لە بەینونەهرەین (عێراقی ئەمرۆ) ئیختراع کرا. لە ساڵی ١٣٠٠ ی پێش میلاد لە بەندەری بازرگانی ئۆگاریت (رەئس شەمرەی ئەمرۆ) لە سنووری دەریای سووریادا یەکەم ئەلف وبێی ڕاستی، هاتەدی وپەرەی گرت، لەم ئەلف وبێیەدا هەر پیتەی عەلامەتی دەنگێک بوو وبەپێکەوەلکانی پیتەکان واژەیان دادەڕشت.

ئەو سواڵەتە گڵێنانە کە لە ئۆگاریت بیندراونەوە کاملترین ئەلف بێتکەیان لەسەر نووسراوەتەوە کە لە ٣٢ پیت پێک هاتوون. ئەم ئەلف وبێیە پاش هێندێک ئاڵ وگۆڕ و دەست تێوەردان لە لایەن گەلەکانی هاوسێ وەک عیبری و موبیتەکان وەرگیرا ودەکار هێنرا.

چەند نووسراوە لە قەبرێکدا لە فنیقیە دۆزراونەوە کە دەگەڕێتەوە ساڵی ١١٠٠ ی پێش میلاد. لەم نووسراوانەدا ٢٢ پیت دەکار کراوە و هەر پیتەی پێشاندەری شتێکی بەکەڵکە کەلە ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. مەسەلەن پیتی A لە فنیقیەی قەدیمدا ئەلف یان پێدەگوت کەبە مانای





"گا" بوو. لە سەرەتاوە ئەلف شکڵێکی ئەو جۆرە (ᗉ) بوو کە پێشاندەری شاخی گایە. پاشان یونانی ئەو شکڵەیان وەرگرت سەرو بنیان کرد وپیتی "A" کە ئەمرۆ ئێمەش دەکاری دێنین وەبرەو کەوت. هەرپیتەی کە ئەمرۆ لە ئەلف و بێتکەدا هەیەسەرگوریشتە ـ یەکی، تایبەتی خۆی هەیە. کە لە دیاگرامی (٤) دا چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاو:

ئەم باوەڕە زۆر پتەوە کەئەلف وبێ بەهۆی پێوەندی بازرگانی لەهەزارساڵ پێش میلادەوە، گەیشتە یۆنان ودو شێوەی لێ کەوتەوە. نێزیک بە ساڵی ٤٠٠ی میلاد ئەلف بێتکەی ئیۆنیک کە لە رۆژهەڵاتی یۆناندا پەرەی گرتبوو لە شاری ئاتێن وەرگیرا کە ٢٤ پیتی هەبوو. هەر ئەم ئەلف بێتکەیە بوو کەلە پاشان بوو بە ئەلف

بێتکەی کلاسیکی یۆنان .

لە ڕۆژاوای یۆناندا ئەلف بێتکەیەکی دیکە برەوی پەیدا کرد کە لە لایەن ئەترووسکەنەکا- نەوە لە ئیتالیدا وەرگیرا و بوو بە بنەمای ئەلف بێتکەی **لاتین .**

گرینگی ئەلف بێتکە

پێش ئیختیراعی ئەلف وبێ وەرەواجی نووسین ئەزموون وزانستی ئینسان تەنیا لە ڕێگەی بیرەوەری یەوە لە بەرەیەکەوە دەگەیشتە بەرەی دوایی . زۆربەی ئەم زانست وئەزموونە بەنرخانە بەمردنی خاوەنەکەیان لەناو دەچوون و نەدەمان .

بە پەرەگرتنی نووسین زانست وئاگاداری ئینسان لەسەر بەرد و چێوو چەرم وئاسن ومس و سەرئەنجام لەسەر کاغەزیش وێنەگەری کرا و نووسرانەوە وبەم شێوەیە لە مەترسی تێداچوون رزگاریان هات .

پەرەگرتنی زمان ونووسین ئاڵ و گۆڕێکی گەورەیە لە شارستانەتی بەرەی ئادەمیزاددا . شێوەی پێوەندی ئینسان ئاڵ وگۆڕی گەورەی بەسەر داهات و"**دەورەی پێوەندی دەنگ**"بوو بە "**دەورەی پێوەندی نووسین**" لێکدانەوەی ژێروو جیاوازی یەکانی نێوان ئەم دوو دەورەیەمان بۆ روون دەکاتەوە .

لە"دەورەی پێوەندی دەنگ"دا پێوەندی ئینسان لەگەڵ ئینسان بەبیستن وگوتن بوو .بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە ئینسانەکان لەتەنیشت یەک وبەرامبەر بەیەک بن.لەم پێوەندی یەدا واژە وقسە وڕستە لەزاری وێژەرێک دەردەیەڕی ودەگەیشتە گوێ یەکانی بیسەر.ئەمکارە تەنیا زەمانێک دەلوا ئەنجام بدرێ کە وێژەروبیسەر تەواو لێک نێزیک بان ودەنگی یەگدی یان بیستبایە . دیارە ژمیاری بیسەران لەم سیستیمەدا زۆر کەم بوو.

پاش پەرەگرتنی "نووسین" واژە و بیر و باوەڕی نووسەر لەسەر شتی جۆراوجۆر نەخشی دەبەست ودەکەوتە بەرچاوی خوێنەران . دیارە ئەو سیستمە دەتوانێ لەرادەبەدەر خوێنەری هەبێ .

ئەم دو سیستمە لە دیاگرامی ژێرەوەدا خراونە بەرچاو .

١-"دەورەی پێوەندی دەنگ "

وێژەر	بیسەر
فکر - گوتن	بیستن - فکر

٢- "دەورەی پێوەندی نووسین"

نووسەر	خوێنەر
فکر- نووسین	دیتن - فکر

هەر وەک لێرەدا نیشانماندا وە .سەرهەڵدانی خەت ونووسین ئاڵ وگۆڕێکی گەورەی لە بڵاو بوونەوە و راگوێزرانی فکر و بیرەوەرێ دا هەبووە .

بەرهەمی ئەم ئاڵ وگۆڕە گرینگە لە هەموو لایەنەکانی ژیان تاک و کۆمەڵدا دەبیندرێ . یختراعی خەت ونووسین وەک رووباری پڕئاوی خوڕێن زانست وهونەر وئەزموونی ئادەمیزادی لە تێداچوون رزگار کرد و لە جێگەیەکدا رایگوێزتە شوێنەکانی دیکە .تا ئەو جێگایەی کە دەتوانین بڵێین سیستیمی نووسین وزەبت کردنی فکر وبیرەوەری لە ڕێگەی نووسینەوە هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ پێشەوە کە ئەگەر هەڵنەهاتباوە ئێستا لە تاریکی نەزانیندا پەلەقاژەمان دەکرد.

ئەمرۆ نووسین و خوێندن دەورێکی بەرچا- ویان لە ژیانی رۆژانەماندا هەیە کە بەبێ ئەوان ئاگامان لە شارستانەتی زانست و تیکنۆلۆژی نەدەبوو.



زێوەر



عومەر فارووقی

خوالێخۆشبوو مەلا عەبدوڵڵا یەکێک لە پیاوە هەرە ئازا و زاناکانی گەلی کوردە کە شیعر و پەخشانی ئەو بەتایبەتی شیعری ئایینی و نیشتمانی ئەو شاعیرە گەورە وەکوو ئەستێرەی گەش تیشک دەپرژێنن وچاوی ئەویندارانی گەل وولات روون دەکەنەوە.

زێوەر ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی محەممەد ئەفەندی بووە کە ساڵی ١٢٥٤ی کۆچی هەتاوی لە شاری سولەیمانی لەدایک بووە. زێوەر وەکوو هەموو منداڵانی خوێندەوار رووی کردۆتە حوجرە و مزگەوت و لە کوردستانی پان وبەرین لە خزمەت مەلا گەورە ودەرس بێژە ـکان لە بانە و سەقز و مەهاباد وسەردەشت ورەواندوز خوێندنی خۆی تەواو کردووە و بەسەر زمانی فارسی و عەرەبی وتورکیش دا زاڵ بووە و لە ئاکامدا لە ئەستەنبوڵ ئیجازەی وەرگرتووە و گەراوەتەوە بۆ سولەیمانی و بووە بە ماموستای زمانی تورکی ئەستەنبوڵی لە فێرگەکانی سولەیمانی دا و پاش ٧٣ ساڵ تەمەن لەساڵی ١٣٢٧ی کۆچی هەتاوی دا لە سولەیمانی کۆچی دوایی کردووە وتەرمی پیرۆزیان لە گردی سەیران ناشتووە.

زیوەر شاعێریک بووە بە دین وخۆپارێز ولەخوا ترس ولەگەڵ ئەوەش دا مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر و کوردێکی پەتی وبێ غەل و غەش بووە وهەر لە سەردەمی جووڵانەوە و بزوتنەوەی حەق خوازانەی خوالێخۆشبوومەلیک مەحموودی نەمر، ئەویش باسکی لێ هەڵماڵیوە و لە خزمەتی ئەو بزوتنەوەدا بووە...... دیارە شێخ مەحموودی نەمر حەفیدی حەزرەتی حاجی کاک ئەحمەدی سولەیمانی بووە و زێوەریش وەکوو پیاوێکی ئایینی و شاعیرێکی بەهەست لەو بنەماڵە گەورە ئایینی و نیشتمانی یە جیا نەبۆتەوە.

شوێنەوارەکانی زێوەر بریتین لە:

١ـ دەستەگوڵی لاوان کە سرودی نیشتمانی یە و ساڵی ١٣١٦ی کۆچی هەتاوی چاپ کراوە

٢ـ خێوی ناو مزگەوت چاپی ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی هەتاوی.

٣ـ دیوانی شیعر کە

پاش مردنی خۆی لە ساڵی ١٣٣٧ی (ک.ھ)دا چاپکراوە

٤- گەنجینەی زێوەر کە ساڵی ١٣٤٦ (ک.ھ) بەحەول و تەقەلای مامۆستا محەممەد مەلا کەریم وھاوکاری مەحموود زیوەر بە یارمەتی ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری لاوان لەچاپ دراوە گەنجینەی مەردان لەسەر شیعرێکی شاعیری نەمری ئێران واتە سەعدی شیرازی بەدی ھاتووە کەفەرموویەتی:

شرف مرد بەجور است و
کرامت بەسجود
ھرکە این ھردو ندارد
عدمش بەز وجود

یانی: شکۆی پیاو بە دەست بڵاوی یەتی ومەردایە — تیشی بە خواپەرەستی یەتی. ئەوەی ئەو دوانەی نەبێ تێداچوونی زۆر چاکترە لە زیندوو بوونی.

مامۆستا زێوەر لە سەرەتای گەنجینەی مەردان دا نووسیویەتی: ئەم گەنجینەیە گەنجێ نیە زێڕ و زێوەرو جەواھێراتی تێدابێ بەڵکوو گەنجێکە سەد ھەزار بە قیمەت تر لەھەموو جەواھێراتی تێدا نووسراوە، خەزنەی مەردانە،گەنجی پیاوانە،ئەو پیاوانە کە گوڵی باغی ئینسانی یەت ومەردی بوون.

لە کتێبی زێوەردا بۆ ئەو پیاو ومرۆڤە بەناوبانگە کوردانە باسی تایبەتی دانراوە و وەکوو مرۆڤێکی بەنرخ رێزیان لێ گیراوە.

١- عەشیرەتی جاف (مەحموود پاشا)
٢- تاھیر بەگی جاف.
٣- شێخ مستەفا نەقیب.
٤- شێخ ڕەزا تاڵەبانی.
٥- برایمئاغای خۆبیلە
٦- شێخ مارف قازانقایە.
٧- شێخ مارفی نەقیب.
٨- شێخ عەلی حیسامەدینی نەقشبەندی.
٩- محەممەدئاغای کۆیە.
١٠- قادرسەعید ئەفەندی.
١١- ئەمین زەکی بەگ
١٢- عەلی کەماڵ بەگ
١٣- تۆفیق قەزاز.
١٤- شێخ عەلائەدینی بیارە
١٥- مەلا عەبدوڵڵامودە — رریس.
١٦- شێخ مەحموودی نەمر
١٧- شێخ محیەدین ھەولێر
١٨- سەیدئەحمەدی خانەقا
١٩- حەفسەخان کچی نەقیب شێخ مارف
٢٠- پیرەمێردی نەمر.

پاش ئەوانە دەچیتە یادی رۆژانی دەربەدەری، کە ئەویش داستانێکی جیای ھەیە ومەبەست و بنەڕەتی ئەو وتارەیە.

ھەر وەکوو دەزانین کاتی کە خوێن مژە بریتانیەکان نۆکەریکیان بەناوی فەیسەل بۆخویان دۆزیەوە ودەوڵەتی عێراق یان پێک ھێنا ھاتنە سەر ئەو مەبەستە کە ناوچەی پڕ لە کان و تەلای ڕەشی کوردستان بخەنە ژێر چاوەدێری خۆیان وکاربەدەستە بەکرێ گیراوەکانیان و بەم بۆنەوە دەستیان کرد بە سەرکوتکردنی حکوومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی نەمر و سەرئەنجام لەشەڕی قارەمانانەی دەربەندی بازیان دا و بە ھاوکاری موشیری حەمەوەندی خۆفرۆش بەسەر سوپای کوردستاندا زاڵ بوون و شێخ مەحموودی نەمریان وەکوو شێری زەخمار لەبن بەردە قارەماندا پەیدا کرد وبەناوی شارە بەدەر ناردیانە ھیندوستان و ژن ومنداڵی شێخ بەرەوکوردستانی ئێران وەڕێ کەوتن وئاوارە بوون کە مامۆستا زێوەریان لەگەڵ بووە و یادداشتی دەربەدەری نەتیجەی ئەم دەورەیە. بەداخەوە لەو سەردەمەدا سەرۆک وەزیری ئێران وسووقەلدەولە بوو کە قەراردادی نگریسی ١٢٩٨، کۆچی ھەتاوی مۆر کردبوو و یەکێ بوو لە دەست نیشاندەکان و نۆکەرە ناسراوەکانی بریتانیا و کاتێ زانی کەژن ومنداڵی شێخ مەحموود ھاتوونەتە ئێران وعەشیرەتە کوردەکان یارمەتی یان داون فەرمانی دا بە شەریفەلدەولە حاکمی کوردستان کە بەرگریان بکات

وئەویش هەر بەو تاوانە رۆستەمخانی بانەو حەبیب – وڵڵا خانی تیلەکۆیی لە سێدارە دا و هەرەشەی لە پیاوە گەورەکانی دیکەی کوردستان کرد کە ئەگەر یارمەتی ئەوانە بدەن چارەنووسیان مەرگە چون شێخ مەحموود دژ بەبریتانیا جووڵاوەتەوە دەبێ خۆی و لایەنگرانی سزا بدرێن

مامۆستا زێوەر پاش ئەوانە شان بەشان لەگەڵ ژن ومنداڵی شێخی بەردە قارەمان(شێخ مەحموود) لەبەر گیروگرفتی کاربەدەستانی بەکرێ گیراوی ئێرانی ئەودە– می سەر بە ئیستیعماری بریتانیا، بەردا و بەردو هەردا وهەردی سەرشیو و گەورک وتورجان و فەیزوڵڵا بەگی پێواوە وهەردەم مێوانی ساحێب خوان و سەرۆک و عەشیرەتێک دەبن تاسەرئەنجام شێخ لە دەربەدەری نەجاتی بووە وئەوانیش گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان . مامۆستا زێوەر وەکوو نووسیویەتی لەگەڵ بنەماڵەی شێخ دا ماوەیەکیش لە خزمەتی جەنابی سەیدی زەنبیل دا ڕایان بواردووە. ئەویش پاش ئەوە بووکەشەریفەلدەولە حاکمی بەکرێ گیراوی ، کوردستانی ئێران رۆستەم خانی بانەی بانگ کردبوو بەناچار بەرەو موکریان وەڕێ دەکەون و ڕۆستەم خانیش پاش ئەوان لە سێدارە دراوە کە مامۆستا زێوەر ئەوەی نەنووسیوە. بەڵام دەنووسێت (من لە پێشەوە چووم بۆلای ئاغای تورجان کە بەڵکوو یەکێکمان بۆ شارەزایی لەگەڵ بنێرێ ، چوومە ناو دێ سەیری ئاساری قەدیمی تورجانم کرد و تەماشای مەدرەسەی مەرحوومی مەلا عەلی قزلجیم کرد . مەدرەسە لە ئەو کاتە بوو بوو بە ئەنباری کا یە و لەو شارەدێ ی تورجانەدا بیست ماڵێکی ڕەش و ڕووتی تێدابوو. رووم کردە قەڵا یەعنی قۆناغی ئاغا ، چوومە ژوورێ تەماشام کرد ئەحمەد بەگکە ئاغای ئەوێ بوو نوستووە. قەدرێ دیقەتم کرد لە وەزعی بنیادی وئەساسی حەقیقەت مەنزەرەیەکی خۆش و مەقامێکی عالی هەبوو ، دەنگم نەکرد، گەڕامەوە لە پایین قەڵاکانی ئاوێکی ساردی لێ بوو چووم لەوێ ئاوم خواردەوە....بەڕاستی سەرنجی یادداشتەکانی دەربەدەری ئەو شاعیرە گەورە ومەزنە ئەویش لەگەڵ بنەماڵەی شێخی نەمردا ، هەموو نیشتمان پەروەرێک دێنێتە گریان و لەگەڵ ئەویشدا سەرلێ شێواوی و چەند بەرەکی و چارەڕەشی گەلمان بۆ دەردەخات .

لێرەدا دەگەڵ دەربڕینی ڕێز وقەدر وئیحترامی خۆم بۆ ڕەوانی پاک و مەزنی زێوەری نەمر بە پێشکەش کردنی شیعری ئەو خوالێ خۆشبووە کۆتایی بەم وتارە دێنم .

ئەی وەتەن چەن خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نیشات و مایەی ژینی منی
بێت و گەر من کۆەکەن بم، وەسڵی شیرینم بەنێ
تیشەیی نادەم لەبەردت، تۆی کە شیرینی منی
گەرچی ئەرزی هێند بڵیندی،وەختە لای من بچیە عەرش
واسیتەی سەربەستی و ئیجرائی ئائینی منی
ئیفتیخاری میللەتی، تۆی مادەرێکی میهرەبان
خوا هیلالیشی بە تۆ دا ، ماە و پەروینی منی
نەوبەهاران بەو هەوای زۆر سافەوە وەک جەننەتی
فەسڵی زستانیش سەراسەر باغ و نەسرینی منی
بۆچی نەتدی جسم وجانی خۆم بە شاباش نەکەم
خاک راهی حوکمرانی عیز و تەمکینی منی
ئارەزوو وفیکری سەیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن
تۆ لەجێگەی قاهیرە وتاران و بەرلینی منی



حاتەم و حەزرەتی عەلی د.خ

ئەوەل بناڤێ جەبار
هەفت شەڤان وهەفت رۆژان
دگەل سیارێ ئەسحابان
بوویە شەڕ و هەلێدان
..چەپەر برنە خار
رۆژەکی ژی وە لێ هات
کافر کاغەز جەبینیت

هەچێ سەرێ عەلی ژبۆمبینیت
کیژەکی ژمن بستینیت
" نکمە" رابوو هلستە*
دەستەک دانی سەر دەستە
پێشی شاهی راوەستە
شاهم یا دستم ئشکەستی
شاهم یا سەرم ئشکەستی
بووت و سەنەمێ گەوران
عەلی بچتە بەر عەوران

سەرێ وی تینم تەوران
بووت و سەنەمێ گەوران
عەلی ب نوور شێران
ناو چەنگم نابیت خەلاس
ناچمە عەلی ب تەنێ
گەل من بدە قۆشەنێ
عەلی من دک ئەفەندی
شیرەک هەیە زولفقار
دبڕیتن وەکی خیار

نک تە بیمە شەرمەزار
نک تە بیمە شەرمەزار
جارچیان جار دانەکێشان
گو بەرب سووکا دخوەشن
هنک وەک کەران ...
سووکا دگێرن چین بە چین
بۆ سەرێ عەلی دەچین
ئەو تۆلا ئەبووجەلی

* * * *

رۆژەک رۆژا ئەیینی
موحەمەد وێ بانگ هلتینی
دبێژی هەچی گۆشت نێچیر
بۆم بینیت
قەسرەکی من بستینیت
شریکێ منە ل وێ رۆژێ
دوور بیت ل ئاگرێ دۆژی
دیوانا ئەسحابانە
فیهڕس※ لێ راوەستانە
ئەسحابە چلان پترن
یێ ژ مێرا چێترن
ناو چاڤێ هەڤ فوکورن
کەسی نەدا جەوابە
خێنجی حەتەمێ رەوالە※
حەتەم رابوو هلستە
دەستەک دانی سەر دەستە
گۆ نەبی رۆنایا چاوانە
دچم بە دل و گیانە
شریکی تەمە ل وێ رۆژێ
دوور بم ل ئاگرێ دۆژێ※
بەلکە خەتێ ببینم
قەسرەکی ل تە بستینم
حەتەم رابوو بێ خەبەر
.هەسپ کێشابوو دیسا دەر
لێ کربوو زینی زەر
کەلە لغاف دانە سەر
پێ دانابوو زەنگوویێ※
یائەللاه کو خودا دگەل

حەفت شەڤان وحەفت رۆژان
گۆشت نێچیر نەبووقسمەت
گو حەچێ کۆڕێ بابان بیت
تنێ تنێ بترسیت
حەموو جاران بترسیت
چوو قەحتایێ راوەستا
پێ ناوەستن سێ وچار
کافرا رێکرنی دو سوار
دو سوارێ نامدار
گۆ حەتەم هاتن کەن گرتن
تۆ دۆستی یانی دژمن
ئەمدێ تە بکەن گرتن
حەتەمێ خوە بوویە خوەش
کێشا مسری یێ دەڤ رەش
یێک ل عەردێ کرە لەش
یێک لێ پەلەپەل دچوو
هەوار کو من بەد هەوار
کو کری تەکە سوار
یۆلداشم کوشتن یێکجار
وەختە مبکە بریندار
کافر رێکرنێ چەند سوار
کافر رێکرنێ دەه سوار
دەه سوارێ نامدار
گۆ حەتەم هاتن بکەن گرتن
تو گەل مەبوویی دژمن
ئەمدێ تە بکن گرتن
حەتەمێ خوە بوویە خوەش
کێشا مسری یێ دەڤ رەش
نەه ل عەردێ کرییە لەش
یێک لێ پەلەپەل دچوو
هەوار کو من بەد هەوار
کو کری تەکە سوار
یۆلداشم کوشتن یێکجار
وەختە م بکە بریندار
کافر رێ کرنێ چل سوار
چل سوارێ نامدار
گۆ حەتەم هاتن بکەن گرتن

تو گەل مە بوویی دژمن
حەتەم مێرەک زۆرە لۆ
دەستدا شیرێ راوە لۆ
یێک لی پەلەپەل دەڕۆ
هەوار کو من بەد هەوار
چ کری تەکە سوار
یۆلداشم کوشتن یێکجار
وەختە م بکە بریندار
گو سەنەم مالا تە خرا بیت
کەس شەری بۆتە ناکەت
ئەگەر دشێ خۆ هەڕۆ
ئەگەر نەشێ بەر بڕۆ
ئەو عەلییە هەر بوخۆ
کافر وێ زۆردا تێتن
وەکی کەران دزریت
وەکی سان ژی دلووریت
تو مەندالێ چ کۆڕی
سوارێ هەسپێ دبڕی
تو دگەڕی سەرێ عەلی
ئەو تۆلا ئەبووجەلی
بزانە عەلی ئەزم
مارەکی هەژدە گەزم
نەبەزیمە و نابەزم
قەساسێ سەرێ وە ئەزم
ئەز مەندالێ لە کۆڕم
سوارێ هەسپێ دبڕم
ئەز پشت ل حەق دخوڕم
لێرە سەران دبڕم
یێک یێ کۆر ویێ بێ پیل
خەبەر دانە یێ ب کین
بلند بوونە یێ ب شین
کافر گورزێ دهەژینیت
چل وچیا لەرزینیت
چشمێ کوربیت نابینیت
ناڤگوهێ حەتەم دادینیت
تەعامێ چاردە سالە
ل زاری کرە تالە

جبرائیل عەردێ خوری
حەتەم وی دناڤدا فری
خالقێ کولل جەبار
بەژنا وی وەکی چنار
تە داویمە سەیێ مرار
کەر نەکە بینا خیار
تە دبەمە سەرهوستایی
تە دکەمە نال و بزمار
دکەمە پێ دوندلی نازدار
یا قەواتا رەحمانی
قولێ وی گران بوو
حەفتسەد باطمانی
کرە توپ ملان ئانی
کافر ۆ لەعنەلێ یۆ
لەعنە دێ و باڤێیۆ
یاوە دەس مە نەدیمە
ئەز بو وەرا قەسابم
سەرێ وەرا هاتیمە
تنێ تنێ هاتنێ
حەتا لێ کوشت حزارە
گوهـ بدەنێ بوسولمان
چ شەڕەکی گرانە
شەرێ حەتەم گەل وانە
سەری ل وان فڕاندن
عیار ل وان دڕاندن
سەر ئینانە هۆلانی
روح ئینانە جۆلانی
وەکی مامێ حەیدەرە
دە ئەللاه ئەکبەرە
گوهـ بدەنێ بوسولمان
دبێژن وەرن لاوێ
بەژن سپیندار
دەورەکی لێ وەرینن
هەسپ و چەکا لێ بستینن
گوهـ بدەنێ بوسولمان
تە دی کافران چ کرن
حەتەم ل ناڤ رما ئاسێ کرن

سەرێ حەتەمژێ کرن
کافرەک هەبوو ناڤ تەتەر
ئەوان دگوتنێ تەتەرخان
هەسپێ خو داژوت چار نال
چل و چیا ب نەواز
ئەوی بوویە مزگین خاز
گوشاهم سەرێ عەلی بوتەهات
خزینێ شاه و پادشاه
کلید پێڤە هلکێشان
رێکرنە فەقیر و دەروێشان

* * * *

رۆژەک رۆژا ئەینی
هەسپ چویە خودان مایە
رۆژەک رۆژا ئەینی
ئیمام وێ بانگ هلتینی
دبێژیت یەقین حەتەمنەمایە
ئیمام سووند دخوت یاسینێ
ب سوورەتێ سوبحانی
ب سێ جوزێ قورئانێ
هنگی دێمە مەدینێ
حەتا زەنگیا دندلێ

دگریت خوینێ
هەسپێ حەتەم سەرکێشە
ئیمام پێ بوو دەروێشە
ئیجا چوویە ئۆبە ئۆب
دینا خودایێ چەند مەیتەک
کەتینە کوورێ
جەندەکێ حەتەم سپی یە
وەکی جاوی یە
نوور قوبە لێ رابوویە
سلاڤەک سەردا کری
راکردا بەر سمبێلە
بێن کری تەرزی گولە
گو مامو دوەعدێ نیرو
مخوە ئینا شوینا تو
زارم حشک بوو ل تینان
ملم شل بوو ل بەر برینان
ئەز ماقوول بووم غەزایێ
کافر زۆر بوون بریا نایێ



رۆژەکی حەتانی ئێڤارێ
جەندەکی حەتەم دانی سەر
پشتا دوندلێ

دبینا مەسکەنێ دیێوان
گۆ هاتم هاتم هاتم
کۆڕێ میرێ زەنگوو باتم
بۆ دیتنا شاە هاتم
خەبەر من بهیست کەلۆ
بابم گۆتە من بڕۆ
گۆ ئەو راستە دەرەو نینە
ئەم دێ بێنە سلاوکار
کۆمێ زیێڕان بکەن بار
گۆ راستە درەو نینە
م کیژا خوە پێ دایە
ئەز خەزوورم «نکمە» زاڤا
ئیمام وێ چووبوو دەردا
سبە خیێرەک دایە سەردا
ئۆدەحەمووحشک بوون دحالێ
خـــــــــوەدا
شاە تنێ گەل خەبەردا
پەیایۆ تو ل کیندەرێ
ب سیلاحێ چەپەرێ
گو شاهم هاتم هاتم
کۆڕێ میرێ زەنگوو باتم
بۆ دیتنا تە هاتم
خەبەر من بهیست کەلۆ
بابم گۆتە من بڕۆ
گو ئەو راستە درەو نینە
ئەمدێ بێنە سلاوکار
کۆمێ زیێران بکەنە بار
گۆ راستە درەو نینە
م کیژا خوە پێ دایە
ئەز خەزوورم «نکمە» زاڤا
گۆشاهمئەزئیتیمەکەقەناسم
سەرێ عەلی نیاسم
ئیتیمەکە دمل بووم
رۆژەکێ ژی وە لێ هات
ئۆردی یا محەمەدی یان
ل سەر مە داهات
حەفت سالا ئەزئێخسیری یێ دا

گرتمە برمە
حەفت سالا م مەیتەری یا
دندلی کریە
چوو غەدار وێ دبەزن
بۆ سەری حەتەم لەزن
سەرێ وی دەردا هاتێ
سەرێ وی دگەل مامێ خەبەردا
گۆ مامو وەعدی نیڤڕۆ
مخوە ئینا شوینا تۆ
زارم حشک بوو ل تینان
ملم شل بوو ل بەر برینان
ئەزماقوول بووم ل خەزایێ
کافر زۆربوون بریان نایێ
گۆ شاهم ئەڤا قەت سەری
عەلی نینە
گاڤانەکی ب لۆخینە
شڤانە پەز چێرینە
عەلی یێکی تەمەنێ منە
قەد و قامەتێ منە
هەر بخۆ وەکو منە
رێدینە بینا منە
«نکمە» رابوو هلستە
خەنجەر هەژدە بهۆستە
وێ پشت ئیمام راوەستا
م نەگۆ تو مێڤانی
خەبەر ددەی نەزانی
روحێ تە دکێشم جانی
گوە بدەنێ بوسولمان
تە دی ئیمام چ کر
سەری د پاغەلا خوە کر
مستەک داینا زێرچەنێ
سەر بینا گولێ هەڤدەرەنگ
هول کرن کوشک و سەنەم
کافر ۆ لەعنە لێ بۆ
لەعنەل دێ و باڤێ یۆ
گۆ وەدەس من نەدیمە
ئەز بۆ وەرا قەسابم


سەرێ وەرا هاتیمە
گوە بدەنێ بوسولمان
تە دی ئیمام چ کر
زولفەقار وێ کیشایە
یێکجار ئۆدە بڕییە
هەر تەرفدا هاتە خار
گرمە گرمێ سواران
تینی هەرچار کناران
سەری ل وان فڕاندن
عیار※ ل وان دڕاندن
هنگی مامێ حەیدەرە
ددە ئەللاە ئەکبەرە
روح ئینانە جۆلانی
سەر ئینانە هۆلانی
دوندلێ وێ بهیستی
پێ خوە کرە فرتۆنە※
حەفت زنجیر قەتاندنە
حەفت دەرکە ئشکێناندنە
چۆک دانانە بەر کەلۆ
راکردا سەر پشتا خۆ
یا ئەللاە ب ئیزنی تۆ
هەر نا کۆمەکان دچۆ

* * * *

وەکی خەزەلێ بهاران
وەدچنە بنێ داران
هند کوشتنە مراران
وەکی خەزەلێ پاییزان
وەدچنە بنێ گووزان
هند کوشتنە دین سزان
جبرائیل وێ بحەشتێ
دکە سەیران و گەشتێ
دبێژی هیڤی یا من عەورێ
رەشە تاری
هوور بارانەک لێ باری
ئاڤ خوون پێکڤە ددەنە
رکێفا شەنگە سواری

کۆکە زێدی من...

مامۆستا خاڵەمین



کۆکە: لە ناوچەی بۆکانەو لە چەند کیلۆمیتری ئەو شارە هەڵکەوتووە.

ئاوایی یەکانی قەرەڵێ ، چوار دیوار و دەروێشان دەوریان داوە .

گردەبۆر شاخی پێش بارماغ و بستووی خڕی سوورەقانگ وچۆمی قوڵەبۆز سنووری ئەم ئاوایی یە دیاری دەکەن .

قوڵەبۆز ئەو چۆمەیە کە حاجی کاکە رەحمانی شاریکەند پەنجا ساڵ لەمەوبەر گوتوویە .

هەتا گاڕان لە (یەڵتڕ)دا دەکا مۆز
هەتا جاری دەبێ ئاوی قوڵە بۆز
هەتا سەقزی بەقەڵپووز ئێژێ قەڵپۆز
لە باخەڵتا بێ دایم دڵبەری قۆز

ئەگەرچی من لە تەمەنی پێنج یا شەش ساڵیدا لەم دێیە ڕۆیوم بەڵام ئێستاش کە نێوی کۆکە دەبیسم مچوڕکی خۆشیم بە لەشدا دێ. خۆشەویستی وەتەن لە ئیمانەوە. بۆیە لەم دوایانەدا چووم و کۆکەم دیتەوە ودڵ و دیدەم پێی روون بۆوە و ئەو بەستە شیعرەشم بۆ نووسی :

کۆکە ئەی کۆکە و ئەی نیشتمانم
خۆشەویستر لە هەناو و گیانم
کۆکە ئەی جێگەی لەدایک بوونم
کۆکە ئەی مایەی بیری روونم
کۆکە جێت لێ نەبێ وەک بەهەشتی
لە حەوت دەرکە بە دوورو هەشتی
کۆکە هەرتۆی بە تەنێ بەرکۆژە* ؟
خاکی کوردانم هەمووی بێ بۆژە*
کوردستان هێزی هەناوو دڵمە
کێو و دەشت و دەری ئاوو گڵمە
«چوار دیوار» و «قەرەڵێت» جێرانە
هەم «قزڵ گوممەت» و «دەروێشانە»
«کانیە سەرداری» تۆ ئاوی جوانە
ئاوی سەرداری هەموو کانیانە
«کانیە زێڕینەتە» ئاوی ژینە
«گردەبۆر» و «تەپی بۆزان» شینە



من وەبیرمدێ کرا جەنگەڵ وباغ
چرو هەڵدێری زەوی پێش «بارماغ»
«کۆلکە رەش» مووچە درۆزنەت ماوە
وەکوو جاران «قولەبۆز» پڕ ئاوە
«حاجی دەروێش بەگە»چاکی بەشەمە
گۆڕی هەر لاتە برام «کاکە حەمە»
تۆ ببووری لە هەموان ئەی خوایە
هەرچی گۆرسانی لە کۆکە یدایە
کۆکە پێیان ئەوتی شیرازی
بۆمە مانانی جێگەی شانازی
«حاجی باپیر» و «حەقیقی» و «کۆکی»
خاڵەمینیش بڵێ یخ داڵۆکی
ئێستە جێی وانە بوێژت کێنە
چ لە گۆڕایە بفەرموو....بێنە
داخەکەم ئێستێ ئەوانەی دەگەنێ
بە دوو پۆند خۆ دەفرۆشێ ودەگەنێ
چ سیاسی چ بەرەی عیرفانە
خری بۆ پارەیە بۆ گیرفانە
تۆ بلێی بۆمە پەیابێ مەردێک
تۆ بلێی هەستی لەنێو کورد کوردێک
بلێ من کوردم و هەر کوردم ئەوێ
بەرجی ئەو مافە هەچی بێ نەمەوێ
تۆ بلێی یەگدری کوشتن بەسکەن
تو بلێی گوێ بەقسەی هیچ کەس کەن
تو بلێی تۆرەمە گیرخا قەڵەمێ
بەروبووی هی قەڵەمی بکا هەڵەمێ
خالی خۆم هەرچی لەپێش نووسرابێ
دەبێ هەرچۆنی قەڵەم ئیی دابێ
ناهومید نین لە بەزەت ئەی خوایە
هەمی ئێستاکە هەمی لە دوایە
کۆکە گیان رۆیم و جا ماڵ ئاوا
رەبی تا هەی لە جیهان بی ئاوا

کۆکە: بە قەولی کابرایەک کە گوتوویەتی کۆکە شیرازی کوردەواری یە و چوار شاعیری لێوەدەر کەوتوون .

یەکەم: شاعیری بەناوبانگ **مەلا مارف کۆکەیی** کە سەردەمێک مەلای بابم بووە و کەمکەس هەیە نەیناسێ .

دووهەم: **حاجی باپیرئاغای شێخ ئاغایی** کە شێعرەکانی ئەو دەبێ لەماموستا حەقیقی وەربگرین کە مامی بووە .

سێهەم: **کاکەباسی حەقیقی** کەشاعیرێکی بەرز وسەری کەیف وبرێک لە من بە تەمەنترە .

چوارەم: قرپۆک وپاشەرۆکی هەموان **بۆخۆم خالەمین** .

ئەو سەردەمە کە من لەچاخی شلکی و ساوایی دا لە کۆکە ژیاوم دوو کارەساتی دلتەزێن روویداوە، کە بەلای من گێڕانەوەی ئەم روودلوە پڕ سفت* و سوێ یانە بەهرە و کەلکی ببێ بۆ ئەوە کە بەشکوو هێندێک پەندی لێوەربگرین .

یەکەم: هاتنی رووسی تەزار بۆئێران بەتایبەتی مەلبەندی کوردستان لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا (سالی ١٣٣٢ی کۆچی) کە بەوێران بوون وکوشت وکوشتار و قەلاچۆی ولات تەواو بوو. هەرچەند بەرواڵەت دەولەت بوو بەلام سەد خۆزگە بەبنیادەم خۆرەکانی جەنگەڵ .

هەلبڕ هەلبریان وەخەلک خست ودەستیان بە کوشتار و قەلاچۆ کرد بۆ وێنە، ئیندرقاش ،قومقەلا، سابلاغ و چەند جێیەکی تر کە عەلی بەگی حاجیالی کەند (هەیدەری) بە بۆنەی ئەم کارەساتە ئەو شیعرانەی گوتوون کە هێندێکم لەبیر ماون .

لەو دەمە تاقم لەدیداری عەزیزانی وەتەن
دایمە جووتم لەگەل غەم هەمدەمی حوزن ومیحەن
حوببی تۆدینی منە ئایینی من،ئیمانی من
یادوفکری ئاووخاکت شوغلّ وویردی من وەتەن

حەیفە وابێ قوتبە قیبلەت بی سەفا
باغی سەفا
سەیرە وابێ سەیرە پرد و گۆلەکەی
قازی حەسەن
مینبەر ومزگەوتی سوور وحوجرەکان و
حەوشەکەی
بوو بە مەیخانەوتەویلە مەعبەدی
عەبدی وەتەن
جێی مەلاکان وئیمام و مەدرەسە و
نەشری علووم
پاکی جێ دەستەی قوشوون وپاکی جێی
وەعزی قەشەن
حەشرە واوەیلایە ئەورۆ، کەربەلایە
شاری مە
کوشتنە، تالانە، یەخسیرە، گەوادێن
و دەبەن
دلبەرانت بوونە یەخسیر چوونەقەفقاز
و سەبیر
رەنجی موسلیم بێ حیسابە، رەحمەتێ
یا موستەفا
زولمی کافر بێ ژمارە غەززەبی یا
زولمینەن

دووەم: گرانی ! گرانی بۆچی هات؟
گوتم: رووسەکان سالی ۱۳۳۲ی کۆچی قەدەمی ناپیرۆزیان ناولات، کوشت وبڕیان دەستی پێکرد و جەزرەبەی خەلکیان دا. جووت بەندەکان نەیاندەوێرا لەدێ وەدەر بکەون شێوەردبڕین وداچاندن پەکی کەوت زەوی هەموو بوونەوە بوورە وبەیار. گرانی لە حیسێب بەدەر هێرشی هێنا سەر گیانی کورد و کوردستان. مال هەر نەبوو مێوان لەوەندیشی کرد !!.


لەماوەی نیزیک بە دوو مانگ باری گەنم لە دوو تمەنەوە گەیشتە سەدتمەن و هیچ شتێک بایەخی نەما. مەڕ بەدوو تمەن. مانگا بە پێنج تمەن ئەویش کەس نەیدەکڕی. جا سەت تمەن چۆن پەیدا بێ تا بارێکی گەنم پێ بکڕێ؟!.

خەلک دەستی کرد بە سوال و وەدەر کەوتن لەو دێ بۆ ئەو دێ. باشم وەبیر دێ کە تاق وجووت دەهاتن بەرگیان هەموو رندۆل* ولەشیان ئێسک و پێست بوو. دەتگوت وێنەی یەسک بەندی لەشن .

پیاوەتی هیچ، بەزەییش هەر نەمابوو. گێڕایانەوە لە ئێوارەیەکی لای رۆژپەڕدا، ژن وپیاوێک کە مندالێکیشیان پێدەبێ دێن لە قەراغ دێ دەچنە خانووە چۆلێکەوە. سبەینێ کە وەدەر دەکەون بۆ سوال مندالەکەیان پێ نیە.خەلک لێیان دڕدونگ دەبن ودەچنە پێش دەپرسن :
"- کوا مندالەکەی دوێنێ ؟
"- ئێمە هیچ مندالمان پێ نەبوو..
بەکورتی دەچنە خانووەکەودەبینن ئەوە کەللە سەر وورگ وریخۆلەی مندالەکە کەوتووە و دیارە خوراوە ...

سەرت نەیەشێنم ئەگەر رووداوەکانی ئەوسالە بگێڕمەوە-هەر لە دەیان یەک-کتێبێکی هەزار لاپەڕەیی پێ دەوێ. جا هەتا خوێنت خرا نەبووە رووپەرەکە وەربگێڕین بەلام با ئەوەندەش بلێم لە تەواوی کاتی گرانیدا کە نیزیک بە دوو سالی خایاند و هەزاران لاوی شلک وکچی چاومەستی لەناخی زەوی وخاکی رەش ئاخنی چەندین عەمباری چوارهەزار وشەش هەزار و حەوت هەزار تەغاری لەنێو کوردەواری هەبوو کە بەتەمای گرانتر بوون نەدران بەکەس .

جا نزامان لە خوای مەزن هەر ئەوە بێ کە زەوی بداتە دەست کەسێک کە بەزەیی بە خەلکدا بێ و کارەساتەکە جارێکی دیکە، جارێکی دیکە بە چاو نەبینینەوە .



بەیت ١

ڕوانینی نوێ

ئەحمەد بەحری

کاتێک باسی بەیت دێتە گۆڕ، خێرا دیمەنی کوردێکی سەروڕووخۆش ، لەنێوەچوو* ڕەزاسووک و دڵتەڕی دێهاتیت بە زەیندا دێ، کە پێچی هێناوەتە سەر بڕۆیان . دەستێکی لە بنانگوێ ناوە و بە ئەوی دیکە تەسبێحە سەد دەنکەکەی هەڵدەخلێنێ. دەنگی لێ هەڵێناوە ولە چەشنی خاسەکەوی سەر دوند سۆزی دەروونی لەکوڵێ، دەکاتە پشکۆی وشە و بە لێزمە* دەیداتە دەر. زۆر وەستایانە ئەو وشانە دەکاتە ڕستە، ڕستەکان دەکاتە ملوانکە، ملوانکە دەخاتە ئەستۆی گڕاوی* . گۆمیلکەی فرمێسکی چاوی گڕاوی کەلاو دەکا ، بە لوزەوە* وبە ڕوومەتیدا شۆڕ دەکاتەوە نێوقوڵکی گەردنی دەیکا بە هەتوان*، دەینێتە سەر برینی خەنجەر . بە شارەزایی یەکی کەموێنە دڵی سووتاووبرژاو، زوڵمو زۆری ،تالان وبڕۆ، ئازایی مێرازایانە، جوانی جوان چاک ،لەخۆ بردوویی لەخۆ بوێر ، ورشەی زرێ ومەتاڵ مەکۆی ئەوین ، دەستی بە خوێنی زاڵم، بەرۆکی دادڕاو، تەنانەت گەرمی فرمێسک وکزەی دەروون دینێتەوە بەرچاوی گوێگر. بۆ ئەوەی بێڵێ پێ بزانێ، سواری باڵی خەیاڵی دەکا و بۆماوەیەک بەرەوپاشی دەباتەوە. تایبەتمەندی — یەکانی ژیانی کوردەواری لەپێش دادەنێ. لە ئاوات و ئارەزووەکان دەدوێ ، ڕووداوە دڵتەزێنەکان دەژێنێتەوە. ژیانی باب و باپیران دەکاتە هەوێن ئەسکوێ لەمەنجەڵی مێژوو هەڵدەدا . چۆرێک لە ڕۆژە تاڵ وشەوە ڕەشەکانی بن و بنەچەکە هەڵدێنجێ ، وەک ئاوە ساردەکەی بەربناری قەندیل وسپی ڕێز بەگەرووی گوێگریدا دەکا وهۆگرتری دەکا .

ئەو بەیتەی کە ئێمە ئەوڕۆ بە یەکێک لە گرینگترین قوڵەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوەکەمانی دەناسین دەبێ چۆن خوڵقابێ؟ کام پێویستی بۆتە هان دەری ئەو خوڵقانە؟ ئایا هەر بەیتە دەسکردی شارەزا و لێزانێکە؟ ئایا بەیت تایبەتی قۆناغی دەرەبەگا— یەتی بووە؟ ئایا بەیت هەر لەخزمەتدەرەبەگان دا بووە یا لەخزمەت هەموو چین وتوێژەکانی کوردەواریدا ئایا ئەو بەیتانە بەبێ کەموزیادی گەیشتوونەدەستی ئێمە؟ گرینگەتی وبایەخی بەیت لە ئەدەبەکەماندا تا چ رادەیەکە؟ دەتوانین چیان لێ وەدەست بێنین ؟ بۆ زۆربەی بەیتەکان " تراژێدی"ن ؟ ئێمەی هۆگر ولایەنگری بەیت دەمانەوێ بڵێین چی ؟ وێدەچێ ئەو پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە، بە

مێشکی زۆران دا رابرن و دوای وەلام نەکەوتنیان لەو سەردەمەدا، گەلی مەترسی بەدواوەیە. مەترسی لەپێش چاوکەوتن، مەترسی لەبیر چوونەوە وفەوتان .

بێگومان بەرەکانی داهاتوو پتر قەدری بەیت دەگرن و دەزانن چی لێ بکەن . ئەلبەتە ئەگەر ئەو گەواهیراتە عەنتیکانەیان بەدەست بگا .ئەوەش دەگەڕێتەوە سەرحەول وتێکۆشانی ئیمڕۆی ئێمە. نابێ خۆمان بەوە دڵخۆش بکەین کە دوارۆژ حەولی بۆ دەدەن و مەترسی فەوتان لەگۆڕێ دا نابێ ! لەبیرمان نەچێ پاش بەهاری بە هەلاڵە و گوڵە مێلاقە و بەیبوون خەملاو وهاوینی پڕ پیت و بەرەکەت و فەرعانی، قەوسی پایز وشکست وبەستی زستان بەڕێوەیە. دەبێ دەست وبرد بکەین .

گۆرانی بەیت دەبێ لە زەمانێکی یەکجار زووە دەستی پێ کردبێ. لەو دەمەوە کە بەربەرەکانی دەستی پێ کراوە لەو دەمەوە کەژن کۆڵەکەی ماڵ بوو ، هێزی بوو، دەستی دەڕۆیی ، پیاو بە قسەی وی هەڵدەستا وروێدەنیشت*. لەو دەمەوە کە چادروچیغ ئاوریان تێبەردرا، ماڵ و منداڵ ومەڕومالات بەتالان چوو. لەودەمەوە کەخێڵەکان پیاوی ئازای تالان گێڕەوەیان بەخۆوە دی. لەو دەمەوە، کە بایەخ بۆ ئەزموون داندرا. لەو دەمەوە کە کورد هەستی بەوە کرد کە پێویستە رووداوە تاڵ و سوێرەکانی نێو کۆمەڵی بپارێزێ. لەو دەمەوە کە پەنای بردە بەر لەبەر

کردن ولە زەیندا راگرتنی رووداوەکان . لەو دەمەوە کە بۆ هاسان لەبەرکردنیان کێش وقافیەی دانێ وهەوای بۆ ساز کردن .

رەوان ناس لەسەر ئەو باوەڕەن ئەگەر کەسێک بارستی دەردێکی گەورە یا غەمێکی گرانی لەسەر دڵ بێ بێتوو بۆی بگونجێ پرێسکە بکاتەوە و کولی خۆی هەلڕێژێ، هەست بە لەش سووکی و ئاسوودەیی دەکا. ئەو بابەتە لە خولقانی بەیتدا شوێنێکی یەکجار گرینگی بووە . ئەوانەی کەمتاکورتێک لە مێژووی گەلەکەمان ئاگادارن دەزانن کە کوردستان لەنێو ئیمپراتوری یەکانی رۆم و ئێران و لەو دوایانەشدا لەنێو عوسمانی وئێران و دراوسێکانی دیکەدا وەک کەولی حەوت برایان لەبەر یەک کێشراوەتەوە ! نێزەو مەتاڵ بەدەست ،شمشیر لە قەد، قەرەبینا و رەشۆک لەشان ژیانیان بەدانیشتوانی تاڵ کردووە ! قەتیان رووی خۆشی بەخۆوە نەدیوە!ئاوارە و پەڕیوە بوون ! هۆزەکان لەجێی خۆیان هەڵقەندراون تالان کراون ! مێگەلە مەڕیان راماڵ دراوە ! زۆر کارەساتی دڵتەزین و دوور لە مرۆڤەتی یان بەسەر هاتووە! زۆرجار بەرەنگاری دوژمن بوون. قارەمانانە سەریان ناوەتەوە. ئەو بابەتانە هەوێنی زۆربەی بەیتەکانن . هەروەها مەسەلەی ژن، ژنی کورد سەرەڕای بەشداربوون لە دەرد ورەنجی کۆمەڵەکەی زۆر

چەرمەسەری پڕ مەترسیش بۆتە سەرباری دەردی ! هێز و توانای لەدەست داوە ! بۆتە دیل و بەردەستی پیاو! تەنانەت مافی هەڵبژاردنی هاوسەریشی لێ ستێنراوە !بەچاوی سووکەوە روانیویانەتێ ! تەگبیری پێ کراوە و بە قسەی نەکراوە ! بە تالانیان بردووە ! خوێنیان پێ کوژاندوتەوە ! گاڵتەیان بەژیانی کردووە! باب و برای لەپێش چاو لەخوێن وەردراوە! دڵی ناسک بووە، بەباللۆرە وحەیران و لاوک کولی خۆی هەلڕشتووەو سوکنایی* خستۆتە جەستەی خستەی. ئەو بابەتانەش لە

بەیتدا دیارن، دەتوانین بەجوانی شوێنیان بگێرین لێرەدا نابێ تێک هەڵچوونی هۆزەکان لەگەڵ یەکدی و هەل ومەرجی قۆناغی دەرەبەگایەتی وەبەرچاو نەگرین. دیارە ئەو دوو مەبەستەش شوێنی گرینگی لەسەر خولقانی بەیتداناود سەرجەم دەتوانین بڵێین ژیانی رابردووی کوردەواری وەک تراژدی دەچێ! هەر بۆیە زۆربەی بەیتەکان تراژدین . گوێ بۆ هەر بەیتێک هەڵدەخەین بارستی ژیانێکی پڕدەرد ومەینەت بەتەواوی هێزەوە هەست پێ دەکەین وکۆنەبرینمان وەسۆ دێنەوە .

هەوینی بەیتەکان لە رووداوی راستەوە هەڵێنجراون سۆز ،ناڵە ،شکست ،سەرکەوتن قارەمانەتی ، دەردوغەم، گریان وشادی نێوبەیتەکان لەگەڵ هی ئیمڕۆ فەرقێکی وای نەکردووە. گوێگر هەناسە وهەنیسک ، خورپەو خورتە، کزە وبۆسۆ، نرکە و نەهرە، تەنانەت ویزەی تیر و وشەی شیر هەست پێ دەکا.هۆی پەرەسەندن و لەدڵی خەڵکدا جێ خۆش کردنی بەیت هەر ئەو مەبەستەیە. گوێگر لەخۆشی و ناخۆشی قارەمانانی بەیتدا بەشدارە ودەزانێ دەڵێن چی وچیان دەوێ .

روون وئاشکرایە کە هیچ بەیتێک بەساغی نەگەیوەتە دەستی ئێمە ،ئەوەش دەتوانێ چەند هۆی هەبێ.

یەکەمیان ئەوەیە کە بەیت بێژ وانەبووە کە بەیتێک بەتەواوی مانا لەبەر بکا وچی بیستووە فێری بێ وبێ کەموزیاد بیگێڕێتەوە. بەڵکە تەنیا نێوەرۆکی بەیتەکەی لە زەینیدا راگرتووە. ئەگەر زۆر شارەزا بووبێ تەنانەت قافیەشی گۆڕیوە. بیر وڕا و بۆچوونی خۆی نێوئاخن کردووە هەربۆیە لە بەیتی کۆندا کەرەسەی نوێ وەبەر چاو دێ. بووێنە زۆربەی بەیت بێژان تفەنگی بە چەتاڵ وەشانی سیامەند دەخەن! کەچی بەپێی نێوەرۆک و هەل ومەرجی بەیتەکە، دەبێ سیامەند خاوەنی تیر وکەوان بووبێ خووخدە ورادەی تێگەیشتنی بەیت بێژ لە دوورەوە بە بەیتەوە دیارە.

بەیت بێژی دڵتەڕوجوان پەرست لە هەر جێیەک کە گەیوەتە باسی یار، ناسک خەیاڵی گەیاندۆتە ئەوپەڕی خۆی. "مەحمەڵ"ی بەیت بێژ حەیران بەو چەشنە دەڕازێنێتەوە :

" دەڵێم کاکە چەند خۆشە لەسەری سەفینێ ، کەپرێکی لەبۆ بەژنی باریک وئەوێ نازدار حەیرانێ دروست کەم، دیواری شووشە بێ ،هەڵاشی گوڵە وەنەوشە بێ، ئاڵووداری لە گوڵی دەسوورە گوڵێ بێ، کاریتە و کۆڵەکەی رەشە رێحانە بێ، گڵەبانی خەنە بێ ، دەرکە وپەنجەرەی لە داری بێ، دار مەوتەنێ، نارنج دەکەم بەخاسەرەنگی، هەموو شەوونیوەشەوان شیبای شەماڵ لێی دەدا ، بۆن وبەرامی دەڕوا بۆسەر ماڵەجیرانان."

یا "دەروێش رەحمانی حەمە شێت" لەقەتارەدا ئاوا هەستی دەردەبڕێ :

" بریا کلێک بام کلە
سوبحانێ
پوختەیان کردبام لەکن
لوقمانێ
نازدار بەپەنجەی مبارەکی
کیشابامی دەگۆشەی
چاوەکانی
لەوێشی ببامە فرمێسک
هاتبامەخوار بەپەرێشانی
فەسڵی بای شەماڵ لێی دا
پساندی یەخەی کەتانێ
ئەرێ خۆزێ ئەوێ جارێ
لەسەر سینگەکەی ببام بە
حەوز وکانی
هەچ نەخۆشێک هاتبا سەرم
بە دەردێکی گرانێ
هەڵی کێشابام قەترەیەک
بە ئیستیکانێ
بەڕەزای خودای ببام بە
دەرمانێ ."

سەید موحەممەد سەمەدی

دۆستی سروە



بەر لە هەموو شتێک بەلازمی دەزانم کە یادێکی بەخێر لە مامۆستای پایە بەرزی ئەدەبیاتی کوردی، مامۆستا هێمن بکەم چون پێموایە ئەگەر لە سروەدا شتێک بنووسین یا بڵێین دەبێتە بێ ئەمەگی ئەگەر لەو هۆنەرە پایەبەرزە یاد نەکرێ یاخوا ڕووحی شاد بێ . لە پاشان ڕێزوسڵاوی خۆم پێشکەش بە هەموو کاربەدەستانی ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی وهەموو خوێنەران و هۆگرانی سروە دەکەم. هیوادارم سەرکەوتوو بن وئەو گۆوارە ساوایە لە ئەسەر حەول وتێکوشان و هاوکاری هەموو لایەک ، رۆژێک بۆ گەلەکەمان ببێتە داری بەری .

ئەمن ناوم سەیدموحەممەد شۆرەتم سەمەدی کوڕی سەید مستەفا ولە ڕۆژی سێ شەممۆ چوارەمی مانگی ڕەزبەر (مهر)ی ساڵی ١٣٢٩ هەتاوی لە گەڕەکی وێنەتان(پشت ئیدارەی دوخانیات)ی مەهاباد چاوم بەدنیا هەڵێناوە. بنەماڵەی ئێمە لە تایفەی شێخەلئیسلامین کە دەچنەوە سەر خودالێخۆشبوو مەلا جامی و لە چەند پشت دوورتر دەگەنەوە سەر پیر خدر شاهۆیی ولەوبارەوە شەجەرە نامەی موەسسەق بەدەستەوە، هەیە.

خوێندنی سەرەتاییم لە مەهاباد دەست پێکرد ولە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی خوێندنی ناوەندیم لە ڕشتەی تەبیعی دا دوایی پێ هێنا. ماوەی دوو ساڵ لە شارەکانی: ورمێ، خانێ سەقز،مەراغە،و مەهاباد خەریکی خزمەتی سەربازی بووم ولە ساڵی ١٣٥٢ ی ، هەتاوی لە ئامووزیش و پەروەریشی مەهاباد دامەزرام بە شکڵی موکاتەبەیی دەستم بە خوێندنی رشتەی حقووق کرد ،بەڵام لەدوای ماوەیەک بە چەند هۆ، وازم لە درێژەپێدان بە خوێندنی ئەو رشتەیە هێنا وبەجێم هێشت دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک ئەمجار هەر لە تەریقی موکاتیبەوە دەستم کرد بە خوێندنی رشتەی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیسی کە مەسەلەیەکی یەکجار زۆر، مەوریدی عەلاقەی منەوەدەتوانم بڵێم کەهەرگیز لە خوێندن و کارلەسەرکردنی ئەو زمانە نە تێر دەبم نە ماندوو. لە ماوەی کار کردنم لە ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد تا ئەورۆ ئەو شوغڵ و مەسئوولیەتانەم بووە:

دەفتەرداری،مەسئوولی دەبیرخانەی ئیدارە ،یاریدە دەری سەرۆکی ئیدارە ،کەفا—

لەتی ئیدارە، بەرپرسی دەبیرستان،تەدریس،بەرپرسی دانیشسەرای تەربیەت موعەللیمی مەهاباد. وهەر ئێستا بەرپرسی مەدرەسەی ڕاهنمایی شەهید باهونەری مەهابادم کە بە شێوەی " شبانەروزی"ئەو مەدرەسەیە بەڕێوە دەچێ .

تێکۆشانی فەرهەنگی خۆم لەساڵی ١٣٥٣ ی هەتاوی را دەست پێکرد،وباش لەبیرمە کە هەوەڵین کارم، لێکۆڵینەوەیەک بوو لەسەر کتێبی " پیدایش انسان و آغاز شهرنشینی" نووسراوی دوکتۆر یوسف فەزایی. ئەو لێکۆڵینەوەیەم لە لاپەڕی " نقد وبررسی کتاب " ڕۆژنامەی ڕەستاخیزدا چاپ کرا. ئەوجار لەگەڵ گۆواری (هوخت"مجەللەی زەردوشتیانی ئێرانی) هاوکاری نێزیکم هەبووە ولەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی یەکان شتم بۆ دەنووسین و لەو گۆوارەدا، بڵاو دەبوونەوە.

زۆرتر زەوق وعەلاقەم لەسەر تاریخە ولەڕشتەی تاریخیشدا زۆرتر دڵم بۆ تاریخی کوردستان لێدەدا و پێم خۆشە لەو بارەوە ئەگەر خزمەتێکم لەدەست بێ بیکەم. کۆمەڵناسی وزمان ناسی دوو ڕشتەی دیکەن کە جار و بار لەوانیشدا موتالایەکی دەکەم .

ئەو کارانەی کە تا ئێستا کردوومن بەتەفکیک هەرکام لەگەڵ یەکدوو دێر ناساندن بەعەرزوو دەگەیەنم:

الف) بەزمانی کوردی:

١ـ کۆمارە کوردیەکی ساڵی ١٩٤٦ ی زایینی(وەرگێڕان)

ئەم کتێبە لە لایەن ویلیام ئیگلتن جونیرەوە ، نووسراوە کە لەساڵی ١٩٦٣ای زایینی دا لە لایەن بەشی ئینتیشاراتی دانیشگای ئاکسفۆڕدەوە چاپ کراوە . دەتوانم بڵێم کەجامیع ترین نووسراوە لەبابەت ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ای هەتاوی مەهابادە کە زۆر بەداخەوە شێوەی چاپ ونەوعی کاغەز و جڵدی مەتنە کوردی یەکەی زۆر خراپە. بە نەزەری خۆم لازمە کە لەسەرڕا جارێکی دیکە بە ئەو تەرجەمەیەدا بێمەوە ، چاکی کەمەوە، جوملەبەندی یەکەی بێنمەوە حاڵ ، حوروف چینێکی باش بکرێ ولە کاغەزی چاک چاپ بکرێتەوە .

٢ـ ژێ.کاف چ بوو ؟

وت وویێژ لەگەڵ جەنابی مەلا قادری مودەڕڕیسی یەکێک لە بناغەدانەرەکانی کۆمەڵەی ژی.کاف کە بەختەوەرانە ئێستاش هەر لەحاڵی حەیاتدایە لەکتێبی " نیشتمان" کە مامۆستا جەماڵ نەبەز لە ئوروپا بڵاوی کردۆتەوە و باسێکی موفەسسەلی لەبابەت کۆمەڵەی ژێ کاف و گۆواری نیشتمان ئۆرگانی ئەو کۆمەڵەیە ، نووسیوی وچاپی کردووە ئیشارەی بەم ریسالە چووکەی ژێ.کاف چ بوو؟ کردووە و وای نیشان داوە کە شتێکی بێ کەڵک نەبووە. لەنێو خۆمان کە بڵاو بۆوە زۆری هەڵلا لێ پەیدا بوو، هەر بۆیە ئەمن سەرلەنوێ چوومەوە خزمەت جەنابی مەلا قادر وهەموو ئینتیقادەکانم پێ ڕاگەیاند. ئەویش لوتفی کرد ودەفتەرچەی یادداشتەکانی خۆی کە لەوبارەوە لەمێژ بوو نووسیبوی لە ئیختیارنام کە بە فارسی و بەنێوی " نگاهی دیگر به ژ.کاف " بڵاوم کردەوە.

٣ـ تاپۆ وبوومەلێڵ،یازدە بەرنامەی ڕادیۆیی وچەند پارچە شیعری شاعیری خوالێخۆشبوو سوارەی ئیلخانی زادە. ئەڵبەت ئەوە لە تیعدادیکی زۆردا بڵاو نەبۆتەوە.

٤ـ مەقالەیەک لەسەر دوکتۆر کامران بەدرخان .

٥ـ بیروڕاکانی نێهرۆ.

٦ـ بیرەوەریەکانی ئارشی ڕۆزوێڵت سەبارەت بە کۆماری مەهاباد.

٧ـ بیۆگرافی یەکی دلشاد ڕەسوولی (زۆری لێ تەکسیر نەکراوە).

٨ـ ڕۆژ ژمێری مەهاباد

ساڵی ۱۳۶۲ی هەتاوی(باغەڵی)
۹- ڕۆژ ژمێری مەهاباد ساڵی ۱۳۶۳ی هەتاوی کە چاپ نەبووە.

تەرجەمەی کتێبی(حیوانات را دستکم نگیرید- اثر عزیزنسین) بەکوردی و بە نێوی : "لە حەیوان سووک مەڕوانن"- ئەوان بە کەم مەزانن. ئەوکتێبە باشترین ونێزیکترین ڕێگا بۆ لای خودا وناسینی وی نیشان دەدا، بەڵام لە ڕێگەیەکی غەیری باس و جەدەلی ئیدئۆلۆژیکی ئەو کتێبە هەمووی بەسەرهاتی سەیر و سەرنج ڕاکێشی حەیواناتە کە ئەفسانە نین و چەندین داستان و سەرگوزەشتەی تازەش لە ناوچەی خۆمانی لێ زیاد کراوە و شتێکە لە نەوعی خۆیدا ڕەنگە جالب بێت. ئەو کتێبە بە هاوکاری برای بەڕێزم عەبدوڵڵای سەمەدی تەرجومە کراوە کەئێستا بەیارمەتی دۆستانی خۆشەویستم خەریکە چاپ دەبێ.هیوادارم لە داهاتوویەکی نیزیکدا بە دەستی فەرهەنگدۆستانی خۆشەویست بگا

ب) بە زمانی فارسی :

۱- جمهوری ۱۹۴۶کردستان نوشته ویلیام ایگلتن جۆنیر.

۲- خودآموز زبان اردو در دو ماه.نوشته پروفسور عزیزالرحمن .

۳- نقش آقا شیخ و دولت درزندگی اجتماعی و سیاسی کردستان. نوشتە مارتین .وان .برۆنسە. ئەو کتێبە تێزی دەورەی دوکتۆرای ئاغای مارتین .وان.برۆنسە - یە. هەربۆیەش بەزمانێکی زۆر ڕەق وفەننی نووسراوە. مێژووی دینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان لەڕۆژگاری سەفەوی را هێناوە تادەگاتە ساڵی ۱۹۷۵ی زایینی ولەوێدا دوایی پێ دێنێ. ئەو کتێبە زیاتر لە هەزار لاپەڕە و ئێستا لە مەسیری ئیزن وەرگرتن بۆچاپ و کاغەز پەیدا کردن و...دایە .

۴- قبایل کردودولت ایران نوشته مارتین. وان برونسە.ئەوەش لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر بزوتنەوەی سمایل ئاغای سمکۆ.

۵- طوایف وعشایر کرد بە سوورەتی بۆڵتەن لە ۵۰۰ نوسخەدا پۆلی کۆپی کرا و بڵاو بۆوە .

۶- تاریخچه مهاباد.کە ریسالەیەکی کەم و کورتە و ئیتیلاعاتێکی کوللی تێدا هەیە.

۷- مجموعه مقالات درباره کردستان. دوازدە مەقالەیە حەوتی تەحقیقی و پێنجی کۆمەڵایەتی کە زیاتر لە چوار ساڵە لە ئیختیاری ئینتیشاراتی سەیدیان دا شایەد ئینشائەڵڵا چاپ بکرێ.

۸- نگاهی دیگر بە ژ کاف. بەشکڵی بۆڵتەن و پۆلی کۆپی لە چەند نوسخەدا بڵاو کراوەتەوە.

۹- منظومهٔ کردی حمزه آقا منگور. ئەوەش هەر بە شێوەی بۆڵتەن بڵاو بۆتەوە.

۱۰- یادی از شهیدجاوید استاد عبدالکریم شهریکندی. بە سووڕەتی پۆلی کۆپی لە ۱۰۰ دانەدا بڵاو کراوەتەوە.

۱۱- خط مهمترین اختراع بشر. نوشته دکتر عزیز ژیان. بەسووڕەتی پۆلی کۆپی لە ۱۵۰ دانەدا بڵاو کراوەتەوە .

۱۲- بازسازی زبان ترکی نوشته دیانا سپیرمن، وام نعیم تورفان. باسێکی سەرنج ڕاکێش لە بابەت ئاڵ و گۆڕێکی کە لە تورکیەبەسەر خەت وزمانی تورکی داهاتووە ئەوەش هەر بە سووڕەتی پۆلی کۆپی بڵاو کراوەتەوە .

۱۳- مصادر زبان اسپرانتو. بەسوورەتی پۆلی کۆپی و لە۵۰۰ نوسخەدا بڵاو بۆتەوە.

۱۴- شرح حال مختصر مولانا قزلجی .

۱۵- کردها نوشتەتوماس بوآ. این کار فعلا" ناقص است .

۱۶- تاریخچه دبیرستان استاد شهید شهریکندی .

۱۷- حجاریهای غار

گندوک درکردستان نوشته روان شاد کلنل توفیق وهبی .

ئەو کارە نیوەچڵانەی کە ئەلعان بەدەستەوەن وخودا دەزانێ کە بۆم تەواو دەبن یان نا :

١- گرامر عملی زبان ، کردی،لهجه مکری. نوشته ال .او .فاسوم.ئەو کتێبە لە نەوعی خۆیدا شتێکی کەموێنەیە کە مەتنە ئەسلی یەکەی لە ساڵی ١٩١٦ی زایینی لەنیویۆرک لە چاپ دراوە .

٢- هندوئیزم فلسفه و راه زندگی. نوشته سی.راجا گوپالاچاری چاپ ١٩٧٠ بمبی چاپ سوم. ئەو کتێبە لە لایەن یەکێک لە یاران و نێزیکانی مهاتماگاندی -یەوە نووسراوە کە خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەرکی دنیایەکی نوێ و سەرنج ڕاکێش روو بە فیکری بەشەری دەکاتەوە .

٣- تاریخ مهاباد.

تاریخی مەهابادکتێبێکە کە ئەمن بەکاری ئەسلی و دریژخایەنی خۆمم داناوە لە ڕۆژگاری سەفەوی ڕادەستم پێکردووە و ئەگەر خودا بیەوێ تا ئەوڕۆی دێنم . ئەو کتێبە چەند بەشە :

تاریخ اجتماعی، تاریخ سیاسی،تاریخ ادبی، تاریخ فرهنگ وتعلیم و تربیت مشاهیر وبزرگان و ......

ئەڵبەت ئیقرار دەکەم کە ئەوە کاری یەک نەفەر نیە و دەبوو کۆڕێک ئەو کارە بکەن. ئەمما کاتێک دەبینم وا وێ ناچێ کە کەسێک حەوسەلەی ئەو کارەی هەبێ ، خۆ بە مەجبوور دەزانم کە ئەوەندەی لەدەستم دێ بیکەم. تکاشم ئەوەیە کە لە هەر شارە کوردنشینەی یەکێک هەستێ و لەبابەت شارەکەی خۆی کارێکی ئاوا بکا . تا کاتی نووسینی ئەو نامەیە نێزیک چوارسەد لاپەڕەم کۆ کردۆتەوە و دەزانم جارێ کەمە. گەلێکم سەنەد وقەباڵەی قەدیمی دەس خەت ،عەکس و.... خڕ کردۆتەوە. لێرەشدا فورسەت بە غەنیمەت دەزانم و لە هەموو ئەو کەسانەی ئەو نووسراوە دەخوێننەوە تکا دەکەم کۆمەگێکم بکەن، هەر چەشنە سەنەد ،عەکس،قەباڵەی قەدیمی و نووسراوەیان هەیە کە بە نەوعێک پەیوەندی بە تاریخی مەهابادەوە هەبێ یان بەهیمەت یان بە قیمەت یان هەر چلۆنێکی بۆخۆیان بەمەسڵەحەتی دەزانن دەئیختیارمی بنێن هەتا بەنێوی خۆیان کەڵک لەو شتە وەرگرین و تاریخێکی کەمعەیب بتوانین وەدەر خەین .

لەدوایی دا تکایەکم هەیە لە ئەفرادی دەوڵەمەندی وڵاتەکەمان. ئەڵبەت ئەوەی دەی لێم بۆخۆمم نیە ،ئەمن نووسراوەکانم بەهەر چلۆنێک بێ بڵاو دەکەمەوە، وەکی تا ئێستا کردوومە. لەنێو مەدا نووسراوەی یەکجار بەئەرزیش هەیە کەساحیبانی ئەو نووسراوانە لەبەر دەس کورتی بۆیان ناکرێ چاپی کەن وبڵاوی کەنەوە ، حەتتا زۆر نووسراوە لە مەعرەزی لەناوچوون دان . ئەفرادێک لەنێو ئێمەدا هەن کە چەند میلیۆن تمەن پووڵ دەدەن بە کەلاوەیەک و دەیکەنە پاساژ، پووڵی زۆر لەڕێگەی پڕوپوچ خەرج دەکەن یان لەڕێگەی شتی وای خەرج دەکەن کە تەنیا قازانجی ماددی و دنیایی هەیە، ئەوانە گەورەیی بکەن ولە رێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەوئاسەوارانەی کوردی کە وەک گەنجینە وان هەنگاوێک هەڵگرن. ئەو کارە هەم بەهرەی دنیایی تێدا هەم بەهرەی ئاخیرەت، هەم خزمەتە بە فەرهەنگی گەل ئەوەش هیچ نیازی بە گوتنی من نیە کە فەرهەنگ وزمان وئەدەبیاتبناغەی بوون و ژینی میللەتە و ئەگەر، میللەتێک ئەوانەی نەبێ چی هەیە ؟

مارف ئاغایی

• کورتە باسێک
• لە باری مێژوویی
• شاری
• شنــــۆ




شنۆ شارێکی کۆنی کوردە لە کۆنەوە لە زۆزانی ئەو ناوچەیە چادروچیغی کۆچەری کورد هەڵدراوە. دەنگی لاوی کورد لە کێو وڕازووەزی دا ، زایەڵەی* داوەتەوە. ئاڵ و گۆڕی زۆر قورس - بەسەر ژیانی دانیشتوانی داهاتووە ناوچەیەکیان بەجێ هێشتوە و لە هەوارێکی تر دارچەڵەیان چەقاندووە و چیغیان پێ بەستووە. لەنێو رەهەند* و ئەشکەوتان دا ژیاون،وەدوندی کێوان کەوتوون، لە بناری خۆیان گرتۆتەوە ، لە پەنا و پەسیوان مەڵاس بوونە ، گەلە کۆمەڵیان لە دوژمن کردووە ، ڕایان ناون وهەوراز ونشێوی مێژوویان تێپەڕاندووە. لەو هات وچۆیەدا جارجار لەسەر کێلێژ وتات یادگاریان بەجێ هێشتووە . بەردەنووسی بەوەجیان لەدوا ماوەتەوە .کەچی ئەو بەردە نووسە نیوە سواوانە ، لەنێو ڕەهەندی تاریک دا لەبیر چوونە وبەرەو نەمان دەڕۆن . ئەو گەلانەی خاوەنی پێناسێکی* بەوەجن دەزانن لەکوێ لە دایک بوونە ، چۆن ژیاون وپەڕیوەی کوێ بوونە و... بە کورتی پەردەی سەر ڕابردوویان وەلا ناوە ولە دەلاقەیەکی ڕووناک را بەرجەوەندی مێژووی خۆیان دەبینن. بۆ وەدەست هێنانی ئەوبەڵگانە ئەشکەوتیان پشکنیوە ، کێل وتاتیان هەڵگێر وەرگێڕ کردووە ، دۆڵ وخڕوکێویان پێواوە وتەنانەت زەوی یان هەڵکۆڵیوە وسواڵەتیان لێ وەدەر خستووە .بەڵام ئێمە چی ؟ چیمان کردووە؟ ئاسەوار دەبێ لەدوندی کێو چەقی بێ بە خەتێکی خۆش نووسرابن . وێنەیەکی جوانی لەسەر کێشرابێتەوە واتە بڵیندگۆیەکی بەدەست وهاوار بکاو بڵێ من ئاسەوارێکی کۆن و بەوەجم. ئەوجار خەڵک پێ بزانن و چاوەڕوان بن کۆنینەناسێکی دەرەوە بێ و ڕای سپێرن هەتالێکۆڵینەوەی لەسەر بکا !!

دڵنیام ئەگەر کێلەشینیش بەو قەد وقەڵافەتەی لەسەر دوندی کێو نەچەقاندرابا و سەرنجی دیرینەناسان و گەڕۆکانی* دەرەوەی ڕانەکێشابا ئێستاش نەدەناسرا .


لەو باسەدا دەمەوێ سەربە کۆنە ڕەهەندێک هەڵێنین و بزانین لەوێ چ ،اسە ؟

لەسەر چەقی شەقامەڕێی ورمێ ،شنۆ (لە ١٨ کیلۆمێتری شار) لە ناوچەیەک بەنێوی عەینەڕۆم ئاوێکی ساف و زولال لە زەوی هەڵدەقولێ .




دیمەنی جوانی ئەومەڵبەندە سەرنجی هەموو گەڕۆک و ڕێبوارێک بۆلای خۆی ڕادەکێشێ لە سەرەوەی ئەو کانیانە لەبناری بڵێندایی یەک چەند ڕەهەندی چکۆڵە وەبەرچاو دێن .یەکەمجار ڕابرتدایسین ئەو ڕەهەندانەی چاو پێکەوتووە. لە پاشان لە ساڵی ١٩٧٠ی زایین دا دیرینەناسەکانی ئێران بۆ ئەو مەڵبەندە هاتوون و بەرهەمی لێکۆڵینەوەکەیان لەکتێبێک بەنێوی "گزارش باستان شناسان ایران"دا نووسیوە: لە ٥٤ کیلۆمێتری باشووری شاری ورمێ لەلای ڕۆژهەڵاتی شەقامە ڕێی ورمێ ، شنۆ ڕەهەندێک وەبەرچاو دەکەوێ. لەو ڕەهەندەدا بەردەنووسێکی ئۆراتویی دیارە کەزۆر کۆنە و سواوەتەوە.سەرنج دانی ئێمە بەو ڕەهەندە بەپێی پێشنیاری"ڕابرت دایسین" بوو ئەو بەردەنووسە لە سەرەوەی کانیاوەکان لەسەر بەردێک هەڵکەوتووە. ئاوی ئەو کانیاوانە زۆر ساف وخۆشە. دەوریان سمیت نەکراوە و حەوزیان بۆ ساز نەکراوە. لە نێزیک کانی یەکان دوو بەردی ساف ولووس داندراون (ئێستا خەڵک بۆ تات کەڵکیان لێ وەردەگرێ). درێژایی بەردە گەورەکە سەدوشێست وپانایی هەشتا و ئەستوورایی پەنجا سانتی مێترە. لە سافی وڕێک وپێکی بەردەکانڕا وا وێدەچن تاشرابن . لەبەر قورسایی زۆری ئەو بەردانە بۆمان نەلوا، هەڵیان بێنین و بزانین تیشەکاری کراون یا نا؟ لەنێزیک ٥٠٠ مێتری شیمالی ئەو ڕەهەندە لەسەر بەرزایی یەک ئاسەواری چەند ماڵ بەجی ماوە. لەو بەرزایی یە سواڵەتی سەردەمی ئۆراتورمان دۆزیەوە شوێنی دیواری پێکەوەلکاوی دوو ماڵ بەجوانی دیاری دەکرێ .ئاسەواری گوندێکی چکۆڵەی دیکە وقەلایەک لە باکووری ئەو بڵێندایی یە دیارە. لە شێوەی میعماری ئەو ئاسەوارانەرا پێمان

وابنوو ئیزگای راداری ، ئۆرارتۆئیان بووه .
ئەو ڕەهەندە لە بەردی[1] کۆنگلۆمەرادا کراوەتەوە. میچەکەی گومبەزی یە بڵیندایی ٢١٦٠ مێترە ،پانایی ١/٥٠ مێترە و قووڵایی %٨٠ مێترە. قووڵایی ڕەهەندەکە بەهەڵکەوت کەمو زۆر دەبێ. چونکە تیشەکاری نەکراوە. تەنیا بەشی خواروی ئەو ئەشکەوتە بە قووڵایی ٦٠ سانتی مێتر تاشراوە. دیواری پشتەوەی ئەو حەفرەیە بۆڵای سەروو چەماوەتەوە. ئەو بەردە زستانان بەفری لەسەر دەنیشێ وبەهاران دەتوێتەوە ئەو سەهوڵ بەستن وتوانەوە پەیتا پەیتایە بۆتە هۆی ئەوە کە دوو بەش لە سێ بەشی ئەو بەردە هەڵوەرێ و بڕووخێ. ویدەچێ ئەو بەردانەی لەپێش ئەشکەوتەکە کەوتوون خەتی میخی یان لەسەر هەڵکەندرابێ. بەلام ئەو مەسەلەیە پێویستی بە هەڵکەندن وتۆژینەوە هەیە. (هیوادارم هەتا زۆردرەنگ نەبووە ئەو تۆژینەوەیە بکرێ). لەسەر دیواری پشتی ئەو ئەشکەوتە، لە بەشی خواروی گونبەزەکە ئاسەواری مەتنی میخی بەجێ ماوە (تا ئێستا نەخوێندراوەتەوە)لای چەپی دیوارەکە شەش کونی تێدایە کە جێگای گوللەی تفەنگە. دیارە نیشانەیان لەسەر داکراوە وبەئیشتیا کون کونیان کردووە !!!
لە لای ڕاستی ئەشکەوت و نێزیک بە گونبەزی، میچەکەی وشەی هالدی[2] دەخوێندرێتەوە. هالدی ناوی خێوێکە. لە بەشی خواروی پشتەوەی ڕەهەندەکە تەنیا چەند عەلامەتی میخی ساغ ماونەتەوە. ئەوانە لەچوار خەت دان وهەر خەت دەگەڵ خەتەکەی دیکە پێنج سانتی مێتری نێوانە .
دوو بەشی سەتحی دیواری ڕووبەڕوو ساغ ماونەتەوە. ئەوانی دیکە سواون و خەرا بوونە. بەلام دیسانیش لەسەر هەر دیوارێک ئاسەوارێک لە حەوت خەت



(تەرحی بێ مقیاس)



١-ویدەچێ ئەو بۆچوونە ڕاست بێ چونکە ئەوە شتێکی ڕوونە کە ئەو ناوچەیەئۆ راتوری لێ بوونە. لەزۆر بەڵگە وکتێبی مێژوویی دا نووسراوە کە ئۆراتوور لە ئازەربایجان و ناوچەی شنۆ ژیاون. بۆ وێنە لەکتێبی " آذربایجان قبل از تاریخ و پس ازآن" نووسراوە: ئۆراتوورەکان لە قەومەکانی زۆر کۆنی ئازەربایجانن و.. لە ئاخرەکانی سەدەی نۆهەمی پێش زایین دا شاری موساسیرـ یان گرت. ئەو شارە لەناوچەی پڕ کەندۆکۆسپی جەنووبی ڕۆژهەلاتی دەریاچەی (وان) تەقریبەن نێوان ڕواندوز و شنۆ) بوو. یا لە (مسالک الممالک)دا نووسرا ئۆوراتوورەکان لە سەدەی نۆهەم هەتا حەوتەمی پێش زایین دا لە...وئازەربایجان وقەفقازدا ژیاون .
٢- ئەو هالدیە دەبێ هەمان هالدیە بێ کە لە بەردەنووسی کێلەشینیش داناوی نووسراوە. هالدی لە سەدەی نوهەمی پێش زایین دا ناوی دەوڵەتێک بووە لە ناوچەی "وان" کە ئاشووری یەکان ئۆراتووریشیان پێ گوتوون . هەروەها بەڵگەیەکی دیکەش ئەوەیە کە لایەکی بەردی کێلەشین بەزمانی ئۆراتووری نووسراوە.
ئاسەوارەکانی ئەو ڕەهەندەش هەر بەزمانی ئۆراتووری نووسراون .

بە بڵیندایی ٣٦ سانتی میتر دەبیندرێ نەواری نووسراوی لای چەپی دیواری ڕووبەڕوو بە سانایی ناخوێندرێتەوە. ئەو بەردەنووسە هەر چەند تا ڕادەیەک تێک چووە و بەرداشی زەمان سواندویەتی بەڵام زۆر گرینگە ودەبێ سەرنجی پێ بدرێ چونکە لە سەر چەقی شەقامی ڕیی شنۆ ورمێ هەڵکەوتووە. ئەوە شتێکی ڕوونە کە ئەو ڕەهەندە لەگەڵ ئەوکانیاوە پڕ ئاوانە وئەو جادەیەی بە قەراغی دا ڕۆیوە بۆ ڕەبت نەبووە .

لە ١٨ کیلۆمێتری باکووری ئەو ئاسەوارە، ڕەهەندێکی دیکە دیتراوەتەوە میچی گونبەزی یە و دوو حوجرەی کێوی لەنێزیک یەتی . بڵیندایی ٢/٢٠ سانتی مێترە. بەو بەڵگانەی لەڕەهەندی پێشوو وەدەست کەوتوون دەتوانین بڵێین کە ئەو ڕەهەندەش لە سەردەمی ئۆڕاتوردا ساز کراوە . دیتنەوەی ئەو ئاسەوارانە مەسەلەیەکی گرینگی بۆ ڕوون کردوینەوە ئەویش ڕێگای پەیوەندگرتنی ئۆڕاتوورەکان لەجەنووبی ڕۆژئاوا وڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ یە . ئەو ڕێگایە لە دڕگەیەک ڕا کەپەیکەرەیەکی پادشای منوای لێ یە (لە سنووری ئێران و عێراق دا هەڵکەوتووە) دەست پێدەکا و دێتە نەواڵی شنۆیە ولەوێ دەبێ بە چەند لک .یەکیان دەچێ بو قەتڵگا وحەسەنلوو و داش تەپە .ولە جەنووبی دەریاچەی ورمێ هەتا ناوچەی لێلان دەڕواتە پێش .

ڕێگایەکی دیکە لە شنۆیەڕا دەچێتە لای شومال و لە یەکێک لەبنکە قایمەکانی ئۆڕاتوریان تێ دەپەڕێ و دەچێتە ناوچەکانی کێوی و بە ملەیەکی ئارامدا لە ڕەهەندی بەردەنووسەکەتێپەڕ دەبێ و بە نێزیک دوو حوجرە کێویەکاندا دەچێتە دەشتی ورمێ .

لە لای دیکەی ئەو نەواڵە لەسەر تەپکێک ئاسەواری گوندێکی زۆر کۆن دیارە . ئەو ناوچەیە لە سەردەمی ئیسلامدا جارێکی دیکەش ئاوەدان کراوە .

***

لە دە کیلۆمێتری باکووری عەینەڕۆم لە نێزیک گوندی "ڕەشگوند" جێگایەکی بڵیند هەیە کە دیوارەکانی بە بەردی (بلامەلات) تراشبەندی کراون . ئەو بەرزاییە زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە سەردەمی ئۆراتووری وهەخاـ مەنشیان . ئاسەواری چەند دیوار و سواڵەتی هەزارەی یەکەمی پێش زایین لەسەر ئەو بەرزاییە دیارە. لە بەرامبەر ئەو بەرزاییەدا تەپکەیەکی دیکە سەری وەدەرخستووە کەپێی دەڵێن "کالود". ئاسەواری دیوارێکیش لە خوارووی ئەو بڵیندایە دیارە. ئەو دیوارە زۆر کۆنە، بەڵام ئێستا دیاری نەکراوە لە چ زەمانێکدا ساز کراوە.

سەرچاوەکان

١ـ آذربایجان پیش از تاریخ وپس از آن .

٢ـ تحقیقات باستانشناسی ایران


٣ـ مسالک الممالک

هەروەها لەو لێکۆڵینەوەوەی کە ئاغای تەها زادە لەبارەی جوغرافیای شنۆدا کردبووی لەو بەشەو لەبەشەکانی جۆغرافیایی دا وەکوو سەرچاوەیەک کەڵک وەرگیراوە .

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئاسەوارانەی شاری شنۆم لەدەستدایە و خوا یاربێ لە داهاتوودا بڵاو دەکرێنەوە :
بەردی کەلی ـ ئەشکەوتی نووسەکان ـ تەپکی قەلات ـ گردی مەلا ئەحمەد ـ تەپکی دنخە و ئەفسانەی سواری زەرێ .

مەلا سەعید ئیبراهیمی

ئیبنولحاجب



زانایانی بەناوبانگی کورد ...

زاناونووسەری پایەبەرزی ئێرانی مامۆستا دێهخودا لە فەرهەنگی بەناوبانگی خۆیدا نووسیویەتی "**ئیبنەلحاجب جەمالەدین ئەبوو عومەر عوسمان کوڕی عومەر کوڕی ئەبووبەکر ولەبنەڕەتا ئێرانی ولەنەتەوەی کوردە.** باوکی پەردەداری ئەمیر "**عێزەدین موسک السەلاحی**" بووە. لەوڵاتی میسر لەدایک بووە ولە شاری قاهیرە وێژە وئەدەبی عەرەب و فیقهی ئیسلاهی خوێندووە و ماوەیەک لە شاری دیمشق دەرسی کوتۆتەوە .وکتێبەکانی بە چەشنێکی روون وئاشکرا نووسراون وبەتایبەت دوو کتێبی " **کافیە**"و"**شافیە**" ی لە هەموو شوێنێکی دونیای ئیسلامدا دەخوێندرێن و ناوبانگیان هەیە وکتێبی " **مختصرالمنتهی**"ئەو نووسەرە بە یەکێک لە کتێبە گرینگەکانی (اصول فقە) لە قەڵەم دراوە ولە پاشان نێوی کتێبەکانی تری دەبا ..

"مستەفا ئەلمەراغی" لە کتێبی "المبین فی طبقات الاصولین" بەرگی دووهەم لاپەڕەی ۶۶ دا نووسیویەتی ئیبنولحاجب لەوڵاتی میسر لەدایک بووە ولە پاشان چۆتە شاری قاهیرە و لە فێرگەکانی ئەوشارە دەستی کردووە بەخوێندنی قورئانی پیرۆز ولە پاشان کتێبی فیقهی لە مەزهەبی ئیمامی مالیکدا و ئەدەبیاتی عەرەبی لەلای پیاوەگەورەکان وزانایانی نێوبەدەرەوەی میسر خوێندووە .

مستەفا ئەلمەراغی لە درێژەی باسەکەی دا نووسیویە ئیبنولحاجب خزمەتێکی زۆری بەئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە و لە لای خەلک زۆر خۆشەویست وبەرێز بووە و جێی خۆی لەدڵی هەموو زانایەکی دڵسۆزدا کردۆتەوە ولە زانینی "فقە"دا شارەزا بووە وکتێبی زۆری نووسیوە لەزانستی "**اصول الفقە**" دا نێوبانگی بە هەموو شوێن وقاڕەیەکی دونیادا بڵاو بۆتەوە ولە**حیکمەت وکەلام** دا دەستێکی باڵا و بەهێزی بووە ولە رێز و دەستەی "متکلمین" داندراوە و شاعیرێکی بەرێز لەدەریای زانست دا ومەلەوان بووە.

"**ئیبنی مەهدی لەکتێبەکەی خۆیدا نووسیویەتی** :

"ئیبنولحاجب هەڵکەوتووی زەمان وسەرۆکی زانایانی دەوری خۆی بووەوماموستا ـ یەکی بێ وێنە وبێ هاوتا بووە. لە نووسراوە بەرزەکانیەوە وادەردەکەوێ کە تا پلەیەکی زۆر بەرز هێز ودەسەڵاتی نووسین و قەڵەمی بووە.

شێخ شەهابەدین دیمشقی کە بە کوڕی ئەبی شامە- مەشهوورە لەکتێبی "**الذیل**


علی الروضتین" نووسیویە ئیبنولحاجب کۆڵەکەیەکە لە کۆڵەکەکانی دین و لە زانست وزانیاری وکردەوەداو بە جەوهەر وزانا بووە . لە زانستەکان و حیکمەت وکەلام وفقەو ئوسوول دا، کەس نەیگەیاندۆتە ئەو بەدڵ ودەروونێکی بەتین و پڕ لە خۆشەویستی یەوە ماوەیەکی زۆر لە شاری دیمشق دا لە مەدرەسەی مالیکی دا خەریکی دەرس کوتنەوەی زانیستەکانی ئیسلامی بووە وبە سەدان زانای پایەبەرزی وەکوو **شەهابەددینی قەراخی وقازی ناسرەدین ئیبنی مونیر و قازی ناسرەدین ئەبیاری و ناسرەدین رواوی ... وسەدان زانای تر لە لای ئەو دەرسیان خوێندووە و پێ گەیون .**

ئیبنولحاجب لە دەور و خولی خۆیدا بە زانایەکی پسپۆڕ وهەڵکەوتوو ناسراوە مێژوو نیشانی داوە کە ئەو پیاوە گەورەیە لە دەریای زانست وزانیاییدا گەمیەوانێکی چوست و چالاک وکارامە بووە .ئیبنی خەلە- کان لە لاپەڕەی ٣١٤ی بەرگی یەکەمی کتێبی "وفیات‌الاعیان دەڵێ:"من خۆم چەندشیعر و مەبەستی سخت و ئەستەم و موشکیلم لێ پرسی و ئیبنی حاجیب بە بیرێکی ورد وهەست و هۆشێکی باشەوە بنەڕەتی ناوەرۆکی مەبەستەکەی وەدەرخست وبە جوانترین شێوە شێ کردەوە ولێکی دەدایەوە و وەڵامی راست ودروستی دەداوە و ئەگەر باسەکە درێژەی نەبا دەمان نووسی .

"زریکلی" و "کەحالە" لەکتێبی مێژوویی خۆیاندا نووسراوە و شوێنەوارەکانی ئیبنولحاجیان بەوجۆرە ناو، بردووە **"کافیە" لەزانستی نەحودا "شافیە" لە زانستی سەرف دا چ"جامع الامهات" لەفیقهی ئیمام مالیک دا "المقصدالجلیل" لە عیلمی عەرووزدا "الامالی النحویە" "منتهی السؤل والامل فی علم الاصول والجدل" لەزانستی ئوسوولی "فقە"دا . "مختصرمنتهی السول والامل " الایضاح" .**

مەحموودی شەهابی مامۆستای زانکۆی حقووقی زانستگاکانی تاران لە لاپەرەی ٣٦ ی **تەقریراتی ئوسوول دا نووسیوەتی ئیبنوالحاجب ئەبوو عومەر وعوسمان ئیبنن وعومەر کوردی باوکی لە تایفەی کورد بووە** .لە لەشکریانی ئەمیرعێزەدین سەلاحی و پەردەداری ئەو بووە. هەر بەو هۆیەوە بەئیبنولجاجب نێوبانگی دەرکردووە ولە مامۆستایانی گەورەی ئەدەب و لەزانایانی پایەبەرز و نێویەدەرەوەی نەحو وسەرف وویژەی عەرەب بووە.

کتێبی قافیەی ئەوبەتایبەت لەگەڵ شەرحی کە فەیلەسوفی زانستی نەحو مامۆستا "نجم الائمەرضی ئوستڕئابادی" لە سەری نووسیویە بۆ داوخوازانی نەحو بەسە و کافیە. وکتێبی " شافیە" زانستی سەرف و وردەکاری و جوانکاری یەکی زۆری تێدایە ووافیە وکتێبی " مختصر منتهی" لەعیلمی ئوسوول دا زانایان ولێکۆڵێنەران سوودی زۆریان لێگرتووە و هەر لەو کتێبەدا ئوستاد شەهابی لە لاپەڕەی ١٥٦دا نووسیویەتی "موختەسەری حاجیبی" چەند سەدە جێگای سەرنج بووە وزانایی شیعە پەراوێز وتەعلیقێکیان لەسەر نووسیوە وبەدەرس کوتوویانە کەحالە نووسیویەتی لە کۆتایی ساڵی ٥٧٠ لە وڵاتی میسر لەدایک بووە و لە شەووالی ساڵی ٦٤٦ لەشاری ئەسکەندەری یەی میسر کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ ساڵح ئەبی ئەسمە بەخاک سپێراوە .



سمایل پیران

چارەڕەشی



تەنزی کۆمەڵایەتی

ڕۆژێکی هەینی مانگی گەلاوێژ بوو، بەدوای سەر- خەوێکی دوانیوەڕۆ هەستام و هێندێک خۆم لەبەریەک کێشاوەو یەکدوو باوێشکم هاتێ. بە لەشێکی گران و چاوانی خەواڵوو دوو سێ لۆچم ئاو بە دەم وچاوان داکرد. زۆرم ئیشتیا لە چا بوو، کەتری یەکەم وەسەر نا ولە جێگای خۆم دانیشتم چی وای پێ نەچوو کەتری وەهازە،هاز کەوت. نازانم ئاوەکە وەکوڵ هاتبوو یا نا،بەڵام چەند ئیسکانێکم دێم کرد وپاش چاخواردنەوە کەتری وچایدانەکەم وەلا نا وبێ تۆ ناخۆش جغارەیەکی ئوشنۆویژەم دە مۆدنەکە ناو دامگیرساند. بەڵام هەر لەلای خۆمان بێ ئەو هەموو حەول ودەولەم هەر بۆ جغارەکە بوو.ئەویشم بەئاخر گەیاند ئەگەر بڵێم تۆزێک حاڵم هاتەوە سەرخۆ درۆیە.وەڵڵاهی وەک تۆپیم لێهات. ئەوجار دڵم بۆماڵی مامم کەوتە گاڵەگاڵ. ئاخر ئامۆژنم چەندە بڵێی تێگەیشتوو بەسەبرە. جا ئەگەر بەڵێنی ئەوەشت پێ بدا کە بۆت بچێتە خوازبێنی کچی هاوسێیان مەپرسە چەند عاقڵ وئینسان دێتە بەرچاو! کلۆڵی وەک منیش سێبوری بەو نەبێ بەکەس نایە. دێیەکەشیان زۆر لە شاری دوور نەبوو. ڕێگاکەشی تازە قیلەتاو کرابوو و هاتوو چۆش بەرێگەی قیلەتاودا هەتا بڵێی خۆشە.

هەستام کەواوپاتۆڵەکەم دەبەر کرد و پشتێندم لێ بەست و بەبۆنەی چوونە ماڵە مامم دەرگاوبانم داخست و وەدەرکەوتم.

هەرکە لە حەسارێ وەدەرکەوتم چاوم بە قوڕو چڵپاوی کۆڵانەکەمان کەوت. ڕیخ وپەینم پێ باشتر بوو. بەخۆم دەگوت باش نیە ڕیخ وپەین ئەگەر پیسیش بێ قازانجی هەیە، بەڵام قوڕوچڵپاو ئەتۆ چی؟ لەو قسانەدا بووم کە کوڕە، هاوسێکەی دوو دەرگا ئەولا -ترمان کوچکە بەردێکی لە قوڕوچڵپاوەکە هاویشت و لایەکی پاتۆڵەکەمی قوڕاوی کرد. ئەوجار هێندەی دی هەترەشم چوو. وام لێ هاتبوو ڕاستبچمە بۆنگای کڕین وفرۆشتنی موڵک و سامان وخانووبەرەکەم بفرۆشم بەڵام هەروەک گوتم هەینی بوو وهەموو جێ یەک داخرابوو. ئەوەشم لەدڵی خۆمدا ڕاگرت کە ئەگەر ئێوارەیەک یا شەوێک لەجێیەک کۆ بووینەوە بە چەشنێک بە بابەکەی ڕابگەیەنم وبڵێم برا خۆ منداڵ ڕاهێنان بەمشێوەیە نابێ!

هەرچۆنێک بوو لە کۆڵان دەربازم بوو وخۆم گەیاندە نێو شەقام. لایەکی شەقامەکە هەڵکەندرابوو تەنانەت فیلیشی لێ دەرنەدە- چوو چ بگا بە منی بێ هێزی بەستەزمان! لە لایەکەی دی ئامێری* قیلەتاو کاری دەکرد وبۆوەی نەدەبوو بۆ لاشی بچی. بۆنی بۆتکەی* مریشک فرۆشان و تەقە تەقی ئاسنی وەستاعەلی ودووکەڵی حەمامی شەهرەداری ئینسانی هێندەی دی لەخۆ جاڕز دەکرد: بە ڕق و گازندە* وە پشتم تێکردن.شەقام وکۆڵانەکانی شارم پێوا و چوومە دەرەوەی شار. گوتم ئۆخەی خۆ ئەگەر بۆ سەعاتێکیش بێ لەو هەڵڵا وبگرە خەڵاسیم هات

لە دەرەوەی شار لە جادەی دێ ڕاوەستام، ماشێنی جۆراوجۆر لە هاتوچۆ دابوون

هێندە جوان بوون کەوێنەیان لە نوێنگەی تارانیش نەدیتراون. جارجاریش هی وام دەدیتن بەخۆم نەبوو پێکەنین دایدەگرتم، من درێژەم بە هەودای خەیاڵ دەدا وماشێنە- کانیش بە تەنیشتمدا ڕادەبردن ئەوەندەی پێ نەچووماشێنێک هات وتیژ تێپەری جارێ هەتا نەگەیشتە نێزیکی خۆم هەر نەمزانی ماشێنیش دێ کە ئەو دیمەنەم دی بەزەییم بەخۆم هات ،پێی ڕۆیشتنم نەما وگوتم خودایە نەخشت چەند جوانە .

چیتان لێ وەشێرم ئێوەش هەر هی خۆمانن .پازدەتمەن زیاترم لە گیرفاندا شک نەدەبرد، دەستم بۆ چەند ماشێن هەڵێنا بۆیان ڕانەگرتم لە حەیفان دەتمەنێکم لە گیرفان دەرێنا و وەک دەسماڵی سەرچۆپی کێش ڕام دەوەشاند. دەمگوت وەڵڵاهی ئەگەر وانێت باری ماڵاتیش بۆ بەو شەرتە بۆم ڕاگرێ سواری دەبم. لەو بیرانەدا بووم کە مینی بووسەکەی کەریمخانی وەک قەتارە تونددڕەوەکانی ژاپۆنی لەناو مێشە ودارستانەکاندا سەری وەدەرنا ،لەخۆشیان شاگەشکە بووم، باوەر کەن زاوای پێنج شەمۆی گوێسوانەی بانی ئەوەندە خۆشحاڵ نەبوو!! بە پەلە دەرکەم کردەوە، ئەگەرنایەک دوو زەلام

بەسەریەکدا کەوتنە خوار وەختابوو زەندەقم بچێ . ئەوەی هەرە زەلام خۆی لێ ڕاست وچۆپ کردم وگوتی:

- شەیتان دەڵێ زللەیەکی لێدە هەردوو چاوی لە پاشکەسەری وەدەرنێ ؟ ئاخر فیت‌فیتە ئەوە کار بوو ئەتۆ کردت ؟"

لەپڕ سەرشانی گرتم و دوو سێ جار ڕای وەشاندم. لەترسان وەک مێوژۆکە دەلەرزیم. ئەوانەی نێو ماشێنەکە بەزەییان پێمدا هات وگوتیان :

- دەی عەوڵا قەیدی ناکا خۆ شوکر چ نەبووە! "

عەوڵا بە توورەیی یەوە سواری ماشێن بووەو ئەمنیش پشوویەکم هاتەوە بەرخۆ . سواری ماشێن بووم، جا چ سوار بم زیاتر لە ۴۹ نەفەری تێدابوو. قیژو هۆڕێک بوو باب ئاگای لە کوڕ نەبوو.

منی کزی ماڵ ویران کە بەزەحمەت خۆم دە ژوورێ، پەستیبوو خۆم بە پاڵپشتی سەندەڵی شۆفێر قایم کردبوو هێندەم فشار بۆ هاتبوو ملم دەتگوت سەرە کیسەڵە لە قالبەکەی هاتۆتە دەرێ . تەپ ودووکەڵی جغارە و بۆنی کەوش وگۆریە وچڵک و ئارەقە ڕێچکەیان گرتبوو و هەراهەرای خەڵکەکەش شایی یەکەی دەگێڕا . تەگەری

مینی بوس هێشتا دووسەد دەور نەخولابوو کە کەریم خان پێی لەسەر تۆرمز دانا و دەرکەیان بەسەد ناری عەلی کردەوە. پیاوێک هاتە خوار و دوو سێ ژنیان پاڵەستودا ژوورێ. وەکوو قاز هەرجارێ پێیەکم هەڵدێنا ویەکم دادەنا. لە دێی پێشەوە دوو سێ نەفەر هاتنەخوار. کاتێک پێی چۆپەم دانا عەرزی جێی پێم زۆر نەرم بوو وامزانی تاخوریە. هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو کە مستەفای حاجی دووقودولە هەرای کرد:

-" پوورە رابی ئەو کابرایە مریشکەکەتی کوشت!

پوورەڕابی چاوی ئووقاند و زاری کردەوە وگوتی:

- هەی چرچەی مل دەنکە شەمچە کوێری ؟ ئەومرێشکەت نەدیوە ؟

زارم بەبرین چێ....

گوتم وەڵڵاهی پوورێ گیان مریشکم دیوە بەڵام ئەوەم نەدیبوو کە مریشک لە شاری ڕا بەرنە دێ!!

- بۆ هەر ئێوەی شارەیی ئینسانن وئێمەی گوندی چ نەزان ؟

- ئەستەغفیرەڵڵا پوورێ گیان کێ وای گوتووە!!

سەرەڕای ئەو هەموو دمەقاڵەیە لەوە دەترسام پێم ببژێرێ. لە ڕووی ناعیلاجی کورتم دەکێشا و

لەدڵی خۆمدا ئایەتەلکورسیم دەخوێند. لەپڕ خێرخودایەک هەرای کرد:

-"رابی ئەوە ئەوەندەی نایەنێ بە چەندیت کڕیوە با پووڵەکەت بداتەوە! بە بیستنی ئەو قسەیە هێندەی نەمابوو بەندی دڵم بپسێ. ئاخر ئەو هەموو حەول و دەولەم بۆ وەبوو پووڵی نەدەم. پوورەڕابی مەرامی بوو پووڵەکەیم پێ ببژێرێ وئەمنیش ملم نەدەدایە. ئاخر لە پازدەتمەن زیاترم پێ نەبوو. پێنج تمەنم دا کرێی ماشێن وپێنج تمەنیش لەکاتی سواربوون دا لێم ون بوو و تەنیا مابوو پێنج تمەن.

بەگوتەی پوورە ڕابی قیمەتی مریشکەکە سەدونەوەد وپێنج تمەنە. ئەوە پێنج تمەنەکە، ئەدی ١٩٠ تمەنەکەی دی لەکوێ بێنم؟! دەگ ماڵت خرابێ مامە دەگەڵ ڕێی بۆت دیتمەوە. دەترسام بڵێم هەر پێنج تمەنم هەیە، لەدڵی خۆمدا گوتم واچاکە ئەوجارەش دڵ لە دەریا دەم وپیاوەتێکی بنوێنم وبڵێم باشە پوورێ گیان ئەگەر گەڕامەوە شار مریشکێکی لە هی خۆت باشتر بۆ دەکڕمەوە. زمانی سووتاوی خۆم وەکار خست وگوتم:

- پوورێ هەرچی ئەتۆ گوتت ڕاستە بەڵام شەرت بێ ئەگەر گەڕامەوە مریشکێکی زۆر باشترت بۆ بکڕمەوە.

پوورە ڕابی زۆر بە هێمنی گوتی:

- ناوەڵڵا ئەگەر ڕاست دەکەی وپیاوێکی باشی سەد وپەنجا تمەنەکەم دەیە و چل وپێنج تمەنەکەشی بە قوربانی تۆ بێ.

موچڕکێک بەسەرتاپێی لەشم داهەڵگەڕا! خودایە چ بکەم. ئەگەر بڵێم نیمە دەڵێ ئەدی پیاوی بناش ئەو شەکرەت بۆ دەشکاند؟!. ئەگەر بڵێم باشە، ١٤٥ تمەنەکە لەکوێ بێنم؟!.

لەو خەیاڵانەدا بووم کە ماشێنەکە پەنچەر بوو. لە ماشێن هاتینەخوار لەجۆگەی قەراخ ڕێ تێرم ئاو خواردەوە و دەموچاوم شوشتن وبرێک هۆشم هاتەوە سەرخۆ. لە فکری ئەوەدا بووم بە هەر شێوەیەک بێ خۆ لەو هەرا وبگرە ڕزگار کەم. هەر ئەوەندەم دی ماشێنی کورە خاڵی دایکم گەیشتە جێ و سەری لە ماشێن وەدەرخست و گوتی:

- ئەوە لێرە چ دەکەی؟


- بۆخۆشم نازانم!

- وەرە دانیشەبگەڕێینەوە شار کارم پێتە!

- لکی پشتێندەکەم کە چاوم پێ وشک کردبووە، دەبەر پشتم ڕۆکردەوە و چاوێکم گێڕا و سوار بووم و گەڕامەوە شار. بەڵێنیمدا تا ئەمن هەم هیچ نیوەڕۆیەک بیری چوونە دەر نەکەمەوە.

ئەرێ بڵێی ئێستا پوورە ڕابێ چی کردبێ؟

بڵێی هەر چاوەنواری من نەبێ مریشکی بۆبەرم...؟



هێنده جوان بوون کەوێنەیان لە نوێنگەی تارانیش نەدیتراون. جارجاریش هی وام دەدیتن بەخۆم نەبوو پێکەنین دایدەگرتم، من درێژەم بە هەودای خەیاڵ دەداوماشێنە- کانیش بەتەنیشتمدا ڕادەبردن ئەوەندەی پێ نەچووماشێنێک هات وتیژ تێپەڕی جارێ هەتا نەگەیشتە نێزیکی خۆم هەر نەمزانی ماشێنیش دێ کە ئەو دیمەنەم دی بەزەییم بەخۆم هات ،پێی ڕۆیشتنم نەما وگوتم خودایە نەخشت چەند جوانە .

چیتان لێ وەشێرم ئێوەش هەر هی خۆمانن .پازدەتمەن زیاترم لە گیرفاندا شک نەدەبرد، دەستم بۆ چەند ماشێن هەڵێنا بۆیان ڕانەگرتم لە حەیفان دەتمەنێکم لە گیرفان دەرێنا و وەک دەسماڵی سەرچۆپی کێش ڕام دەوەشاند. دەمگوت وەڵڵاهی ئەگەر وانێت باری ماڵاتیش بۆ بەو شەرتە بۆم ڕاگرێ سواری دەبم. لەو بیرانەدا بووم کە مینی بووسەکەی کەریمخانی وەک قەتارە توندڕەوەکانی ژاپۆنی لەناو مێشە ودارستانەکاندا سەری وەدەرنا ،لەخۆشیان شاگەشکە بووم، باوەر کەن زاوای پێنج شەممۆی گوێسوانەی بانی ئەوەندە خۆشحاڵ نەبوو!! بە پەلە دەرکەم کردەوە، ئەگەرنایەک دوو زەلام بەسەریەک دا کەوتنە خوار وەختابوو زەندەقم بچێ . ئەوەی هەرە زەلام خۆی لێ ڕاست وچۆپ کردم وگوتی:

- شەیتان دەڵێ زللەیەکی لێدە هەردوو چاوی لە پاشکەسەری وەدەرنێ ؟ ئاخر فیتفیتە ئەوە کار بوو ئەتۆ کردت ؟"

لەپڕ سەرشانی گرتم و دوو سێ جار ڕای وەشاندم. لەترسان وەک مێوژۆکە دەلەرزیم. ئەوانەی نێو ماشێنەکە بەزەییان پێمدا هات وگوتیان :

- دەی عەولا قەیدی ناکا خۆ شوکر چ نەبووە! "

عەولا بە تووڕەیی یەوە سواری ماشێن بووەو ئەمنیش پشوویەکم هاتەوە بەرخۆ . سواری ماشێن بووم، جا چ سوار بم زیاتر لە ۴۹ نەفەری تێدابوو. قیژو هۆڕێک بوو باب ئاگای لە کوڕ نەبوو.

منی کزی ماڵ ویران کە بەزەحمەت خۆم دە ژووری ، پەستیبوو خۆم بە پاڵپشتی سەندەڵی شۆفێر قایم کردبوو هێندەم فشار بۆ هاتبوو ملم دەتگوت سەرە کیسەڵە لە قالبەکەی هاتۆتە دەرێ . تەپ ودووکەڵی جغارە و بۆنی کەوش وگۆریە وچڵک و ئارەقە ڕێچکەیان گرتبوو و هەراهەرای خەڵکەکەش شایی یەکەی دەگێڕا . تەگەری مینی بوس هێشتا دووسەد دەور نەخولابوو کە کەریم خان پێی لەسەر تۆرمز دانا و دەرکەیان بەسەد ناری عەلی کردەوە. پیاوێک هاتە خوار و دوو سێ ژنیان پاڵەستودا ژووری. وەکوو قاز هەرجارێ پێیەکم هەڵدینا ویەکم دادەنا. لە دێی پێشەوە دوو سێ نەفەر هاتنەخوار. کاتێک پێی چۆپەم دانا عەرزی جێی پێم زۆر نەرم بوو وامزانی تاخوریە. هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو کە مستەفای حاجی دووقودوولە هەرای کرد:

-" پوورە رابی ئەو کابرایە مریشکەکەتی کوشت!

پوورەڕابی چاوی ئووقاند و زاری کردەوە وگوتی:

- هەی چرچەی مل دەنکە شەمچە کوێری ؟ ئەومریشکەت نەدیوە ؟

زارم بەبڕین چێ....

گوتم وەڵڵاهی پوورێ گیان مریشکم دیوە بەڵام ئەوەم نەدیبوو کە مریشک لە شاری ڕا بەرنە دێ!!

- بۆ هەر ئێوەی شارەیی ئینسانن وئێمەی گوندی چ نەزان ؟

- ئەستەغفیرەڵڵا پوورێ گیان کێ وای گوتووە !!

سەرەڕای ئەو هەموو دمەقاڵەیە لەوە دەترسام پێم ببڕێرێ. لە ڕووی ، ناعیلاجی کورتم دەکێشا و

لەدڵی خۆمدا ئایەتەلکورسیم دەخوێند. لەپڕ خێرخودایەک هەرای کرد:

–" ڕابی ئەوە ئەوەندەی نایەنێ بە چەندیت کڕیوە با پووڵەکەت بداتەوە! بە بیستنی ئەو قسەیە هێندەی نەمابوو بەندی دڵم بپسێ. ئاخر ئەو هەموو حەول و دەولەم بۆ وەبوو پووڵی نەدەم. پوورەڕابی مەرامی بوو پووڵەکەیم پێ ببژێرێ وئەمنیش ملم نەدەدایە. ئاخر لە پازدەتمەن زیاترم پێ نەبوو. پێنج تمەنم دا کرێی ماشێن وپێنج تمەنیش لەکاتی سواربوون دا لێم ون بوو و تەنیا مابوو پێنج تمەن.

بەگوتەی پوورە ڕابی قیمەتی مریشکەکە سەدونەوەد وپێنج تمەنە. ئەوە پێنج تمەنەکە، ئەدی ١٩٥ تمەنەکەی دی لەکوێ بێنم؟! دەگ ماڵت خرابێ مامە دەگەڵ ڕێی بۆت دیتمەوە. دەترسام بڵێم هەر پێنج تمەنم هەیە، لەدڵی خۆمدا گوتم واچاکە ئەوجارەش دڵ لە دەریا دەم وپیاوەتێکی بنوێنم وبڵێم باشە پوورێ گیان ئەگەر گەڕامەوە شار مریشکێکی لە هی خۆت باشتر بۆ دەکڕمەوە. زمانی سووتاوی خۆم وەکار خست وگوتم:

– پوورێ هەرچی ئەتۆ گوتت ڕاستە بەڵام شەرت بێ ئەگەر گەڕامەوە مریشکێکی زۆر باشترت بۆ بکڕمەوە.

پوورە ڕابی زۆر بە هێمنی گوتی:

– ناوەڵڵا ئەگەر ڕاست دەکەی وپیاوێکی باشی سەد وپەنجا تمەنەکەم دەیە و چل وپێنج تمەنەکەشی بە قوربانی تۆ بێ.

موچڕکێک بەسەرتاپێی لەشم داهەڵگەڕا! خودایە چ بکەم. ئەگەر بڵێم نیمە دەڵێ ئەدی پیاوی باش



ئەو شەکرەت بۆ دەشکاند ؟!. ئەگەر بڵێم باشە، ١٤٥ تمەنەکە لەکوێ بێنم؟!.

لەو خەیاڵانەدا بووم کە ماشێنەکە پەنچەر بوو. لە ماشێن هاتینەخوار لەجۆگەی قەراخ ڕێ تێرم ئاو خواردەوە و دەموچاوم شوشتن وبڕێک هۆشم هاتەوە سەرخۆ. لە فکری ئەوەدا بووم بە هەر شێوەیەک بێ خۆ لەو هەرا وبگرە ڕزگار کەم. هەر ئەوەندەم دی ماشێنی کورە خاڵی دایکم گەیشتە جێ و سەری لە ماشێن وەدەرخست و گوتی:

– ئەوە لێرە چ دەکەی؟

– بۆخۆشم نازانم!

– وەرە دانیشەبگەڕێینەوە شار کارم پێتە!

– لکی پشتێندەکەم کە چاوم پێ وشک کردبووە، دەبەر پشتم ڕۆکردەوە و چاوێکم گێڕا و سوار بووم و گەڕامەوە شار. بەڵێنیمدا تا ئەمن هەم هیچ نیوەڕۆیەک بیری چوونە دەر نەکەمەوە.

ئەرێ بڵێی ئێستا پوورە ڕابێ چی کردبێ؟

بڵێی هەر چاوەنواری من نەبێ مریشکی بۆبەرم...؟

بەشی یەکەمی وتووێژ لەگەڵ ڕاوچی یەکی بەناوبانگ بەناوی مستەفا مەحموود زادەمان بڵاو کردەوە. ئێستاش درێژەی ئەم باسە بەناوی ڕاوە کەو پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێز دەکەین .

تا ئێستا ڕاو بەزۆر شێوە باسی لێ کراوە بەڵام شێوازی ڕاوی ئەمڕاوچی یە و ڕا و بۆچوونی ئەو لەسەر ڕاو باسێکی نوێ یە. بۆیە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز بۆ ئەم وتووێژە ڕادەکێشین و داوا دەکەین ئەگەر ڕاوچی وا شارەزایان پێ شک دێ وئێمە نایاننا‌سین بۆمان بنووسن و ناونیشانی ئەوانمان پێ بڵێن تا بچین بیاندوێنین و بیانناسێنین .



ڕاوی ٢٠٠٠ کوشتنی ڕازاوە

ـ بەر لە هەموو شت دەبێ کورتە مێژووی ڕاوە کەو لە کوردستاندا باس بکەی! بەم شێوەیە کە فەلسەفەکەی چیە و لە فۆلکلۆردا بۆ ئەوەندە باسی ئەو ڕاوە کراوە و بۆچی خەڵک ئەوەندە ڕاوە کەویان پێخۆشە ؟

ـ بۆ جارێکی دیکەش سپاسی سروە دەکەم کە ئەوەندە بە فەرهەنگ و داب ونەریتی کۆن و نوێی کوردەواری یەوە ماندووە . دوایە دەبێ لە بابەت پرسیارەکەت یا باشتر بڵێم پرسیارەکانتدا بڵێم کە :

کوردستان مەڵبەندێکی شاخاوی یە. دیمەن و تاڤگەی جوانی هەیە. کەویش دڵبەندی ئەمجۆرە جێگایانەیە و لە جێی وا دەژی یانی هەریمی ژیانی کەو مەڵبەندی کوردستانە. لە لایەکی دیکەشەوە کەو فرندەیەکی جوان وخۆش خەت و خاڵە وجیلوەیەکی جوانی هەیە و زووش دەستەمۆ دەبێ . بە کوردی کەو لە قەدیمەوە لە ژیانی کوردەواریدابووە وئەویش لەبەر جوانی وگۆشت ودەنگ ڕاوی کردووە.

ـ ئەڵبەت زۆر پرسیار لەم نێوەدا دێتەگۆڕ بەڵام بۆ دوایەی هەڵدەگرین و جارێ لەبارەی مێژووی چۆنەتی ڕاوە کەو پرسیار دەکەین. ڕاوە کەو لە سەرەتاوە تا ئێستا چۆن بووە ؟

ـ ئەوە باسێکی دوورو درێژە و تەنیا دەتوانم بە کورتی چەند شێوە ڕاوتان بۆ باس بکەم .

قەدیم چەکی مودێرن نەبووە تەنیا چەکی ڕاو شەمشیر وتیروکەوان بووە و هێندێکیش پلار و گۆچانیان

پێ بووە. کەو بەم جۆرە چەکانە ڕاو ناکرێ و ئەگەریش بکرێ زۆر چەتوونە. جا بۆیە هاتوون تەگبیرێکی نوێ یان لەحاڵی خۆیان کردوتەوە وداویان ناوەتەوە تەبعەن کوردستان ئەسپی زۆر بووە و بە مرووری زەمان قایمبوونی مووی کلکی ئەسپیان بۆ سەلماوەو داویان پێ چا کردووە. خۆ ئەودەم سنعەت نەبووە تا لە نایلۆن و سیم کەڵک وەربگرن. مووی ئەسپیان دەرکێشاوە و هۆندوویانە- تەوە وداویان پێ چا کردووە ولەو شوێنانەی شکیان بۆچووە ناویانەتەوەو کەو بە لاق وئەستۆ پێوەی بووە بەڵام ئێستا ئەم شێوە ڕاوە قەدەغە کراوە.

لەپاشان بەتەجرەبە چەشنە داوێکی دیکەیان ناوەتەوە وبەم شێوە کە ماکەویان لە قەفەس کردووەو زانیویانە نێرە کەو دەنگی دەبیسێ و هەستی پێدەکا وەشوێنی دەکەوێ. جا دەهاتن لەپێش ڕکە داویان دەناوە و نێرەکەو پێوەی دەبوو. ئەم ڕاوە تایبەتی بەهار بوو.

دوایە هاتن لە داوی چاکتر کەڵکیان وەرگرت و تۆڕیان پێ ساز کرد. یانی دانیان لە شوێنی تایبەتی لەسەر تورەکە ڕۆ دەکرد و



بە چیلکەوچاڵ دایاندەپۆشی و لە جی یەکی دوور مات دەبوون. کەو دەهاتن دانە بخۆن ڕاوچی تۆڕیان دەکێشا و کەو لەوێدا دەمانەوە ئەڵبەت دەبوو دوو سێ ڕۆژ پێش هەروا دانی پێوەرکەن بۆ ئەوە کەو دانەخۆرە بێ وپاشان داویان بۆ دەناوە جا واهەبوو هەموو پێوە دەبوون وواش هەبوو دەستەیەک دەفڕین وپۆلێک لە داو دەکەوتن. ئەمجۆرە ڕاوەش ئێستا قەدەغە کراوە

لە پاشان ڕاوێکی دیکە وەدەرکەوت کە تەپکەی پێ دەڵێن. دوو تەختەی ناسک وەکوو چوارچێوەی دار بە مووی ئەسپ لێک دەبەستن و عەرزی بۆ هەڵدەکۆڵن ولە ژێر خۆڵێکی سووک حاشاری دەدەن. مەودای نێوان دوو تەختەکە ۶۰ تا ۷۰ سانتی مێترە ئەویش بۆئەوەیە کە بارستی* خوڵەکە تەختەکان وێک نەیەنی. بەم شێوەش کەو راو کراوە.

زۆر شێوەی دیکەش بۆ ڕاوەکەو هەبوون کە ئێستا قەدەغە کراون.

ئینجا دێینە سەر ڕاوە تفەنگ. لەپێشدا راو بە تفەنگی سەرپڕ دەکرا کەبە باڕووتی ڕەش دەیان ئاخنی ئەوڕیش ئەوەندەی توانا نەبوو لە حەوا بنگێوێ و ڕاوچیش زۆر بەڵەد نەبوو لە لایەکی دیکەوە ئەگەر مەودا زۆر با نەیدەگەیشتێ. نێزیکیش با کەو دەیبێنی. بۆ چارەی ئەم کارەش هاتن دێوجامەیان* ساز کرد.

دێوجامە چۆن بوو؟

- دیوجامە پارچەی خامی سپی بوو. مێترێک لە مێترونیوێک دا بوو. لە پارچە وشتی دیکە شکڵی حەیوان ومار وشتی وایان



لێ چا دەکرد وشتی سوورو شین وزەردیان پێوە هەڵداوەسی. دوو کونیان تێدەکرد یەک بۆ لوولەی تفەنگ یەک بۆ چاوی ڕاوچی. دوایە لە دارێکیان دەدرووو دەچوون لە پەنا بەردێک خۆیان دەشاردەوە. هەر کە کەو دەهاتن بە دیتنی ئەم شتانە قوشقی* دەبوون ولێی دەچوونە پێش. ڕاوچی رادەوەستا تا نێزیک دەبوونەوە، دوایە تفەنگی ئاگر دەدا و دووسێ یەکی دەخستن. بەڵام ئەم کارەش چون فێڵی تێدایە قەدەغە کراوە.

لە سەدەی بیستەمدا فیکری بەشەر تەنەوە*ی کردووە باڕووت و چەکی تازە هاتوتەگۆڕ ولەباری سنعەتەوە وەپێش کەوتووین بەڵام لەباری تەفریحی سالمەوە نا سیاسەتی چەوسێنەری و کولەداری تەفریحی ناسالمی وەباو خست و بوو بە کۆسپی سەر ڕێی هەموو چەشنە تەفریحی سالم. ئەمجار بە چەکی کاری تەیار بووین و ڕاوێکی تەنیا بۆ سەرگەرمی وخافلاّن بوو، جێی خۆی دا بە موسابەقەی باڵندە و حەیوان کوشتن .ئیدی ئێستا کەمتر خەڵک بۆ هەڵمشتنی هەوای ژیانەدەری کوێستان و گوێ هەڵخستن بۆ قاسپەی کەو وخواردنەوەی قومێک ساردا وی کانی دەچێتە ڕاو.

- بەبڕوای تۆ فەسڵی ڕاوە کەو کەنگی یە ؟

- وەختێک بتوانێ هەڵفڕێ. فەرخە نەبێ. دەنا ئەم ڕاوچی یە گورگە گورگ وەختێک دیتی دەعبایەک ناتوانێ هەڵفرێ یا بڕوا هەرای دەکاتێ ودەیخوا.

وەختێک کاتی راوە کەوە کە بتوانێ هەست بەمەترسی بکا. لەلای شنۆ لە ١٥ ی خەرمانانەوە دەست پێدەکا تا بەرەبەری زستان. لە زستاندا کەو نابێ ڕاو بکرێ چون وەختی جووت*بوونیەتی.

- هەر دەعبایەکی کێوی* وکێوی تایبەتی یەکی هەیە. تایبەتی کەو چیە ؟

- کەو یەکێک لە جوانترین شاکارەکانی خیلقە-تە. لە خۆشترین و دلڕفێنترین جێگا دەژی. جێی خۆش ئاووهەواو زنوێرە دەنگیشی زۆر هەستبزوێنە و گۆشتەکەشی لە هەموو فڕندەی دیکە بەتامترە. دەنگەکەیەتی کە زۆرتر لێی بووەتە بەڵا. پێی لە باڵی بەهێزترە. زۆر زوو لەبەر چاو ون دەبێ لەنێو دالدە خۆ دەشارێتەوە و هەتا مەترسی نەگاتە ئەوپەڕی خۆی نافڕێ. راوچی یەکی لە حەوا بینگێوێ زۆر، شارەزایە. دەعبایەکی زۆر بێ زەینیشە.

- زۆر لە ڕێنوێنیت سپاس دەکەین وهیواداریـن بۆ زۆر مەبەستی دیکەش ڕێنوێنمان بی.

- سپاس وشانازی دەکەم بەوە کە شتێک بزانم وبە کاری ئێوە بێ.



ژیان چیە؟



فاروق وەفایی

ئەم پرسیارە لە زۆر، کۆنەوە لەناو خەڵکدا هەیە ژیان هەمیشە پرسیارێکی گرینگ بووە و زۆر کەس وەڵامی بۆ نەدۆزراوەتەوە. مێژوو دەڵێ ئەو زەمانەی کە **ئەفلاتوون** شاگردی **سوقرات** بوو ئەم پرسیارە لەگۆڕێ دا بوو. پاش تەواو کردنی دەرس خوێندن ئەفلاتوون فێرگەکەی خۆی بە ناوی "**ئاکادێمی**" بەرپا کرد و شاگرد وقوتابی زۆری لەخۆی خڕ کردەوە کە لە هەموان بەناوبانگتر **مامۆستای یەکەم ئەرەستوو** بوو. پرسیاری "**ژیان چیە**" لە ئاکادێمی دا کەوتە ژێر باس ولێکۆڵینەوەی زانایان و فیلسووفەکان. بەو پێیە ئەگەر بڵێین تەمەنی ئەم پرسیارە بە درێژی تەمەنی ئینسانە هەڵەمان نەکردووە، چونکە ئێستاش ئەو پرسیارە لەنێو بەرەکانی ئادەمیزادی سەر زەوی دا دووپات دەکرێتەوە. زۆر زانای بەمێشک ومژی هەڵوەدای دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەن و بیروڕای جۆراوجۆر بڵاو دەکەنەوە.

ناتوانین بڵێین ئەم پرسیارە هیچ وەڵامی نەدراوە-تەوە. بە پێچەوانە دەکرێ بڵێین کە هەر کەسێک بەزەین وسەلیقەی خۆی وەڵامێکی داوەتەوە. واتە ژماری ئەم وەڵامانە دەگاتە بارستای ژماری دانیشتووانی سەر زەوی چونکە هیچ کەس وەک وەڵامی کەسێکی دیکە ناچێ. دەتوانین هەموو ئەم وەڵامانە دەستە دەستە کەین و هەر دەستەیەک بۆخۆی ڕێبازێکی ژیان دەستنیشان دەکا.


ژیان چیە؟ ڕاستی ژیان چیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر ڕێبازی ئایینی وڕامیاری و ئابووری و زۆر لێکدانەوە و بۆچوونی فەلسەفی وحەکیمانە داڕێژراوە وهەر ڕێبازەش کۆمەڵێک لە جەماوەری خەڵکی لەخۆی کۆ کردۆتەوە وبێ وچان تێدەکۆشن ژماری لایەنگران زیاد کەن و بە زۆرە ملی و شەڕو هێزی زۆرتر بیرو بڕوای خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنن.

بەختەوەرانە جاروبار تووشی هێندێک وەڵامی بێ لایەنانە دەبین کە سەرنج ڕاکێش وپەسندی مێشک ومژی ئادەمیزادن.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار بێ گومان دەبێ پێشەکی مانایەکی ڕوون بۆ واژەی، مرۆڤ بدۆزینەوە. مانای مرۆڤ بەڕواڵەت زۆر سادە و ساکارە.بەڵام لە ڕاستیدا وانیە. ڕەنگە لە دنیای ئەمرۆدا ولە چوارچێوەی زانستی پێشکەوتوودا هیچ شتێک لە خودی ئادەمیزاد نەناسراوتر نەبێ. جاباشترە لێرەدا خۆمان لە باسی ئادەمیزاد ناسین بدزینەوەو بگەڕێینەوە سەر پرسیاری " ژیان چیە؟" چونکە ئەگەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکە بە مانایەکی ڕوون بۆ واژەی مرۆڤ ببەستینەوە بە هیچ ئاکامێک ناگەین.

بۆ ئەوەی هێندێک لایەنی وەڵامەکەمان بۆ ڕوون بێتەوە ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەخەینە بەرچاو و

لە بەرامبەر هەموویاندا
وەڵامێکی "نە" دەنووسین .



- ئایا ژیان یانی عەرابەی لاشەکێشان ؟

- ئایا ژیان یانی بۆ ئامانجی وبەزین و ئاخ و ئۆف ؟

- ئایا ژیان یانی ژیانێکی مردوویی و بۆ بزووتنەوە ؟

- ئایا ژیان یانی پێوانی ڕێگەی نێوان ماڵ و ئیدارە ؟

- ئایا ژیان یانی بوون بە بوونی نێوئاوێنە ؟

- ئایا ژیان یانی هیچ وپەنا بردن بو قوتابخانەی هیچی گەری و پانکیسم ؟

- ئایا ژیان یانی هەر لەبیری پرچی خاو و چاوی کەژاڵ دا بوون ؟

- ئایا ژیان یانی بە هەر بایەکشەن کردن ؟

- ئایا ژیان یانی هەراج وفرۆشتنی گیان لە بازاڕی بێ گیانان دا ؟

- ئایا ژیان یانی هەر گەمە و گاڵتە ؟

- ئایا ژیان یانی هەر " خۆت " ؟

پاش نووسینی " نە" بەرامبەر بەو پرسیارانە ڕەنگە ئاوا بنووسین :

- ژیان یانی مەلەکردن لە دنیای یەک سللول دا .

- ژیان یانی چوون دەناخی دەروونی یەک ئەتۆم .

- ژیان یانی جۆلانە هەڵبەستن لەناو نێرۆنەکانی مێشکدا .

- ژیان یانی هەڵفڕین بۆ ناو ئەستێرەکان .

- ژیان یانی خولدان و سووڕانەوە بەنێو یاساکانی بیرکاری دا .

- ژیان یانی ئارەق ڕشتن بۆ وەدەست هێنانی یاساکانی کۆمەڵ .

- ژیان یانی کۆشش بۆ دابین کردنی یاسای مرۆڤایەتی .

- ژیان یانی بەگژ پێشێل کەرانی مافی ئینسا- نی دا چوون .

- ژیان یانی بەختەوەرانە مردن .

فۆرمی ئابوونمان

شمارە

ناو..........شۆرەت..........دانیشتووی..........

.......تمەنم بەحسابی ژمارە ٥٤٠٠ ی شوعبەی ناوەندی بانکی سپەی ژرمێ گرت و

فیشەکەم وتێرای ئەم بەرگە بۆ نادرن . لەژمارە........را هەتا........گۆواری سروەم.

بۆ بەرێ بکەن .

ناونیشان ....

....

ڕێنوێنی ئەدەبی

بۆکان ـ گوندی داشبەند: کاك جەعفەر ڕووحی زادە

نامە پڕ لە گلەیی و بناشتەکەت گەیشت • برای بەڕێز ئێمە لە خودامان دەوێ تۆ شیعری چاك بنێری و ئێمەش چاپی بکەین • هەموو حەوڵ وتێکۆشانی ئێمە ئەوەیە نووسەران و شاعیران کوڵ بکەن و بەرەوپێش بچن • بەڵام ئەم چووندپێشە هەروا ئاسان نیە • رەخنەی دەوێ . ئیرادگرتنی دەوێ ڕێنوێنی دەوێ و هەزار شتی دیکەش • نابێ دڵت بێشێ • ئێمەش ناتوانین شیعری کز چاپ بکەین چونکوو خوێنەر کەوەخت و پوولی خۆی خەرجی سروە دەکا بابەتی جوانی دەوێ •

مەبەس لەن هەر ئەو چەند شیعرەی لە ئاخری نامەکەت دا هێناوتە و رەنگە بەلای خۆتەوە شیعرێکی باش بێ دەیخەینە ژێر داوەری خوێنەران و لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە

که باغی دڵ بەری هێنا کوڵاڵە
لە ئەو باغە بەبۆنی تۆ کوڵاوم
بە هاری کوردەواری خۆشەویستم
کە لاوەوا خەیاڵی ئاڵوزاوم
ئەکەرچی پیرۆنوفنادە وزەعیفم
لە بەرتۆیە عەزیزم تازە لاوم

ئێمە ئیرادمان لەو شیعرە زۆرە . بەڵام هیچ نالێین با خوێنەران خۆیان داوەری بکەن • بەهیوایین دەست لە شاعیری وکەشەپێدانی زەوقی ... هەڵنەگری و لە رەخنەوئیراد گرتن نەترسی •

سەرکەوتوو بی •

سنە: ئەنوەر رەوشەنی

برای بەڕێز بەختەوەرانە کوردی نووسینەکەت زۆر باشە و توانیمان نامە و شیعرەکانت بە ئاسانی بخوێنینەوە• بە هێندێك تێکۆشان دەتوانی بێ هەڵە بنووسی • زۆربەی شاعیرانی کۆن و تازە نازناویان هەیە• هۆی هەڵبژاردنی نازنا و ئەوەیە. شاعیر نایەوێ بناسرێ • یان کەسێکی خۆش دەوێ و لە ناوی ئەو خۆشەویستەکەڵك وەردەگرێ• مەسەلەن سەعدی ناوی خۆی لە ئەمیر سعدالدین سعدابن زنکی وەرگرتووە• جاری وایە خۆشەویستی وڵات سەرچاوەی نازناوە یان بیروباوەر • مەسەلەن **هەژار** لایەنکر و ئەویندارى هەژاران و زۆر ـ لێکراوان بەتایبەتی کە لەکەی وادارى کردووە ئەم نێوە هەڵبژێرێ • یا دیسان **هێمن** باوەڕ بە ئاسایش وهێمنایەتی بۆ بەرەی سروف ئەم نازناوەی بۆ دارشتووە •

شیعرەکانت بە نیسبەتی تازە شیعر گوتنت زۆر باشن • هێندێکی تر شیعری بەکەڵك بخوێنەوە وشێوەی شیعرگوتن چاو لێکە فێر دەبی• باشترە لە نازناوی " ئاسۆی مەریوان" کەڵك وەرگری •

برای بەڕێز:

نامە و شیعرەکانت گەیشتە دەستمان زۆر سپاست دەکەین• **ڕێنوێنی**ـیەکانت جێکەی سەرنجن و ئەمگەر لە دەستمان بێ دەبەرچاویان دەگرین •

لە نامەکەت دا چەند پارچە شیعرت بۆ ناردووین کە دەگەڵ ڕێبازی **سروە** (فەرهەنگی ـ ئەدەبی) ڕێك ناکەوێ • بەڵام شیعرێکت دەخەینە **ژێر** **شی** کردنەوە :

ژیانی ژن و مێرد

ئاوای کوت شەوێ شەم بەپەروانە (۱)
ح سوودی هەیە ئەم هەڵسوورانە (۲)

*　　　*

خۆت ئەسووتینی تۆ لە پێی مندا (۳)
منیش دەتوێمە و ـ ئاوا بێ مەودا (۴)

*　　　*

وەلامی داوە پەپوولەی خاڵ جوان (۵)
لە رۆژی ئەزەل براوە بۆمان (۶)

*　　　*

شەوگاری درێژ وا سەرینەسەر (۷)
بەغەبری ئەمە ژین ناچێتە سەر (۸)

چون خۆشەویستان و لایەنگرانی سروە لە دەرەوەی وڵات بە نامەی جوان وڕازاوە داوای "فۆرمی ئابوونمان"یان کردووە ، ئەوە چۆنەتی ئابوونمان لە دەرەوەی وڵات بەو شێوە رادەگەیەنین

نرخی	۱۲	ژمارە بۆنێو خۆی وڵات	۲۰۰	تمەن
نرخی	۱۲	ژمارە بۆ وڵاتە دراوسێکان	۲۸۰	تمەن
نرخی	۱۲	ژمارە بۆ هیند وئورووپا	۴۲۰	تمەن
نرخی	۱۲	ژمارە بۆ ئامریکا وخاوەری دوور	۵۰۰	تمەن

ناونیشان : اورمیە ـ صندوق پستی ۷۱۷ ـ انتشارات صلاح الدین ایوبی ـ تلفن ۳۵۸۰۰

بۆ ئەم خوێندکارانە کە لە زانستگاکانی دەرەوە دەخوێنن (ئەگەر بەڵگەی خوێندکاری خۆیان بنێرن) هەل و مەرجێك پێك دێنن کە گۆواری سروەیان بەنیوە قیمەت بۆ بگا .

تۆله پێی منداومن له پێی تـــۆدا (٩)
ژینمان به سه رکه ین له رێی یه کتردا (١٠)

شیعره که ت زۆر جوانه بـه لام ئه و ئیرادانه ی هه یه ٠ دێری ٤ فه سیح نیسه له دێری ٧ و٨ دا " سه ر" ره دیفه ٠ واژه ی " به رینه" و"ناچێته" قافیـــه نین ٠ له دێره کانی ٩و١٠ ش دا " تۆ" و " یه کتر" قافیه نین ٠

سه قز : کاک زاهید کازمی

نامه که ت که پشت سپـــاســـت ده که ین٠ چوارخشته کیه که ت جوانــه و هه ر لێره دا چاپی ده که ین ورای خۆ... مان ده رده برین :

دنیا به غه م و عه زابه وه شیرینــه
نۆش کردنی ده ردی عیشقه مانـا ی ژینــه
هه رکه س ده یه وێ ژینی به راستینی بێ
مافی هه ر هه ژاری وکه ســه ر و ئه سرینه

له باری وه زن وقافیه وه هیــــــــ ئیرادی نیه ته نیا " ژینی به راستینی بێ " فه سیح نیه٠ مه به ستـــی تـــۆ بیکومان ژینی تێکه ڵ ده که ڵ راستی و سه داقه ته که به و ته رکیبه جوان بـاس نه کراوه ٠

شنۆ: کاک که ریم محه ممه د ئه مینی زاده

شیعره که ت که پشت داوای رێنوێنی ده که ی٠ ئه مه ش رێنوێنی ئێمه له سه ر شیعره کانت :

سروه گیان جێی تۆ له نێو ئێمه کولـه
نێو کر لاندا تۆ کولێ جوانی منـــی
فه رهه نگی میلله تی کوردی ئه تـــۆ
مانگێ جارێک وا تۆ میوانی منـــی

دێری سێهه می ئه م شیعره له باری وه زنه وه ده که ڵ ئه وانی دیکه یــه ک ناکرنه وه ٠

شه وقی رۆژی چوو ته واو بوو٠ئاسمان ژێر سێبه ره
بولبولیش له م باخه رۆیی ونه سلـــی هیجران هێنه ره
که رچی له م جێکایه دا ئـــاوازی بولبول کــه م بووه
له نێو باخی دلم دا ده نکی یـــاره خوێنه ره

دێری ئاخری ئه و شیعره ش لـه بـاری وه زنه وه ئه وانی دیکه ناکرێته وه ٠ شیعره کانی دیکه شت هه ر ئه م له نگ و لۆری یه یان تێدایه ٠ئه وه ش با بکوتـرێ به نیسبه تی ته مه ن و پله ی ده رس ٠ خۆیندنت (کلاس اول ٨) شیعره کـانـــت زۆر به رزن ٠

کاک س ٠ خ ٠ ئه پۆل ٠

شیعره که ت ساوایه وزۆریش وه نه سر ده چێ ٠ شیعری نویش له باری هیجایی ـ یه وه وه زنی هه یه به لام له و شیعره ی تۆدا ره چاو نه کراوه بۆ وێنه نووسیوته

له ژێر سێبه رێک
سێبه رێکی ره ش
غه م و تۆری په ژاره
له ئامێزی دا خه وتبوو

پیرانشر : کاک سه لمان نه بی

شیعره که ت وه زنی هه یه بـــه لام نابێ مانا فیدای وه زن بکه ی و یا بـــۆ قافیه وشه بشکێنی ٠ بۆ وێنه له وشیعره دا

شوان بۆشه وێنێ به به زم وخۆشی
ئه یخا سه رئاکر کتریه که ی ره شی

ئه و شیعره وه زنی هه یه . بـــه لام "ئه یخا" مانای نیه٠ نـابێ بـــۆ هێنانه وه ی وه زن چه ند پیتی وشه یه ک هه لکرین ٠ له سه ریه ک شیعره کـه ت جوانه وچاوه رێی شێعری جوانترین ٠

بۆکان : کاک م ـ ک ٠ ئاکام

شیعره که ت زۆر لاوازه٠ نابێ لـــه نووسینی شیعردا په له بکه ی ده بـــێ له پێشدا شیعر بناسی ودیوانی شاعیرانی به ناوبانگ بخوێنیه وه ئه وجار شیعـــر بلێی ٠ بۆ وێنه ئه و شیعره ت وه زنـــی نیه ومه سره عی دووه م زۆر درێژتره لـــه مه سره عی ئه وه ڵ ٠

ده لێن شاری خۆشه ویستانه
جێی بیری ئازادوکانکای جوان
په رستانه

سه رکه وتووبی ٪

مه هاباد : کاک سوله یمان خزرپوور

نامه وشیعره کانت که پشـــت ٠ هه ستی ناسکی شاعیرانه یـه کـــه م که ره سه ی پێویستی شیعر کوتنـــی شاعیره٠ ئه و هه سته له شیعره که ت دا ، به رچاوه٠ به لام وه زن وئاهه نکـــی شیعره که ت جێکا ،جێکا کۆڕاوه٠ ئه وه ش که مێک له شیعره که ت " :

رۆیشتنت
ما لاوابیت
له سه ر ئه م شاخه چره وه
له نێو ئه م مژه دا (له نێو ئه م ته م ومژه دا)
جارێکی تر
ژه نگی دلم ده شۆیته وه
به لام نا (٢)(به لام ئه ی تاقانه کولم)
بۆئه م کۆچه ت ٣-(پاش ئه وکۆچه ت)
دلی من بۆت ئه تویته وه،ئه تویته وه
به هاره که م
ده مه رۆ(٤) (له لام مه رۆ)
ده مه رۆ(٥) (له لام مه رۆ)

له و به شه ی شیعره که ت دا ئـه م به شانه ی به ژماره دیاری کراون وه زنیان له که ل باقی شیعره که ت یه ک ناکرنه وه له ناو په رانتێزدا چاک کراوی شیعره ـ که مان بۆ نووسیوی

ورمێ: کاک ع٠ دیـانـه ای

نـامه که تمان چاوپێکه وت زۆرخۆشحـاڵ بووین٠ پێشنیاره جوانه که ت لـه بـه ر چاوده کرین وهه روه کوو لـه پێشوودا لـه باره ی شیعری نوێ دواوین له داهاتووش دا . خوایاربێ له وباره وه وتاربلاوده که ینه وه٠

ئه و شیعره ی ده که ل نـامـه کـــه ت ناردبووت جوانه به لام ده که ل رێبـــازی سروه یه ک ناکرێته وه٠ چاوه روانی به رهه ـ می دیکه ی ئێوه خۆشه ویستانین٠



کەریمی قەیسوومی

حەسەن زیرەک

بولبولی دەنگ خۆشی کوردحەسەن زارعی مەشهوور بە حەسەن زیرەک ساڵی ١٣٠٠ ی هەتاوی لەشاری بۆکان لە دایک بوو. تافی منداڵی و مێرمنداڵی و لاوەتی خۆی هەر لەشاری بۆکان رابوارد. لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵی دا شاری بۆکانی بەجێ هێشت و هەڵوەدا بوو. تا لە ئاکامدا لە عێراق گیرسایەوە وپاش ماوەیەک کە دەنگ خۆشی ئەو لەوێ دەنگی دایەوە داوایان لێکرد تا بچێتە ئیزگەی رادۆی بەغدا وگۆرانی یەکانی تۆمار بکا.

زیرەک ئەو کارەی کرد و لە رادۆی بەغدا دامەزرا لە ماوەی مانەوەی لە بەغدا پتر لە ١٥٠ ئاهەنگی تۆمار کرد. پاشان دڵی بۆ زێدی کورکاندی وسەرەڕای حەول ودەوڵی زۆر بۆمانەوەی بەغدای بەرەو ئێران بەجێ هێشت. کوردی عێراق زۆر لە رۆیشتنی بەداخ بوون و ئێستاش لەوێ وەک دەنگ خۆشێک جێگەی لەنێو دڵی هەموو کەس دایە وکەم ماڵ هەیە شریتی ئەوی لێ نەبێ.

پاشگەڕانەوە بۆ بۆکان ماوەیەکی زۆر شار و گوندەکانی وڵات گەڕا و لە ئاکامدا بەدەستی پڕ بەرەو تاران وکرماشان و تەورێز وەرێ کەوت و لە رادویی ئەم شارانەدا دەستی بە تۆمار کردنی گۆرانی کوردی کرد ولەماوەیەکی کەمدا نزیک بە ٢٦٠ گۆرانی بڵاو کردەوە.

بایەخی کاری هونەری زیرەک لەوە دایە کەسەرەڕای نەبوونی خوێندەواری بە تەواوی دەزگاکانی مۆسیقا شارەزا بوو. ئاهەنگی دادەنا وشیعریشی دەگوت.

زیرەک تا ئەو کاتە مرد دەستی لە گوتن هەڵنەگرت تەنانەت لە نەخۆشخانەش بەسەرهاتی خۆی بە دەنگ دەگێڕێتەوە و شریتی بێ مۆسیقای نەخۆشخانەی بەناوبانگە.

زیرەک لە ماوەی ژیانی خۆیدا پتر لە ١٠٠٠ گۆرانی تۆمار کراوی هەیە ئەویش بەرجی ئەو گۆرانی یانە کە بەتایبەتی لە ماڵێ دۆست

و برادەری خۆی تۆماری کردوون .

زیرەک بێجگە لە دەنگ خۆشی وگۆرانی گوتن خزمەتێکی هەرە گەورەی بە فەرهەنگ و هونەر و کەلەپووری کوردی کردووە چون لە ماوەی ژیانی گەڕۆکی خۆیدا سەری لە هەموو کون و کاژێر و شار وباژێری کوردستان هەڵێناوە و هەموو فۆلکلۆرەکانی کۆ کردوونەوەو سەر لەنوێ بۆ ئەوە لەنێو نەچن گوتوونیەوە و لە تێداچوون وفەوتان پاراستوونی هۆی سەرەکی زۆر بوونی گۆرانی ئەو هونەرمەندە ئەم فۆلکلۆرە کۆ کراوانەن.

ئەڵبەت زۆر ئاهەنگیشی بە شیعرەوە داناوە و لەم بارەشەوە هونەری کوردی بە ئێرووتر کردووە .

گەڕان و هەڵوەدا بوون بۆ زیرەک بەرهەمێکی دیکەشی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە بەرجی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ فۆلکلۆر و هونەری فارسی وعەرەبی و تورکی و ئەرمەنیش شارەزایی پەیدا کردووە . لەسەریەک بە پێنج زبان گۆرانی گوتووە .

هێندێک لەم گۆرانیانە لەسەر سەفحە لە شاری تەوریز بڵاو کراونەوەوئێستاش هێندێک بەدەست خەڵکەوە ماونەوە . بەرهەمی دوامین زەماوەندی خوالێخۆشبوو دوو کیژۆڵەن بەناوی ساکارو ئارەزوو .

زیرەک ساڵی ١٣٥٠ لە شاری ورمێ بۆ دوامین جار پاشەبەرەی گۆرانیەکانی تۆمار کرد و لەمە بەدوا نەخۆش کەوت . دوو شریتی پاڕانەوە ودەردی دڵ و بەسەرهاتی لە نەخۆشخانە بڵاو کردەوە. دیسان مەرگ بەربێنگی بەردا و هاتە شاری مەهاباد و ماوەیەک لەم نێوە ماوە. تا ئاخری لەساڵی ١٣٥١ دا لە شاری بۆکان ئەجەل ئەوکی گرت و ماڵاوایی پێ لەگەڵ دونیا کرد .

پاش مەرگی زۆر کۆڕ و مەجلیس لە ئیزگە کوردیەکان گیرا و زۆریان شین بۆ کرد و زۆر شیعر بەیادی گوتران و زۆر وتار بەیادی نووسران.کەدەتوانین لەنێو ئەوانەدا کتێبی " حەسەن زیرەک" ناو بەرین .

حەسەن زیرەک دەنگ خۆشێکی ئەوتۆ بوو کە بە زۆربەی زاراوە وبن لەهجە ـ کانی کوردی گۆرانی ومەقام و بەستە و ئسترانی بڵاو کردوتەوە .

بەپێی ژمێرەگۆرانیەکانی حەسەن زیرەک ئەوانەی تا ئێستا بڵاو بوونەوە وبەدەست خەڵکەوەن ١٠٦٥ گۆرانی و بەستەیە وبەناوی " باوکی هەزار تەرانە" ناسراوە .

کتێبێک بەناوی **چریکەی کوردستان** دەرچوو کە وەکی دەڵێن بۆخۆی گوتوویە و بۆیان نووسیوەتەوە. لەم کتێبەدا ژیان و بەسەرهاتی خۆی بەوردی گێڕاوەتەوە و بنۆسێ چەند گۆرانی و مەقامی بەناوبانگی خۆی باس کردووە.

ئەم هونەروەرە هەتا هەتایە لەنێو دڵی خەڵک و لە قامووسی هونەری کورددا جێی هەیە. حەسەن زیرەک لە زۆربەی دەزگا و مایەی ڕەسەنی ئێرانی داوەک سێ گا ـ چوارگا ـ ماهوور ـ دەشتی ـ بەیاتی تورک ئیسفەهان ـ هومایوون ـ شوور ئەبووعەتا ـ شووشتەری ـ حیجاز ئەڵلاّ وەیسی ـ ئەفشاری بەیاتی کورد ئاهەنگی هەیە

لەژیانی هونەری حەسەن زیرەک دا تەنیا عەیبێک هەیە بەناوی ڕەخنە بەڵام جێی زۆر لێدوان نیە ئەویش ئەوەیە :

حەسەن زیرەک لە زۆربەی مەقامەکانی خۆیدا شیعری شاعیرە بەناوبانگەکانی کورد وفارسی گوتووە بەڵام نەک زۆر بەرێک وپێکی بەڵکوو هێندێک جێی دەست تێوەرداوە ئەویش واویدەچێ چون سەوادی نەبووە و شیعرەکەیان بۆ خویندۆتەوە هەمووی بێ کەم و زیاد لەبیر نەماوە و هێندێک جێی لەبیر چووەتەوە

و لەخۆوە پێی زیاد کردووە
زیرەک شیعری شاعیری
وەک نالی، مەحوی، کوردی
تاهیربەگ ، ناری، پیرە
مێرد، هێمن ، هەژار، سەید
کامیل وسافی و...... لە
مەقامەکانی خۆیدا هێناوەتەوە
زیرەک وەختێک باسی
ژیانی کوردەواری دەکا لە
نێو بالۆرەی کوردی هەوایەک
هەڵدەبژێرێ و بەناوی
هۆ کاکی جووتیار دەڵێ:

هۆ کاکی جووتیار کارت شێوەردە
گایەکت سوورە یەکێکت زەردە
بەعام دەیکێڵی ئەو کێو و هەردە

* *

هۆ کاکی جووتیار بە جووتیارت بم
لە مووچەی بەردێ نێوەکارت بم
تۆ زێڕی حالیس من عەیارت بم

وەختێک باسی دڵداری
دەکا بەیتی شەم و شەمزین
دەگاتە گۆرانی و بەناوی
شایی یەک دەگەڕێ دەیڵێتەوە:

شایی یەک دەگەڕێ
چرای لە دڵم
جا وەرە بیبینە
دوو کەسی تێدان
بە کۆیلەت بم
دڵیان خەمگینە
یەکیان بووکە شەم
چرای لە دڵم
یەکیان شەمزینە

یان لە گۆرانی نسحەت بۆ
دڵداردا دەڵێ :

نەسیحەت بێ بۆ دڵداری
عاشق نەبن بەڕێبواری
چونکەعاشق دڵی خوێنە
خۆی دەکوژێ بەناچاری

* * *

عاشقان دێن لە دوور دیارن
ڕەنگیان زەردو لێو بەبارن
مەنعیان مەکەن سێحەب یارن
بەدەردی دڵ گرفتارن

ئەویش بەشێک لە گۆرانی
قاسپە قاسپی کەو:

خۆمن کوێستانی لەندنیم
بێنم کارگ وڕێواسان
هیچ من قەرەنیاغا نیم
گەورەی عێلی بڵباسان
رادوێ تەلەویزیۆن نیم
دامبێنن بۆقسەوباسان
عاشقی دووچاوی کاڵم
دەیرفێنم سووک وهاسان

* * *

وەکوو کوێستانی بیستوون
دایمە سەرم بەتەمە
لەبەر خۆفی خودام نەبێ
وەک جووبۆی دەگرم شەمە
ناوێرم دووقسەی پێ بڵێم
دەڵێن خەڵکی عەجەمە
لەئێران وئەلمان و ڕۆم
جوانی وەک لەیلم کەمە

وەختێک باسی منداڵەکانی
دەکا دەڵێ :

خونچەی دڵەکەم ئارەزوو
بۆم دەبێ بەگورزو بازوو
خودایە شوکرم بەتۆ
هەم مەهتاب وخاڵ لە روو
خونچەی دڵم مەهتابە
ماچی بۆمن کەبابە
خودا هێندەم نەکووژێ
مەهتاب پێم بڵێ بابە


رەنگە ئینسان نەزانێ
لەنێو هەزار گۆرانی و
بەستەدا چەند نموونەدەربێنی
بەڵام گرینگ ئەوەیە شێوازی
کارەکەی بناسرێ دەنا هەر
کەس پێی خۆش بێ دەتوانێ
زۆربەی ئاهەنگەکانی وەدەست
بخا وکەڵکیان لێ وەربگرێ .

لە نووسینی ئەم کورتە
بەسەرهاتەدا کەم و کووڕی
یەکجار زۆرە ئەویش بەدوو
هۆ:

یەکەم: بەڵگەی نووسراوەی
وا قایم بەدەستەوە نیە کە
کەڵکی لێ وەربگیرێ .

دووەم: بەسەرهاتێکی
هونەرمەندێکی ئاوا لە
کورتە باسێکدا ناگونجێ .


بەم هیوایە ئەوانەی
لەسەر حەسەن زیرەک دەزانن
بینووسن و کۆیان بکەنەوە
بەڵکوو بە هەموان بتوانین
ئەم هونەروەرە نەمرە باشتر
بناسێنین .



خاچەوشە



تێبینی : لەپڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە ڕەچاو کراوە جگە لەوەی نیشانەی (ˇ) دانەنراوە . واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی (شڕ، گوڵ، زۆر، شێر و . .) ی تێدا بێ بە شکڵی (شر، گول، زور ، شیر و . .) دەنووسرێ



١ـ ناوی زانای بەناوبانگی کورد لە جیهانی ئیسلامدا ـ تەبیعی و سروشتی ٢ـ پارچە یەکی تەنك وناسك ـ تەکیەکە لامی دەروێش ـ بووك ـ نیشانەی کۆکردنەوەی ناو لە زمانی فارسی دا ٣ ـ کەوشەن ـ مەرتەع ـ شارێکی کوردستانی ئێران ٤ـ سنوور ـ واحیدی پۆتانسیەل ـ وەتاغ ٥ـ ناوێك بۆ کچی کورد ـ مەر بووتە بە مانگی نیسان ٦ـ ڕێگای کورت ـ دژی مردوو ـ مات وبێدەنگ ٧ـ لە پشتی گیاندار دایە و کۆڵەکەی بەدەنە ـ تازە ـ جواب ٨ـ دوژمنی ژنی بە مێرد ـ ئەسپی خۆشبەز ٩ـ پلەیەکی دەوێ بۆ ژمارەی سەت ـ سەقزی بە کوڕادە دەڵێن ـ تا پتر بێ کەشك ڕەقتر دەبێ ١٠ـ دنەهەوایەکی کۆنی مۆسیقای کوردی ١١ـ سکڵ وپۆلوو ـ زیان ـ گەورە ١٢ـ بە . . . . خەرج کردن یانی زۆر خەرج کردن ـ خوری پێ دەڕێسن ١٣ـ کینە ـ ژمارەیەکە ـ پاڵەوانێکی شانامە ونووسەرێکی کورد ـ لەولاوە دەبێتە جەنابت ـ بڕێکی ماوە پێی بپێوی ! ١٤ـ گیاندارێکی گەورەی دەریایی ـ دۆست و خۆشەویست ـ باوەڕ بە قسەی وا مەکە ـ کەنگی ١٥ـ خوراکێکی شل ـ شارێکی گەورەی کوردستانی تورکیا .

١ـ ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ئاڵمانی کە بەیتەکانی ناوچەی موکریانی کۆکردۆتەوە ـ غەم و پەژارە بۆ کەسێك خواردن ٢ـ ماڵ ـ ئەگەر پیتی "خ"ی پێوە با لە ئازەربایجان دا چەست وەدەست نەدەکەوت ـ زەین ـ زێر یا زێوی تواوە ٣ـ شووشەی بێ غەل وغەش ـ پیتێکی ئەلف وبێ ـ دەچاوی دەکێشن ـ شاخە ٤ـ ئاگا و لە سەر هەست ـ شیری پێ دەکەنە ماست ٥ـ جارز ـ ئارا و قارا ـ جێ پێ ٦ـ هەولێری دەڵێ " بۆ " ـ نازداران هەیانە ـ سکالا و تووك و دوعا ـ سەرەوبنی کەو ڕێ بدەیە "هار" دەبێ ٧ـ گێژ ـ لە سەر قامکان دەڕوێ ـ عادەت کردوو ٨ـ بنۆش ـ نوماینده یا وەکیل ٩ـ بەیتێکی کوردی ـ جوولەکە ١٠ـ بێ دایك وباب ـ ئازا ونەترس ـ بڕیار و نەزەر ١١ـ ڕۆژ ـ وڵاتێکی ئەفریقایی ـ کێوی سووتاو ١٢ـ ئێمە بە ئینگلیسی ـ کلکت نەبڕی با هار دەبوو ـ پشمین و کۆخین ١٣ـ ئاواش هەر شوێنە ـ گیایەکی کوێستانی ـ ڕەنگێکە ـ کاتێك ١٤ـ کۆمەڵێك کە بۆ پاراستنی مافی ئابووری خۆیان یەك دەگرن ـ وشیار و زانا ١٥ـ چەکوچ وەشێنی ڕۆڵە کوژراو ـ دێوەزمە ـ یاد



پڕکراوەی جەدوەلی ژمارە ١٩

تێبینی

لەنێو ئەو کەسانەیدا کە پڕکراوەی دروستی ئەم جەدوەلەمان بۆ بنێرن بەپێی قورعە یەک کەس بە بەرەندە دەناسرێ

جایزەی بەرەندەی جەدوەل ، بریتی یە لە ساڵێک ئابوونمانی گۆواری سروە .بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ١٤ کاک نەجمەدین عەبدوڵڵا پوورە لە نەغەدە .

ئێمە و خوێنەر

شنۆ: کاک سەدیق هەژاری

برای بەڕێز فەرهاد قارەمانێکی ئەفسانەیی یە وسەرگوزەشتی مێژوویی نیە. ئەو قارەمانە پەروەردەی زەین وفکری نیزامی گەنجەوی یە ولەچیرۆکی شیرین و فەرهاددا باسی هاتووە کە ئەوینداری شیرین بووە ولەڕێگەی ئەم ئەوینەدا خۆی کوشتووە و بۆتە ئەفسانە. بەپێی چیرۆک فەرهاد بەردتاشێکی زەبەردەست بووە وکۆشکی بەردینی بۆشیرین لە بەرد هەڵکەندووە. ئێستا لە ناوچەی کرماشان وسەرانسەری کوردستاندا لەهەر جێگەیەک بەردی تاشراو هەبێ دەڵێن کاری فەرهادە.

بیستون را عشق کند وشهرتش
فرهاد برد
جورگل بلبل کشید وبوی گل
راباد برد

مەهاباد: کاک فەرهادجیهان میهەن

بەڕاستی هەروایە "میرات بە دەستی مندالاں شەڕە" وەختێک پیرە باب مرد منداڵ دەکەونە گیانی یەک وهەر دەڵێن "کوا بەشی من؟ بۆ نادەنێ؟"

لەباری ڕێنوێنی یەوە ئێمە لە سرووەدا هەمێشە لە ئێمە و خوێنەر و ڕێنوێنی ئەدەبی دا ڕەخنە دەگرین ورێنوێنی خوێنەران دەکەین. هەرکەس بەوردی ئەم دوو بەشە بخوێنێتەوە زۆری کەڵک لێ وەردەگرێ.

ئێمە وێنەی ماموستا هێمن ــ مان بەلاوە نیە. تا بۆ خوێنەرانی بەڕێ بکەین. وێنەی گەورەی ماموستا هێمن لەسەر بەرگی ژمارە٥ی سرووەدا هەیە ژمارێکی زیادی بکرەوعەکسەکەی ڕابگرە.

سەرکەوتووبی.

خورینج: کاک مراد سوهرابی

پاش سلاو. برای بەڕێز ئەم وێنەی بۆت ناردبووین زۆر لە دوورەوە گیرا بوو. بەردەکانی خورینج دەبێ لە نیزیکەوە ولە چەند زاویەرا عەکسیان لێ هەڵگیرێ. دەنا بەکاری چاپ نایە.

بەهیوای عەکس ودیاری جوانتر ـ ین.

سەرکەوتووبی.

شنۆ: کاک بەدیع مەحموودی

برای بەڕێز نامەونووسراوەکەت لەمەر "ماڵە خۆکردن" گەیشتە دەستمان. وتارەکە بابەتێکی جوانە بەلام کورتە وزۆر بەپەلە بەسەری دا تێپەڕیوی. وتاری کۆمەلایەتی دەبێ زۆر ورد و هەمە لایەنە بێ ولەباری ئابووری و کۆمەلایەتی وئەخلاقی وزۆر لایەنی دیکە شێ بکرێتەوە.

پێویستە پێت بلێین کە دەتوانی بنووسی وکوردیش باش دەزانی.

بەهیواین وتاری جوانترمان بۆ بنێری.

سەرکەوتووبی.

پیرانشار: کاک یوسف مستەفاپوور

برای بەڕێز ئەو گەورە پیاوەی موکوریانی کە مەرقەدی لە مەهابادە. مەلا جامی یە.

شنۆ ـ حوجرەی فەقێ کان: کاک محەممەد زوڕناچی وکاک هیدایەتی چاوشی

نەچن لەبەر سەرما دەست لەخوێندن هەڵگرن .شتی وا نابێ بۆ گەرمداهێنانی حوجرەش هەزار ڕێ هەیە. ئەوەش بزانن کە خوێندن وپێگەیشتن هەروا ئاسان نیە. دەبێ هەزار چەرمەسەرەی ڕۆژگار ببینن، چەق وتەقی زۆری پێدەوی،سەرما وهەڵ لەرزین، دوغرەمە وتێکوشین،بڕوێشە روونەی بێ زەرنووقە ولێفە شڕە وبەرە کونەی حوجرە، چاو لەدەستی و هەزار شتی دیکەتان لەڕێ دایە. ئەوانەش خودا یاربێ دەگەڵبوون بە مەلا هەمووتان لەبیر دەچێتەوە.

سەردەشت گوندی مامکاوێ: مەلا محەممەدی جەلیل زادە

ئەو شیعرانەی بەنێوی خۆت ناردووتن (هەتا شێخێک لە کوردستان بمێنێ ـ ئومێدی زیندەگانیت پی نەمێنێ) هی حاجی قادری "کۆیی"ن وناتوانین بە ناوی ئێوە بلاویان کەینەوە.

سەرکەوتووبی.

بانە: کاک سەلام محەممەدپوور

برای خۆشەویست زبانی هەر نەتەوەیەک تەمەنی بەقەدرایی تەمەنی نەتەوەکەیەتی. زبانی کوردیش هەروایە وهەزاران ساڵی تەمەنە .نووسین وخوێندنەوەی کوردی بەشێوەی ئەمڕۆ سەدەیەک لەمەوپێش دەستی پێکردووە.

ژماری کوردەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەبێتە رەقەمێکی نێوان ١٥ تا ٢٠ میلیۆن کەس .

کتێبی "ریاض الصالحین" لەژێر چاپ دایە وهێشتا دەرنەچووە. دیارە وەختی خۆی خەبەردار دەبی وخودا یار بێ دەیان کڕی .

سەرکەوتووبی

نەهاوەند: کاك رەمەزان ئیسماعیل پوور

سڵاوی ئێمە بە هاورێکانت ئەنوەر و هووشەنگ بگەیەنە· ئەوەش وەڵامی پرسیارەکانت :

١ـ هەروەك نووسیوتە ئەمساڵ ساڵی ٢٥٩٩ ی کوردی یە وپێشنیارەکەت لە سروەی ژمارە ٢ دا باس کراوە· هێندێك کەس لایان وایە ئەم تاریخە دەقیق نیە و لەبەر ئەوە دەکاری ناهێنن· ئێمەش لەبەر ئەوە گەلێکی موسوڵمانین و شانازی بەوە دەکەین تاریخی شەمسی هیجریمان هەڵبژاردووە·دیارە تاریخی ٢٥٩٩ ش بە لامانەوە بە نرخە وریزی بۆ دادەنێین ·

٢ـ قەڵاتی شای لە ناوچەی مەنگورایەتی دایە و ئێمەش هەر تەنیا نێومان بیستووە وهیوادارین کورێکی یەهیممەت قۆڵی لێ هەڵماڵێ ولێی بکۆڵێتەوە وئاگاداری یەکی تەواومان بۆ بنیری تا بلاوی کەینەوە· زۆرمان پێ خۆشە باسی ئاسەوارە مێژوویی یەکان لە سروە دا بگونجێنین · تا ئێستاش لەو کارە دا بەردەوام بووین ·

٣ـ وەیسولقەرەنی لە ئەسحاب و یارانی پێغەمبەری مەزن بووە · بەڵام حەزرەتی غەوسی گەیلانی (عبدالقادر گیلانی) عاریف وسەودا سەری ئەوین وعیشقی ئیلاهی بووەو نەسەبی لە سەردەرانەی بارەگاکەی نووسراوە :

مادر ز حسین باشد واماپدر او
زاولاد حسن یعنی کریم‌الولدین
است

٤ـ باسی جوغرافیایی شارستانەکانیش وردە وردە لە سروە دا بڵاو دەکەینەوە· تا ئێستا لە هەر ژمارەیەك دا سەرگوزەشتی شاعیرێکمان بڵاو کردۆتەوە و درێژەش بەو کارە دەدەین ·وەرزیشی سوننەتی کوردستان زۆرەوانی، تۆپەڕاکردێن ، مەلە و زۆر شتی دیکەن کە هیوادارین باسی بکەین ·

کاك دلێر

نامە جوانەکەت دەگەڵ دوو نووسراوەی کورت گەیشتە دەستمان· لەم هەموو لوتف و خۆشەویستی یەت سپاس دەکەین و هیواداریین هەر سەرکەوتوو بی · نووسراوەکانت زۆر کورت و سادە بوون · ئێمە نازانین جەنابت لە یۆگوسلاوی خەریکی چ کارێکی · بەڵام تکامان ئەوەیە ئەگەر بۆت دەلوێ و ئیمکانت هەیە مەبەست و بابەتی سەنگین و دوورودرێژترمان لە سەر مێژوو یا فەرهەنگ و فۆلکلۆر بۆ بنێرە تا بڵاویان کەینەوە·

هیواداریـن سەرکەوتووبی ·

ورمێ : کاك ئاورەحمان واوی

برای بەڕێز شیعرەکانت بۆ شاعیرێك کە تازەی شیعرگوتن دەستی پێکردووە زۆر بەرز وبە نرخن بەڵام هێشتا نەگەیشتوونە ڕادەی بڵاوکردنەوە لە سروە دا · بە هیواین لە دوارۆژێکی زۆر نیزیك دا بە شیعرەکانت سروە برازێتەوە ·

مەهاباد : کاک فەخرەدین

برای بەڕێز ئەو کتێبانەی داوات کردوون هیچکامیان بۆ فرۆشتن لای ئێمە دەست ناکەون. ئێمەش وەک تۆ لەوەی کەکتێبی کوردی لە کتێبخانەکاندا کەمە ناڕەحەتین وئەوەی هەشە زۆرگرانە وەک گۆرانی بێژی کورد دەڵێ :

" چبکەم دەقیمەت نایە بۆتە کەولی دەڵەکێ ."

ئێمەش کاغەز وهەل ودەست ڕۆیشتوویی پێویستمان نیە کتێبەکان چاپ کەینەوە .

سەرکەوتووبی .

رەواندوز : کاك حەمید ئاکۆیانی

نامە و شیعرە جوانەکەت گەیشت · رەخنەکانت لە سەر شێوە و ریباز و ناوەرۆکی بابەتەکانی سروە زۆرجێگەی سەرنجن و کەلکیان لێ وەردەگرین · لێرەدا پێکەوە بە دەوری پرسیارەکانتدا سوورێکی خامە با بدەین ·

١ـ نووسیوتە شیعری کلاسیك لە سروە دا زۆر بڵاو دەبێتەوە و ئێستا سەردەمی هۆنراوەی سەربەستە· لە وەڵامدا دەڵێین لە کوردستانی ئێران هەموو لایەنێك لە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی تازە وەدەست لێ نەدراوە· چونکو تا ئێستا رۆژنامە و کۆواری کوردی بڵاو نەبوونەوە· لە سەر ئەوەش را ئێمە بەشێکی گرینگمان بۆ شاعیرانی لاو (کە زۆرتر شیعری سەربەست یا نوێ دەڵێن) تەرخان کردووە ·

٢و٣ـ سەرنووسەرودەستەی نووسەرانی کۆڤار پێویست ناکا بناسرێن چونکە کارەکەیان هێندەش جێگەی شانازی نیەو ئەو خزمەتە چکۆلە بۆ خۆڕانان نابێ · وەك نووسیوتە چیرۆکەکانی سروە نیشانەی کۆنیان پێوە دیارە· ئەمەش هۆی ئەوەیە کە ئەو کارە لە کوردستانی ئێراندا تازە دەستی پێکردووە و هێشتا پوختە نەبووە ·

٤ـ ئێمەش پێمان وایە چیرۆکەکانی منالان زۆریان لەگەڵ میزاجی منالان ناگونجێن بەڵام ویستوومانە ئەو چیرۆکە کۆن و لە مێژینانەی لە رابردوودا هەمان بوون وردە وردە کۆ بکرێنەوە و لە ناو نەچن · هیوادارین لە داهاتوودا ئەوبەشە ئاڵ وگۆری پێویستی تێدا بدرێ و بە پێوەری زەمان نوێ بکرێتەوە ·


٥ـ باسی جوغرافیایی لە سەر داخوازی زوربەی خوێنەران بڵاو دەبێتەوە و دەتوانێ لە چوارچێوەی گۆوارێکی فەرهەنگی ـ ئەدەبیدا جێگەی بۆ دابین بکری ·

٦ـ شیعرەکەی بۆت ناردووین زۆر جوانە وئەگەر بگونجی لە بەشی شاعیرانی لاودا کەلکی لێ وەردەگرین ·

شاعیرانی لاو

ئەحمەد ح

هەرچەند دەکەم خەیاڵی تۆ
لەناو دڵما ئەسپە*ردەکەم
هەرچەند دەکەم، دەرکەی دڵم داخەم لە رووت
هەرچەند دەکەم لەگەڵ بیرت
خورپەی دڵم بتاسێنم
هەرچەند دەکەم دەردی دووری
میهرت لەدڵ دەرکاتە دەر
هەرچەند دەکەم لەبەر دووریت
مانگ کەمە جیلوەی روومەتت
شەو تابەیان، بێ چاو قووچان
بە تاسەوە تەماشای کەم
هەرچەند دەکەم پرشنگی خۆری بەربەیان
دانێم لەجێی پرچی کاڵت
لێم بەرنایە، لێم بەرنایە
گیانە چبکەم ؟ بەو خودایە
کە دانەری ئەرز وبایە
دڵم لەسەریەک سەودایە ،
دەردی دڵم بەغەیری تۆ
بەهیچ شتێ دوایی نایە
دەرکردنی میهرت لەدڵ
هەتا مردن، لێم بەرنایە
هەتا مردن لێم بەرنایە.



رۆژهەڵات دیوار ،رۆژئاوا دیوار ،باکوور دیوار
باشوور دیوار ئاسمان دیوار زەوی دیوار
وڵاتەکەم! ئەی سەربەستی!
کە هەموو لایەک دیوار بێ؟
لە کامە کون ودرزەوە تۆ ببینم ؟
تۆ شەماڵ نی هەتا هاشەتم گوێ لێ بێ
کۆتر نی تا ئاگام لە شەقەی باڵت بێ
تۆ هەتاو نی ،
تیشکت برژێتە ژوورەکەم !
وڵاتەکەم! ئەی سەربەستی!
تۆیان هەزارەها قۆناغ لەمن وەدوور خستۆتەوە
کەچی لەراستی دا ئەو هەزارەها قۆناغە
هەریەک مەترە !
چ جودایە ؟
هەزارەها قۆناغ
چ یەک دیوار !
بەڵام ئەوان گەلێ گێلن ونازانن
تۆ لە دڵمای
نە دەتوانن لێت بدەن و
نە دەشتوانن لە بەندیخانەت بئاخنن !

عراق

سەفین خۆشناو



کەیفی برادۆستی

دەردی کۆمەڵ گەلێ زۆرە
هەزاررەنگ و هەزار جۆرە
کە وابوونە هۆی دواکەوتن
لە خەرابەی غەما خەوتن
بوونە هۆی ئازارو وبڕین
یا بوونە ژان بۆ گیان وژین
ئەم دەردانە بەیان بکرێ
ئەبێ چل کتێب بنووسرێ
ئینجا یەکی لەم دەردانە
قسەی بەردەرگای ژنانە
واکەمێك لەم دەردە ئەدووم،
هەرچەند زۆرتە واو بۆی نەچووم
کوڕ گەل گوێ بگرن لەم باسە
باسی کۆمەڵی کەساسە
لێدوان لە نیوەی گەلە
وائەی نووسم بە بێ پەلە
دوێنێ لای بانگی نیوەڕۆ،
قالەی برام لە تانجەرۆ
تووشی دوو کابرای دز بوو
هەرچی پێ بوو پوولۆ سەعات،
لێ یان ستاند وئەوهەڵات
وتی نە وەك بشم کوژن
چونکە دز زۆر ئێمان سزن
ماڵی دنیا نرخی نییە
سەربمێنی پارە چییە

*
*
*

ئێتر بەم جۆرە قسانە
هەم بە لۆمە هەم بە تانە
وەخت وسەعات بەسەر ئەبەن
بارئاش لە هەزار ئاش ئەکەن
بەلام ئاشیک نا مالنەوە
رازی کەسیش ناشارنەوە
ئەمەش دەردێکی کۆمەڵە
کەتووشی بووە ئەم گەلە
هەربە شوعلەی خوێندەواری
ئەم دەردانە ئەکرێ چاری

عوسمان خدر پەنا

نامرێ هەرکەس لە دلدا نووری یەزدانی هەیە
غەیری خوا کەس ناپەرستێ هەرکەس ئیمانی هەیە
خوا پەناهی بێ پەنایانە دەزانین بێ گومان
هەر کەسێ کە خواپەرست بێ زوهدو عیرفانی هەیە
کوردی خواناس وبە ئیمان پەیڕەوی ڕێگەی حەقە
گەل پەرستە وباوە ڕایە عیشقی یارانی هەیە
ترس و خۆفی قەت نیە پێی هیچە زوڵمی زاڵمان
ئە و کەسەی زاڵم شکێنە هەستی مەردانی هەیە
ئە و کەسە کوردە کە بێگانەی نەوێ ونەیدا پەنا
خۆشەویستە ئەو کەسە چون عیشقی کوردانی هەیە
بێ بەش وچەوسایە کورد. وایە بیری زاڵمان
ئەی عەزیزان چاوهەڵێنن کورد دلێرانی هەیە
من بە زامی دڵ گرفتارم لە بۆ کوردی هەژار،
ئێوە راستم پێ بڵێن ئەم دەردە دەرمانی هەیە
باغەوان دەسکێ گوڵی بۆن خۆش ورازاوەم دەوێ
غەیری تۆ ئەی "باغەوان" کێ واگوڵی جوانی هەیە

ڕەسووڵ وەیسی

شێر و ڕێوی



ڕۆژێک لەرۆژان شێرێک لەڕاو دەگەڕا چاوی بە ڕێوی یەکی برسی کەوت ، لێی چۆ پێش و گوتی :

– سڵاو مام ڕێوی، لەگەڵ ئەو زەمانەی چۆنی ؟

ڕێوی کە لەبرسان هێزی لێ بڕابوو، بە دەنگێکی لەڕ وەڵامی شێری داوە وگوتی:

– براله جا چۆن بم باشە، وەڵڵاهی لە برسان سەرم دەسووڕێ و تاقەتی چیم نیە .

شێر گوتی :

– هەی لەمنت نەکەوێ، گوتم داخوا چیت لێ قەوماوە ! هەستە ، هەستە با بڕۆین .

ڕێوی گوتی :

– بۆکوێ ؟

شێر گوتی :

– تۆ چیت لەوە داوە ؟ ناتهەوێ تێرت کەم؟ ببە بە پیاوی من . هەرچی ئەمن خواردم دەیدەم بەتۆش .

ڕێوی گوتی :

– بڕۆ کاکە بڕۆ، لێمگەڕێ، من ئاواڵی تۆ نیم، پیاوێکی دی بۆخۆت پەیدا بکەی باشترە.

شێر گوتی :

– کەیفی خۆتە من دەڕۆم و تۆش لێرە لە برسان بمرە .

ڕێوی کە بۆی دەرکەوت ئەگەر لەگەڵ شێر نەچێ لە برسان دەمرێ گوتی :

– ئەگەر بەڵێنیم پێ بدەی هەموو ڕۆژێ تێرمکەی دەبم بە پیاوت ولەگەڵت دێم .

شێر و ڕێوی هەرچۆنێک بوو پەیمانیان بەست و بە یەکەوە چوونە ڕاو . هەموو کەژ و کێوێک گەڕان تاگورگێکیان بەرچاو هات .

شێر ڕووی لە ڕێوی کرد وگوتی :

– تۆ لێرە ڕاوەستە و هەرچی ئەمن گوتم بڵێ بەڵێ .

ڕێوی گوتی بەڵێ بەسەر چاو .


شێر وردە وردە لە گورگ نێزیک بۆوە و بە دەور وبەری داهات و چوو

به ڕێوی گوت :
چاوم سوور بوونه ؟
ڕێوی گوتی :
بەڵێ ، بەڵێ سوور بوونه .
شێر هێندەی دی هات و چوو گوتی :
- تووکی پشت ملم هەستاون ؟
ڕێوی گوتی :
- ئەرێ وەڵڵا هەستاون .
شێر دیسان هەر هات و چوو گوتی :
- کلکم گەیشتۆتەوە نێو چاوانم ؟
ڕێوی گوتی :
ماشەڵڵا ، لەو عەزەمەتەی !،،
قەت شتی وانیە ! ، لە نێوچاوانیشت تێپەڕیوە .




شێر زۆر بە گورج و گۆڵی ئامبازی گورگ بوو و نێو سکی بە گۆڕێ وەرکرد. ئەوجار لەگەڵ ڕێوی ملیان لە گۆشت خواردن نا .

چەند ڕۆژ بەم چەشنە تێپەڕ بوو ، ڕۆژ بە ڕۆژ سفرەی ڕێوی ڕەنگینتر دەبوو. کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە لە خۆبایی بوو و گوتی :
- جا بۆ ببمە پیاوی شێر ؟ چم لەوی کەمترە ؟ وا چاکە ئەمنیش یەکێک بدۆزمەوە و بیکەم بە پیاوی خۆم .



ڕێوی گەڕا سووڕا تووشی ڕێوی یەکی لەخۆی لەڕ و لاوازتر هات و گوتی :
- سڵاو ئەی دۆستی دێرین . ئەوە بۆوا کز و داماوی ؟
ڕێوی لاواز گوتی :
- بەسەری تۆ لەبرسان هێزم لەبەردا نەماوە، چەند ڕۆژە هیچم بە گەروودا ، نەچۆتە خوار.
ڕێوی بە قەڵەوە گوتی :
- هەی لەمنت نەکەوێ گوتم داخوا چ بووە واخۆت بە عەرزێوە مەڵاس کردووە. هەستە هەستە با بڕۆین .
ڕێوی لاواز گوتی :
- بۆ کوێ ؟
ڕێوی بە قەڵەوە گوتی :
- کارت بەوە نەبێ، لەسەر ئەوەنی تێرت کەم ؟
ڕێوی لاواز گوتی :





– چۆنم تێر دەکەی ؟

ڕێوی یە قەڵەوە گوتی :

– ببە پیاوی من هەرچی ئەمن خواردم دیدەم بەتۆش .

ڕێوی لاواز گوتی :

– برۆ کاکە برۆ ئەتۆش هەر وەکوو من ڕێوی چت لە من زیاترە ببم بە پیاوی تۆ ؟

ڕێوی یە قەڵەوە گوتی :

– کەیفی خۆتە، هەزاری وەک تۆ هەن ببن بە پیاوم . ئەمن دەڕۆم و ئەتۆش لێرە لەبرسان بمرە. با قەل و داڵ بتخۆن .

ڕێوی لاواز زانی ئەگەر ڕەگەڵی نەکەوێ لەبرسان دەمرێ گوتی :

– بەڵێنیم پێ دەدەی فێڵم لێ نەکەی و تێرم کەی ؟




ڕێوی یە قەڵەوە بەڵێنی داو هەر دوو ڕێوی بە یەکەوە کەوتنە ڕێ. کەژ وکێوو مێرگ و چیمەنێکی زۆر گەڕان شتێکی ئاوایان دەست نەکەوت کە دەرووەستی بێن بیکووژن و بیخۆن .

ڕێوی لاواز گوتی :

– نەمگوت تۆش هەر وەکوو منی و چت لەدەست نایە ؟

ڕێوی یە قەڵەوە گوتی :

– پەلە مەکە، هێندێکی دی ددان بە جەرگتەوە بگرە تووشی شتێک هەر دەبین. لەو قسانەدا بوون کە بارگینێکیان بەرچاو هات .



ڕێوی یە قەڵەوە گوتی :

– وەرە ئەوەی لێی دەگەڕام دۆزیمەوە ئەتۆ لێرە ڕاوەستە و چاوم لێکە. بەڵام هەرچی ئەمن گوتم بڵێ بەڵێ و کارت نەبێ.


ڕێوی وردە وردە لە بارگین نیزیک بۆوە، هەر وەک شێرەکە بە دەوروبەری داهات و چوو رووی لە ڕێوی یە کزە کرد و گوتی :

– چاوم سوور بوونە ؟

ڕێوی لاواز گوتی :

– نەخێر چاوت هیچ سوور نەبوونە.


ڕێوی یە قەڵەوە گوتی :



- بلێ بەلێ .
ڕێوی یە لاوازە گوتی :
- بەلێ سوور بوونە .
ڕێوی هێندێکی دی هات وچۆی کرد وگوتی:
- تووکی پشت ملم هەستاون ؟
ڕێوی یە کزە گوتی :
- کوڕە ناوەڵلا تووکی پشت ملیشت چ هەڵنەستاون و شۆڕ نەبوونەتەوە .
ڕێوی گوتی : بلێ بەلێ .
ڕێوی یە کزە گوتی :
- بەلێ ئەویش هەستاون .
ڕێوی دیسان بە دەوروپشتی بارگین داهات و چوو گوتی :
- کلکم گەیشتۆتەوە نێوچاوانم؟ .
ڕێوی یە کزە گوتی :
- گەیشتنەوەی چی و حاڵی چی،کلکت هۆ...وە لە دوات دەخشێ .
ڕێوی کە ئارەقەی ڕەش و شینی دەردابوو قەڵس بوو و گوتی :
- بلێ بەلێ .
ڕێوی یە کزە گوتی :
- بەلێ قوربان کلکیشت زۆر بەجوانی گەیشتۆتەوە نێو چاوانت .

ئەوجار ڕێوی کشاوە دواوە و خۆی بڵیند و نەوی کرد و چاوێکی لە ڕێوی یە کزە کرد، دەگەڵ خۆی بەبارگین دادا بارگین بە هەموو هێزەوە جووتەیەکی لە ڕێوی دا و لە لایەکی دی لە عەرزی دا. ڕێوی کەوتە پەلەقاژەی مەرگ .
ڕێوی یە کزە لە قاقای پێکەنینی دا و چووە لای ئەربابەکەی دەستێکی بە سەری داهێنا و گوتی :
- ئەیلۆ بەستەزمانۆکە. ئەوجار چاویشت سوور بوونە، تووکی پشت ملیشت هەستاون ، کلکیشت کە هەر قسەی تێدا نیە زۆر بە جوانی گەیشتۆتەوە نێو چاوانت .

ڕێوی مرد و ڕێوی یە کزەش تێری خوارد .



تەواو

پاشماوەی میعراج

کە بوراق لەوێ وەستاوە، جبرەئیل فەرمووی: " ئەی رەسووڵی خودا، سواری بوراق بە تا تۆبەرمە " بیت المقدس" هەروەکوو خودای "عزّوجلّ" فەرمووی:

سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ....

وئەوەش هەمان بوراقە کە حەزرەتی ئیبراهیمی بۆ دیتنی حەزرەتی ئیسماعیل بە شەو لە شامرا بردە مەکە و هێنایەوە.

پێغەمبەر (ص) فەرمووی کاتێک جبرەئیل منی بردە "بیت المقدس" دەستی منی گرتوو بردمیە میعراج، لەو ئاسمانە بۆ ئاسمانێکی تر، لەو ماوەدا شتی زۆر عەجایبم دیت، تا گەیشتمە ئاسمانی چوارم کە هەموو ئەرواحی پێغەمبەرانم لەوێ دی، "شجرەطوبی" و "بیت المعمور"یشم دیت، جبرەئیل هەروا ئەمنی دەبردە سەر تا گەیشتمە ئاسمانی حەوتەم، و لە حەفتا هەزار پەردەی نوور تێپەریم تا گەیشتمە ئەو شوێنە کە جبرەئیل فەرمووی ئێرە ئاخرە وقسان بکە، پێغەمبەر فەرمووی:

"اَلتَّحِيَّاتُ لِلّٰهِ وَ الصَّلَوٰةُ الطَّيِّبَاتُ"

خودای مەزن جوابی داوە:

"اَلسَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَ رَحْمَةُ اللّٰهِ وَبَرَكَاتُهُ"

رەسووڵی خودا فەرمووی:

عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللّٰهِ الصَّالِحِينَ.

مەلائیک وتیان:

" أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰهُ وَ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ."

لەو شەوەلەوجێگەیەداوا جبات وچۆنیەتی نوێژ بەپێغەمبەر راگەیاندرا، دوای ئەو خودای "عزّوجلّ" فەرمووی:

"آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ"

واتە ئیمانی هێنا رەسووڵ (ص) بەو شتەی لە لای خودای خۆی بۆی نازل بوو. پێغەمبەر (ص) فەرمووی: بەڵێ ئیمانی هێنا.

دوای ئەو جبرەئیل هەشت دەرکی بەهەشت و حەوت تەبەقی جەهەننەمی نیشان دام و عەزابی کافرانیشم دی.

(وەرگێڕاوەی تەفسیری تەبەری ٩٠٩- ٩١٦)

لەبارەی میعراجی شەوانەی پێغەمبەر (ص) دوو شت دەڵێن: یەکیان ئەوەیە کە رەسووڵ (ص) گوتی: من لە حوجرەی "مسجدالحرام" دا خەوالوو بووم کە جبرەئیل هات وبوراقی بۆ هێنام. ئەوی تر ئەوەیە کەرەسووڵ (ص) گوتی منیان لە حوجرەی "اُمهانی"را بردە ئاسمان. جا لە "تأویل"ی ئایەتەکەرا "حرام" بە مانای " مسجد" هاتووە و دەڵێن قەولی هەوەڵ دروستە چون ئایەتە- کەی دەگرێتەوە.

لە خودی "اُمهانی" خوشکی "علی بن ابیطالب"دەگێڕنەوە کە گوتی:

" رەسووڵیان لە حوجرەی من را بردە ئاسمان. نوێژی خەوتنانم دەگەڵ کرد و نوستم، وەخەبەر نەهاتم تا بەیانە کە بۆ نوێژ هەڵیستاندم. دووپاتی کردەوە و گوتی:
ئەی "اُمهانی" هەستە تا بەسەرهاتێکی سەیرت بۆ بگێڕمەوە.
گوتم یا «رسول الله» قسەی تۆ هەموو سەیر و گرینگن. وەختێک نوێژەکەی کرد فەرمووی:

" شەو تۆ نوستی و من بەخەبەر بووم، جبرەئیل بانگی کردم وتی هەستە وەرە کاتێک لە ماڵ هاتمەدەردیتم جبرەئیل لە کن ئەسپێک راوەستابوو ،فەرمووی سوار بە، منیش سوار بووم ووەرێ کەوتین ، لە هەر شوێنێک کە دەگەیشتە نشیوێک دەستەکانی درێژ دەبوو و لاقەکانی قوڵە دەبوو، و لە هەر شوێنێک کەدەگەیشتە بەرزایی لاقەکانی درێژ دەبوو ودەستەکانیشی قوڵە دەبووە، تا گەیشتمە "بیت المقدس".

(مجمع البیان ج ٦ ـ صفحە ٣٩٤)

(ابوالفتوح ج ٦ ـ صفحە ٢٥٦).

ئەز بەربابێ تەکەتم

دبێژن ل دەورێ بـــەرێ مرۆڤەک هەبوو ، ئەڤی مرۆڤـــی دخاست بچەسەفەرێ. لێ کیسەک زێرێ وی ژی هەبوو ،ترسا دزا ورێ گرا نزانی کاچ بکـــە . دترسی یارێ دا دزوچـــەتـــە بێنە پیشی یێ وزێرێ وی لێ بستینن . چ بکە چ نـــەکـــە؟ نشکاڤا هاتەبیرێ کوزێرێ خو ببەبدە قازی وبسپێرەوی تا ل سەفەرێ زڤرێ. بەلێ مێرکـێ رێڤی کیسێ زێرێ خو هلانی وچوو باقازی وزێرێ خوسپارتە وی وچووسەفەرێ.پاشیماوەیەکێ ل سەفەرێ زڤری وچوو لال‌قازی وزێرێ خوژقازی خاست .

قازی ب سۆسـرەت و زەندەمایی گوت :" تــو چ دبێژی؟ ئەزتەناس ناکم. تو کێ یی؟ زێرێ چ؟"توچما ئیلاڤا* ل م دکی. دەرکەڤەدەرڤا! "

مێرکێ رێڤی کۆرووپۆشما ن دەرکەتەدەرڤا ، نـەشـەهـەد هەیە ،نەسەرپەلگە . خـودێ، چ لێ بکە؟

ـ ئەورۆژێ دانـەکـی دهاتەبەردەرێ مـالا قـازی و لاڤایی* وئاەوزاری دکر وزێرێ خو ژقازی دخاست .لێ قـازی قەتگوهـ نەددا ئاەوزاری وپاریانا وی وهەرجار پـارا بەرددایێ وئەول مالا خـو دەردخست .

ژنەک زانە ودلۆڤان هەڤ-هێسیا مالا قـازی بـوو . ئەول هاتوچوون وچاوانییا شەپرزەیە مێرکێ رێڤی کەتە شکێ ورۆژەکێ ل مێرک پرسیار کر وگوتێ: "چەومییە؟چ هەیە؟ ئەڤا چەند رۆژە تـوئوهاتێ و دچی و وەها شەپرزە وشورێ؟ "

مێرکێ رێڤی سەرهاتییا خۆ و بێخودێتی یا قازی ژنکا دلۆڤان ڕا بهـوورگـلی شرۆڤەکر .

ژنکا دلۆڤان گۆتەمێرکێ رێڤی :ئەزێ بچمالا قازی تو ژی ماوەیەکی پشتی چووینا من وەرەمالا وی وزێرێ خو ژێ بخازە ."

ژنکا دلۆڤان پێشتا چوو مالا خو وچەندکیسێ زێڕان هلداو گۆتە کەنزا خو ،"ئەزێ هەڕمالا قازی ، تـوراچاڤ کەددەماکو فلان مێرکێ رێڤی ژی هاتەمالا قازی ، پشتی وی تو ژی بلەزوگولشا وەرەبا مەوبێژە خانم کامزگینییا من، حەجی هات. "

ژنکا دلۆڤان بکیسێ زێرا ڤەچووما لاقازی وبدلەکی شەواتگۆتە قازی:" مالخێ من چوویە حەجێ، توخوژی دزانی ڤان رۆژانادز هـەنە، ئەزدترسم دز داکەڤن مالامەو ئەڤان زێڕانابدزن . مـن ئەڤانا هانییە بلا ئەمانەتی باتەبن ، تاحەجی زڤری."

سێڤەک سۆر نەدچوو دەڤێ قازی. قازی سەرحەمدێ خو گۆت :" بلا بە، ڤی شەهەری ـ دا حەموو ئەمانەتێ خو دسپێرنەمە ، سەرسەراو سەر چاڤا . "ل ڤێ گۆتنێ دا بوون کونشکاڤا مێرکێ رێڤی دەری ڤەکرو گۆتە قازی کا ئەمانەتێ مبدە .

ـ قازی سەرحەمدێ خو و ب دلۆڤانی گۆتەرێڤی : " ئاکیسێ زێرێ تەوایە تاقچێ دا ، تەچاوا دانییێ هەما ئوساجیهێ خودایە ."

مێرکێ رێڤی بدلکی شاو دەڤکی کەن زێرێ خوهلدا. دەماک رێڤی زێرێ خۆهەلگرت، کەنزا خانمێ دەری ڤەکرو ب گولشایی ولەز گۆت :" خانمکا مزگینییا من بدە حەجی هات ."

ل ڤێ دەمێ دا ژنکا ، دلۆڤان کیسێد زێرێ خو بەرەڤ کرورابوو .... خانم و کەنزورێڤی هەرسێ شابوونا دەستپێکرن کەنییان وکەیف خۆش بوون ، قازیژیچاڤ دا وان وکەنییا. ژنکا دلۆڤان ل قازی پرسی:

"ئەزکەیف خۆشم مێرێ من هاتییە ، کەنزشادبەکو مزگینی ڤەگرتییە ، رێڤی دکەنەکوزێرێ خودەست خوڤەئینایە ، لێ توچما دکەنی ؟ "

قازی گۆتئەز ژی بەر بایێ وەکەتمە .

باکوروڤه

پ.جهانی



دانێ زڤستانێ‌یه سار دگه ل سڕو سه‌قه‌ما دلته زین د ه ست پێ بوویه • گڤینا بایێ و ڤزینا با گه‌رێ‌یه • به‌ر فاچیل و که ڤه ره زڤستانێ ده‌ر و ده شت و چل و چییا نخابتی‌یه • د بێژی ڤه‌ی دونیایێ که فه نه‌کی سپی ل خو کرییه • هند ی چاڤ ڤه‌تەر که‌ڤه‌ره•

نێچیر ڤانه کی پیر ل پێسیرا چییایه‌کی بلند کو سه‌رێ وی ناڤ گولتێ عه‌ورادا ئوندا بوو یه و ڤوو چاوی چوو یه به‌ر په‌رێ عه سمانا، رێچا* کیژووشکه کی هلدایه و پێسیرا به‌حرا که ڤه ره به‌رفێ دکه به‌رفه و بلی به‌ر فێ چ تشت خوویا ناکه •

ته‌لته* عه ورێد که ڤه‌ر ل پانا تیبیا عه‌سمانێ پۆ خسید* ه دا بینانی رێوی و رێبوارێ کو ل با گه راندا رییا خو شاش کربن و له‌ڤ بز ڤڕن و نزانبن کانێ‌یێ کو دا هه‌ڕن ، سه‌ر گه‌ردان و به ڕێد* ه نه • به‌حرا پێل‌پێلی و بێ سه‌ر و بنه به‌رڤێ گشتی ئاڤارێ دونیا یێ دایه به‌ر خو • عه‌رد و عه‌سمان چیل و دڤه‌لشینه و پێشدا دچه • ئه‌وی چه‌ند رۆژا به ری نهه کیژووشکه‌ك بریندار کربوو، لێ نه‌شییابوو بگره • نێچیر ل گیڕاوی د ه‌رکه‌تبوو • ئه‌ڤه مد ه هه که‌نێچیرڤان به‌ر پیرتی و بێ هێزی‌یێ نکاره نێچیره‌ك باش بکه • هه‌رچه‌ند کو ئێدی وه ش لێ دکه‌ڤه ، ئه‌مما نه شێ د ه ست ژ راڤێ بکێشه • بیر و هرزێد ئالۆز ئه‌و ئاڤیتنه ناڤ هه‌ڤ • کوور دپۆنژه و دوو شۆپێ راد چه • رێچا کیژووشکێ به‌رب گه‌لی یه‌کی کوور دچوو و کالۆ ژی ل دوو خوه را-دکێشا • خوونا سۆره کیژووشکێ جی جی‌یا رژیابوو سه ر به‌رفا-که‌ڤه ر و به فر خال‌خالی سۆر و گه ڤه ز کربوو • ئه ڤێ خوونێ طما نێچیرڤان بۆ ده‌ستڤه ئینانا نێچیری زیده و زیده تر دکر •

هند ه جییا با گه‌رێ کۆرو که‌ند ئوسا تژی کربوو کو نێچیرڤان حه‌تا ناڤکێ ل به‌رڤێ دا چك دبوو • هێ نێزیکی ب گه‌لی نه کربوو کو با گه ره ك گوژ ده ست پێ بوو • بوو فرتۆنه و باکورۆفه و رێچا کیژووشکێ ل سه‌ر به‌رڤێ به‌زر* بوو • ئێدی چ رێچ و شۆپ نه دهاته خوویان •

پیره مێر توفه نگا خویه راڤێ ئاڤیت بوو ملێ خوو بێ حه‌مدێ خو ناڤ به رف و با گه‌رێ دا گاڤ راد پیڤا • به رڤێ سه ر گوهێ وی نخابت بوو • لێ پیره مێر بینانی پۆ لا و ئاسنێ ئاڤد ایی، چ مننه ت ل باگه‌ر و کورۆڤێ نه‌دگرت و سه رێ خو کربوو به‌ر خوو به‌رف دڤه لاشت و پێشدا دچوو • ئه وی ئه ڤ چل وچییا بهۆست بهۆست ناس دکر، لێ باو باگه‌رێ مه‌جا لا دیتن و ناسینێ لێ بریبوو • هێد ی هێدی سه‌هاوه‌ستان و ماندی بوونێ دکر •

ده‌ڤ دوڕێ خو نهێڕی • چاڤێ وی ب تاته‌کی که ت کو،کمێ* وی ل ناڤ به‌رڤێ دا د هاته خوویان. به رب تات زڤڕی وچوو کوندکێ* سه ر تات روونشت.

به رڤا سه رچاڤێ خو پاقش
کر و کوم و کنج و سۆل وزه نگالێ
خو داکوتا . پێ کوژێ که ڤی یا
خو به رف و بووزا کو ب سمبێلێ
وی ڤا گرت بوون تەمیز کر .
جگاره یه ك ل به ریکا خو
ده رانی و ڤێخست* ، دوو که لا
جگارێ بینانی بۆڕییێ سۆبێ ل
ده ڤ و د فنێ وی را د هاویت .
دیسا بیرو هزرێد ئالوزه چه ند
ده مێ پێشین ئەو ناڤ هه ڤدا
گرتن . د ده ستێ خوه دا بن چه نا
خو و کوور پۆنژی . ئه ڤا
چه ند رۆژه کو چ نێچیر ده ست
نه خستییه . ئێدی نکاره
بده ستێ ڤالا و ئوستییێ خار
بزڤره مال . هه ر چاوا بە ده بێ
کو ئیرۆ نێچیره کی بکه وبده سته -
کی تژی هه ره با ژن و زارێد خو .
ل سه ر تات هلقه دمی و
رابوو شپێ* . چاڤێد خوێ پیر
و قه رچمی کوتا بنێ گه لیێ
کوور . هه مانێ* ل بنێ گه لی دا
ره شەك بەرچاڤا كەت . ب هیڤی -
یا نێچیره کی بەرب وی ره شی
سەر گه لی دا قولوبی و ژۆردا -
شوولکی و سینگێ که ڤه ره بەرڤێ
قه لاشت و پێشدا شقتی .
هێدی هێدی نێزیکاتی
ب وی ره شی دکر . چاوێ خو
کوس کوساند و دینا خودایێ
ماله ك بێ خایی و خودان دووری
گوند ل ناڤ ده ریایا بێ سه ر و
بنه به ر فاچیل وکه ڤه ردا نوقم
بوویه . خانی دوورڤا ل ناڤ
به رفێ بینانی خاله ك ره ش کو
ل سه ر په ره ك مه زنه کاغه زا

سپی هاتبه نتلاند ن دیار دکر .
یان ژی ته دگۆت قه ی که له که ك
بچووکه بێ خویی یه کو لناڤ
به حرا به رفێ دا جووم بوویه و
کمێ وێ بزۆرێ تێ خوویانێ .
تشته کی سڕی وخودایی نێچیرڤا ن
بێ حه مدێ وی به رب خانی
دکشاند .


سه قه مێ ل مه ژی و هه ستی یێ
مرۆڤا کار دکر . له رز و رجاف
که تبوو له شێ نێچیرڤان وددانێ
وی به ر سه رما له ڤ دکه تن .
کوله ك و په نجه را بچووکه خانی
ب پرتکێد د ه رزێ به شووشێ
نیڤ ئشکه ستی و لا یلۆنا
هاتبوون نخابتن .



ئێدی پیره مێر نێزیکی
ب خانییێ بێخایی کربوو . گوژینا
بایێ بوو. باگەرێ به رڤا گرگ* و
تۆپکێد ده ڤ گه لی ل د ۆرها دۆرێ
خانی به رەڤ دکر . به رڤێ
به ژنا کنه د یوارێ مۆره یه وێ
حه تانی نیڤی یێ زێده تر
دابوو به رخو .
چاردیوارێ وێ مالێ
که تبوو گیرو هه لبۆڤا باگەرا
هێرش که ر و به رڤا سار وگران .
هه وا ئوسا سار بوو کو شه واتا*

هێدی هێدی تاری دکه ته
عه ردێ . شه ڤا زڤستانێ یه
سار ب کاروبار ل سه ر بینا
نێچیرڤانێ پیردا خاربوو.... ....
شه ڤ سه رداهات . شه ڤه ك سار
و ره ش و تارو ترس ئینه ر ومت و
مات . خانی ل ناڤ ره شاتییا
شه ڤێ و سپیتایا به رفێ دا کڕ و
بێد ه نگ بینانی طه رمەکی بێ
گیان بێ هەژ ولڤ خو مات کربوو .
چ ده نگ و سه دا و هه ژیان و
لڤات بەر گوها نه د کەت و نه د -

هاته خوویان • هه ر ته نێ
ڤزینا بایێ و گڤینا باگه رێ بوو
کو بینانی قامچی ییٚ زالم وزۆردا-
را ل له شیٚ رووت و سارو سیواخ
نه کرییه دیوارێ مۆره یه خانی
دگرت و ئاخین و نالین دکره
د لیٚ سك و ساره خانی و
بێده نگی یا شه ڤێ دشکاند•



ل دوورڤه ده نگه‌کی بینانی
زوورینا سان یان لوورینا گورا
پیره میٚر ل ناڤ ده ریایا بیر و
هزریٚد شووم و ئالۆز وترس ئینه‌ر
و به د یووم کو هش و هه دامێ
وی ناڤ هه ڤدا گرتبوون ده رانی •
پیره میٚر هاته سەر حه مدێ خوه ،
خوه به ره ڤ کر و گو هێ خوه
داگرت • ده نگ ده نگه کی ناسیار
بوو• ده نگیٚ گورێ برسی بوو کو
نیٚچیره‌کی دگه‌ریا • هه مان ده نگیٚ
کو چه ند سا لا به ری نه ب ده‌نگیٚ
گوللیٚد توفه‌نگا نیٚچیرڤانێ پیر
د طه مرین • پیرٚه میٚر بیٚ حه مدێ
خو به رب ده رێ خانی شقتی •
پیٚ لوولا توفه‌نگا خو دو سیٚ جارا
هێد یکا ل ده‌ری دا • لیٚ چ ده نگ
و سه دا ل هوندورٚ خانی بەر گوهێ
وی نه که ت.ده‌ری پیٚ د ه ستیٚ خو
پالدا و که ته هوندورٚ • چیرینه‌ك
سار ل قوژ*انا دیژی هات ،ده **نگه-
کی بینا ئشکه‌ستنا** تشته کی نازك
و حشك •
ته د گوٚت قه ی نیٚچیرڤان ل ده رڤا
پالدانه هوندور • هوندورێ خانی
بیٚهنا سرٚو سه قه میٚ ددا • با د-
که ته قه لشیٚد ده‌رێ دارینه رزی
بوویی و شووشیٚد ده‌رزی وئشکه –
ستییه په نجه رێ و نایلۆنا
سه ر کوله کیٚ و ئه وانه ته‌ڤ
هه لدکوتان • ئارووك و بانێ
ئا لا ش کرییه خانی لبه ر
هیژشا باکو رۆفازۆردار دله‌رزین و
قرچه قرچ دکه ته بان و په ردی و
ئا لا شا • تۆز و ئاخه ك نه رم ل
بەر بانا درژیا هوندورٚ خانی •
هوورکیٚد به رقێ بینانی هوورێ
زیڤ ، زیڤال زیڤالی ل جه لغ و
قه لشیٚد ده‌ری و په نجه رێ را ،
نه رمك نه رمك به لا یی ناڤ
مالیٚ دبوو•
خووسێ خو ئاڤیت بوو ده رودیوارو
په نجه رێ، حه تا نیڤی یا دیوارا
ل خووسیٚ دا ئوندا ببوون • پشتا
تیکیٚد نیڤ ئشکه ستی یه
شووشیٚد په نجه رێ خووس
بینانی تیفاله ك زیڤێ خ*وری
د برسقی.ره شاتییا شه ڤێ و سرٚو
سه قه ما زڤستانێ و گڤینا
باگه‌رێ د ه ست دابوونه هه ڤ و
بینانی کال کاپووس و پیر حه پۆکا
مه رڤ خور له‌کمێ خو ل دۆر وێ
مالیٚ ئا لا ند بوون و ئه‌و ل
ناڤ هه ڤدا گرتبوون و خست-
بوون گیرو هه لبۆقێ و د یل
گرتبوون.ته دگوٚت قه ی خانی
ترساڤا دنالی و دله‌رزی •
ل سه‌ر ته خچکه کی فه نه‌ره‌ك
هه مانێ د چرووسی و رۆناهی یا
وێ یه زه‌ر و له رزۆك دابوو ناڤ
مالیٚ • ته دگوٚت قه‌ی دل هه یه
لوێ شه ڤاسارو سرٚ وب سه قه مدا
ب وێ رۆناهی یا زه ر و له رزۆك و
گه رمایا بیٚ تینه خو پیٚشییا
هیژشا له شکه رێ هه ڤ گرتییه
به رف و باگەر وسرٚو سه قه ما-
زڤستانێ و ره شاتییا شه ڤێ بگره
ونه هیٚله ئه‌و له شکه رێ شوومه
هه‌ڤ گرتی حوجوومێ بد ه نه
هوندورٚ • لیٚ ئه وێ ژی تاب
نه دئانی و جارنا دبوو پرته‌پرتا
وێ و خورانه‌دگرت و هند ك دما
بطه مره •
د یوارێ رووت و سیواخ
نه کرییه هوندورٚ ل بەر زه‌راتییا
رۆناهی یا فه نه‌رێ بینانی
ته قه شا قه رچمییه پیره‌ك نیڤ
روحی د هاته بەر چاڤا • ل قونجه -
کی خانی پیٚشبه ری فه نه‌رێ ل سه ر
دۆشکه ك نڤز سۆبه یه‌ك سه‌رگینا
ل خازیك و حه سره تا پولۆتیٚد
گه ش و ئا لا ڤیٚد گه رمه ئاگرێ
که رمێ* مهی یاندا ده ڤێ خو
هه ڤ ڤه‌کر بوو• له شیٚ ره شه
وێ بینانی د ه ستیٚ قه لشی و
قالچك دائیه گونی چنا قه لش

قه لشی و کون کونی ببوو۰ ته دگۆت قه ی ده ڤێ خو ڤه کرییه و چاڤێ خو کوتایه دیٚری و چاڤ- نهێره کو که سه ک به رملەك ئیٚزنگ* و حمیٚزەك قرشك یان توورەك د ه ڤه ده شتی باویٚژیٚو دلێ وێ یه سار وته ڤزی گه رم بکه۰ لێ کانێ ئەو مل وئەو باسکا کو ل وێ شه ڤا رەش و تارو ساردا، ئه و بگیهاندا مراز و مه طله با !؟ با دکه ته بۆری یێ سۆبا سار و ژه نگوری و ده نگه کی بینا ده نگێ بلوورا شڤانەکی پیر و ماندی کو ل بنێ گەلییه کی کووری دووردا مقامەکی شەوات ، ل نیٚری یێ به ل حه مس را لیٚده ژێ د هات ۰

ل بەر بایێ خولیا سارە سۆبێ هیٚدی هیٚدی و هندك هندك ژۆ ردا درژیا عەردێ وتۆزەك نەرم- ژێ قولۆز دبوو۰

ئشکه ڤه ك دارینه لیٚڤ ئشکه ستی کو پێ سفرکەك چەرمییه پلپلی هاتبووڤه پۆشان ، د گه ل ساتله ك زیٚجه* ره شه ته ژی ئاڤ ل قونجێ دی یه خانی ل نیٚزیکی د ه ری دهاته خوویان ۰ئشکه ڤێ دا هەر ته نێ دو ده سته نانێ ره ق و رووت ، حشك و ترسی وکارتۆ*،کو تنێ بژیڤا زاریٚد مالێ بوو خوویا دکر۰ ساتلا ئاڤێ ژی ل بەر سرو سه قه مێ بیٚنهت* بوو وته لته یەك بووزا شین روویێ ئاڤاوێ ڤه پۆشا- ند بوو۰

چاڤیٚد زیت بووئییه نیٚچیرڤانێ پیر ل رەخ سۆبا سکه سار ب پا لا سه ك ره شه مه زنه گنجرکەت کو د ه ستەك جی نڤین ل سەر دانابوون ۰تلیاو ی بێ حه مدێ وی چوو سەر ته تکا توفه نگێ۰ باش به را خو دایێ و هیٚدیکا پیٚشدا چوو۰ ترس وخۆف که تبوو دلێ وی ۰ ل به ر نڤینا راوه ستا۰ دینا خو دایێ دو کەس تیٚدا رازانه۰۰ ئوسا خه وراچوونه تو دبیٚژی مرینه ، یان هەلك* و نه فه سا وان برینه۰ بترس و لەرز هیٚد ی کوژێ لحیٚفێ ل سه ر وان راکر و دا ئالییه کی ۰

دێ و قیزەك ل بن لحیٚفەك قلیٚر و که ون و گنجر و کون کونی دا ل به ر سه رما حشك ببوون ۰ لحیٚف هند گنجر و پلپلی بوو ئه گەر مه رڤ طایه ك ژێ بکشاندا هه زار پینه یێ لێ بکه تا۰

دایکێ قیزا خو حمیٚز کربوو، هەر دوو د ه ستێ خو لێ وەرکربوو و قه پەرچه* کربوو، دابوو بەر سینگێ خو۰ ته دگۆت قه ی خاستییه قیزا خو ل ناڤ د لێ خوه دا جی که و کوتاتریین گه رمایا له شێ خوه به رد ه. به ده نا کچا خو یه شرین و خۆشد ڤی ۰ به له نگازێ چ بکه جه گه ر شرینه ۰

پۆریٚد دایکێ یێ حشك و زقرو ئالۆز و ڤزڤزکی بینانی هیٚلوونا خه رته له ك پیر که تبوو سه ر با لگی یێ ره شه چلکن و قلیٚرین ۰ که زی یێ قیزێ ژی هرشیا- بوون ره خ وان ، لێ که زکێ قیزێ بینانی د ه سته ئارمووشێ په نگ نه رم و با دایی بوون ۰ خووسەك نه رم ونازك ژێ خو ئاویت بوون سه رێ گولی یێ وی یه سۆر ی- گه ڤه ز ۰ خووسا زولف و که زی یا ل به ر رۆناهی یا زه ره فه نه رێ د چرووسین ، یه کی نه به له د یێ بگۆتا قه ی خشر و زیٚربه نی و گوهار و به رجیٚنیکێ که چکیٚنه ، کو ل به ر سه رێ وێ د چلڤلن ۰

دو هیٚسر بینانی دو مرواریدا ل کانیا چاڤێ دێ دا قه رسی بوون ۰ زنگێ زەر و له ره دێ حه تا چۆکا د ه رڤه مابوو۰ ئه ڤ هه ردوو کەسێ بیٚکه س ل به ر سرو سه قه ما زڤستانێ و ره شاتییا شه ڤێ که تبوون خه وەك کوور۰ خه وا بێ شیاری و هه ره هه ره یی، خه واکو ئاڤیٚشا کولیٚد ژیانێ و د ه رمانێ د ه ردێ د ونیایێ و نۆژدارروویا رزگاری ل گیرۆداری و نه داری و ژیٚرباری یا دونیایا خاپ خاپۆکه۰

نیٚچیرڤانێ پیر سه ر واندا خاربوو، ئه و هه ژاند ن۰ لێ بیٚچنه بوو خۆف و ترسا مرنێ ل دلێ وی‌یه پیردا هیٚلوون کر۰ خانییێ ته نگ وتاری ژ یێ- رابوو مالا مه رگ و مرن و ره شێ- شه ڤێ و جنه و را۰ ره شاتی و سرو سه قه ما شه ڤێ ل ده رڤه و دیٚوێ مه رگێ ژی ل هوندوردا ، ژۆر و د ه ر و دیواری مالێ ل ناڤ چه نگ و له کمێ خوه دا ئاسێ کربوون ۰ نیٚچیرڤانێ پیر ل به ر خۆڤا مه رگ ومرنێ ل وێ د ه میٚدا کو چۆکیٚد وی د له رزین و رجاف که تبوو دلێ وی د ه رکه ته ده رڤا ۰ ئه وی سروسه قەم ژمرنێ چیٚترزانی.

ئێزدی‌یا باش بناسین

کافی رێبار

لناڤ هۆز وچقێد جوربه جوره کوردان دا که سانێ کو شیيانه چێتر ژ هه موویێ یێکاتییا ئاييني يه خويه مێژين بپارێزن و بنێشێد دینی و ئاییني يه خو راگرن **ئێزدی** يان **يه زدانی** نه .

ئه ڤ هۆز و طایفا ، ل چه ند عه شیرێد کووشکه پێك هاتنه کو ل گه له ك جی يێ کوردستانێ دا دژین . پشکا زۆره وان گوند ینه و هنده ك ژی کۆچه رو ره وه ند ن .

پشکا زۆره ئێزدی یان ل کوردستانا عیراقێ ئوستانا مووسلێ ناڤچا **شێخان** کو جیێ سه راست بوونا حکووماته مێژینه ئاشووری یایه، جی وارن. هنده ك ، ژی ل رۆژاڤایا مووسلی ناڤچا **شه نگارێ**(سه نجار) و هنده ك ژی ل باژارێ دیاربه کرێ کوپێشند ا **ئامه د** دگۆتنێ دژین . ل باژارێ حه له بێ و ئه رمه نستانێ و ده وروبه رێ باژارێ تفليسی ژی، هنده ك ئێزدی جی وار بوونه.

ئێزدی هه مان ئه و که سانه نه کو هنده ك ل مێژوونڤیس و لێکولا ب نه ئاگاداری ئه زانا ل په یره وێد یه زیدێ کورێ موعاوییه دزانن . ل راستی يێ دا ئه ڤ کوردانه چ په یوه ندی ب یه زیدێ کورێ موعاوییه ڤه چنینن . ئێزدی یانێ **یه زدان په ره ست** . ئێزدی پێره وێ ئایین و رێبازه که کەون و مێژینه ئیرانێنه کو ل تێکه لی یا دینێد زه رد ه شتی ، مه سیحی که لیمی، مانه وی و ئیسلامێ سه راست بوویه .

شه هرستانی ل کتێبا خویه بناڤ وبانگ (ملل ونحل) دا لبارا ئێزدی **یاندا** دنڤیسه : " یه زیدی - یه په یره وێ یه زیدێ کورێ ئه نیسن . ئه ڤ یه زیدا سه ر وی باوه رێ بوو کو خودێ دێ پێغه مبه - ره کی ل ئیرانێ راکه کو خودانێ کتێبا ئاسمانی يه .

عه باسێ غه راوی ل کتێبا **(تاريخ اليزيديه واصل عقيد تهم)** یانێ مێژوویا ئێزدی یا وبنێشا ئاييني يه وان دا دبێژیت : ئێزدی ل راستی يێ دا بوسولمان و عه ره ب بوونه کو به ر خاترێ بهۆرینا زه مان دینێ خو ل ده ست دانه .

ره شید یاسه می ل کتێبا **" کورد و پیو ستگی نژادی و تاريخی او"** دنڤیسه : " ئه وانێ کو دگه ل مێژوویا دین و ئایینا ناسیارن، دزانن دینه کی کو هنده گه ل دینێ ئیسلامێ و دیتر دینا فه رق هه یه ده بێ ره هو ریشا وی ل ناڤ مێژوویێ دابه و ل نیشانێد ده ورانێ مێژین بە. ئه گه ر یه زیدێ کورێ موعاوییه یان یه زیدێ کورێ ئه نیسه ویێد وه کی وان که یف ب وی دینی هاتنه جیهێ نه باوه ری يێ نینه، ئه مما سه ره کانییا ڤی دینی گه له کی

لێ ل به ر ده رێ خانی چاڤێد گورا کو چاڤ نهێری وی بوون ل تاریێ دا دچرووسین وزووره زوور ا گورا هه ڤۆو فرێتێ بیروهرزێد وی پزراند . ده نگێ گوللێدنێچیرڤان تێکه لی ده نگێ گورا بوو و ل ره شاتییا شه ڤێ دا ده نگڤه دان. گورگێد برسی نکارین ده ست ژ نێچیرا خو بکێشن ،هێرش دانێ و ئه و ل ناڤ هه ڤدا گرتن .

چ شه ڤه ك ره ش و درێژ و سار وتار بوو. ئوسا گران دلڤیا ته دگۆت ڤه ی سپێده يێ ل دوورا نه يێ .به ره به ره باگه رڤه ته غر - ی وبا راوه ستا . گه لی ل بێده نگی يێ دا جووم بوو، ته دگۆت ڤه ی چ تشت نه ڤه ومییه . هێدی هێدی عه ورێد گه ور هه ڤ- به ردان ونیڤه کا عه سمانا هاته خوویان ، ئسته یر له پ- له پی ببوون و دچلڤلین ، هه وا به رب سافی بوونێ دچوو. گه لی بینانی مرییه کی که فه نکری چیل و که ڤه ربوو.

سبه ترا وێ شه ڤێ شڤانا هه ستکێد له شێ سێ که سا ل ده ڤ دۆرێ وێ مالێ دیتن .بەرڤا که ڤه ره دۆرا خانی ل خوونێ دا سۆر ببوو .

ل پێش دینێ ئیسلامێ دایه ٠"

هنده ك ل سه ر وێ بیر و باوه‌رێنه کو رێباز ودینێ ئێزدی و بنێشا ڤی دینی مرۆڤه کی بناڤێ شێخ عه دێ ل سه ده یێ پێنج و شه شێ کوچی دا دانایه ٠

تیموورپاشا ل کتێبا (**الیزید یه ومنشاء محلتهم**)دا دنڤیسه : " ئه ڤێ طایفێ چ ناڤه ك ل مێژوویی دا چ نه بوویه، بۆ جارا یێکی کوناڤێ وان ل ناڤ رووپه رێ مێژوویی دا هاته نڤیسین سه ده یا شه شێ یه کۆچی بوو کو **شێخ عه دێ کوورێ موسافر** بەر خاترا زوهد و ته قوایێ ده نگ ڤه دابوو٠ پاشی هنگێ کو شێخ عه دێ چووبوولایێ چیایێد هه کاری یێ و ل وێد ه رێ دا جیوار ببوو، هه ژماره کی زۆر ل خه لکێ وێد ه رێ ل وێ په یره وی کرن ٠ئه‌وی طه ریقه یه ك بناڤێ طه ریقا عه ده وییه سه ڕاست کر کو ئێزد ی نهه په یره وێ طه ریقا وینه ٠

ئه مما ئه ڤ گۆتنه‌ژی سه‌ڕاست نینه، چونکی یێك ل مێژوونڤیسێ سه دا شه شێ کوچی بناڤێ **" ئه بووسه عید عه بدولکه ریم کورێ موحه مه د سه معانی "** ل کتێبا **" ئه سناب"دا** دنڤیسه :

" من ل عێراقێ نێزووکاتییا چیایێ **حه‌لوانی** هه ژماره ك زۆر یه زیدی دیتن کو یه زیدێ کور ێ موعاوییه ئیمامێ خو دزانین ٠

ئه مما گۆره کی کتێبێد خه طی یه، ئێزدییا و نڤیسینێد هنده ك ژ مێژوونڤیسا ئێزدی ل جی مایێد دینێ مانینه کو دینێد ئیرانی یێ وه کی زه رده شتی و مه زده کی تێکه لی رێباز و ئایینا وان بوویه ٠ هه گه را ڤێ هندێ کو ئێزدی یا ل جی مایێ دینێ مانی دزانن ئه ڤه یه کو ئه وانه ده ست پێ بوونا مێژوویا خو سالا دوسه دو حه فتێ وشه شێ میلادی دزانن ٠

"لایار" رۆژهه لاتناسێ ناڤ وبانگ دبێژیت ئێزدی سالا دوسه د ونه هویدێ پاش میلادی سالا ده ست پێ بوونا مێژوویا خو حساب دکن ، کو فه رقه ك هندك دگه ل سالا ئێعدام کرنا مانی یانێ سالا دوسه دوحه فتێ و شه شێ پاش میلادی هه یه٠ هه روه‌تو وه ك یێك بوونا عه قیدێد مه زهه بی یه وان دگه ل دینێ مانه وی ڤێ هندێ راست ده ردێخه ٠

هه ر ئوسا رۆژهه لاتناسه کی دیتر بناڤێ **" ئیسپیرو"** دبێژه دینێ **ئێزدی** یا ل جی مایێ دینێ مانه وی یه،کو شوونه وارێد شه ریعه تێد دینێ ئاشووری ، زه رده شتی ، عیسه وی وئیسلامی ژی تێکه لی وی دینی بوونه ٠

" پروفێسورمینورسکی" **ل** کتێبا **"کورد** ل بارا ئێزدی یاندا دنڤیسه : " دینێ ئێزدی یان یه زیدی سه ربنێشا ده ب وره‌سمێد ئایینی یه گه له ك مێژین هاتییه دانان ٠"

ئه مما ئێزدی بخو سه ر ڤێ باوه رێنه کوبنێشه دانه رێ دینی وان " شاهدێ کورێ جه راحێ کورێ ئاده م" بوویه٠ نهه ئێزدی په یره وێ شێخ شه ره فه دین ئه بولفه زایل عه دێ کورێ موسافرێ کورێ ئیسماعیلێ کورێ مه روانن، کو یێك ل مه شایخێ ڤه رنێ شه شێ - یه کوچییه٠ ئه و ل سالا ٧٥٥ ، کوچی ل ته مه نێ نه هوێد سالی یێ دا چوویه بەر ره حمه تا خودێ ٠

عبادتگه ها ناوه ندییه ئێزدی یا دێرا مێژینه فه لانل **" لاله شێ"** نێزووکاتییا مووسلێ دایه٠ مه رقه دێ شێخ عه دێ هه کاری ژی ل ویده رێ دایه ٠

بنێشا عه قیده و رێبازا ئێزدی یان کو ل دین وئایینێد جوربه جوریێد وه‌کی زه رده شتی و مه سیحی ویه هوودی و٠٠٠هاتییه وه رگرتن ، پێ به رچاوگرتنا دو کتیبێ بنێشه ئیه وان یانێ **" جلوه"** و**" مصحه فاره ش"** و په رتووکا کو ل سالا "١٢١١"کوچی مه زنێ وێ رێبازی بو ده ربارا ئۆسمانی نڤیسی یه و هه روه تو کتێبا کو یێك ل ئه میرێد ئێزدی یه سه نجارێ نڤیسی یه ئه م دشێن ب ڤی جوره یی، رێبازا وی دینی رۆ ن بکه ن :

١- ئێزدی یا ب باوه ری ب هه بوونا حه فت مه لائیکه تا هه نه و دبێژن خودێ به رێ دوره ك سپی وپاشێ ژی طه یره ك، ئافراندی یه، پێش ئافراندنا عه رد و عه سمانا دا حه فت مه لائیکه ل حه فت رۆژێ حه فتی یێ دا خولقاندی یه ٠ کو ناڤێ وان مه لاکه تانه ب ڤی جوره یی یه :

١- عه زازیل کوهه مان مه له ك

طاوسه و سه روکێ حه موو مه لاکه تایه ٠

٢ـ دوردائیل
٣ـ ئیسرافیل
٤ـ میکائیل
٥ـ جه برائیل
٦ـ شه منائیل
٧ـ نوورائیل

٢ـ ئێزدی به ره واژی دیتر دینا قه دره کی زۆر بو مه له ك طاووس، دگرن وئه وی نابه ینجی یێ خودێ و ئافراندنا دونیایێ دزانن٠ هنده‌ك خاسییه تاژی تایبه ت ددنه وی کو دگه ل خاسییه تێ شه یتان، یێکن به رڤێ هندێ ژی دبێژنه وان شه یتانپه ره ست ٠ ئێزدی شه یتان به ر خاترا دژایه تی یا وی دگه ل خودێ ناپه رێزن٠ به لکوو مه له ك طاووس یان شه یتان مه لائیکه ته کی دزانن کو به ر خاترا جی نه ئینانا ئه مرێ خودێ که ته به ر غه زه بێ و چۆجه هنه مێ٠ ئه و حه فت هه زار سالا گریا و حه فت کووپ ل رۆندکێ وی ته ژی بوون کو پاش هنگێ خودێ ئه و به خشی و لێ بهۆری ٠ به رڤێ هندێ ئێزدی یا باوری ب هه میشه تی یا عه زابێ چنینن.

٣ـ ئێزدی شێخ عه دێ کورێ موسافر مرۆڤه کی مه زن دزانن و گه له ك که رامه ت و موعجیزا نسبه ت دده نه وی و مه رقه دێ وی بو خو کرنه زیارتگه ه وئۆجاغ و دبێژن ئێزدی ده بێ هنده ك ئاخا مه زارێ وی لال، خو راگرن ٠ ئێزدی یا عه بده ك بناڤی عه یدا شێخ عه دێ یان عه یدا که بیر هه نه کو ل رۆژا وێ عه یدێ دا دچنه سه ر مه رقه دێ شێخ عه دێ و سێ رۆژا رۆژی دبن وهه رئوسا ل عه یدا قوربانێ دا سه ر مه زارێ وی حازر دبن داکوو گونه هێ وان بێنه به خشین ٠

٤ـ هه ر ئێزدی یه ك دبیت چاخێ هه لاتنا رۆژێ به را خو بده ه رۆژهه لاتێ ورۆژی بپارێزه و دوعایا بکه ٠

٥ـ دگه ل " اعوذبا ٠٠٠٠٠ من الشیطان الرجیم" نه یارن ٠

٦ـ طه لاق دانا ژنا هه ره مك※ دوروسته، ئه مما طه لاق دانا ژنا خودان زارۆك باش نزانن ٠ ئه گه ر مێره ك ساله کی بچه سه فه رێ ژنا وی لێ حه رام دبه ٠

٧ـ هنده ك تشتێ خارنێ حه رام دزانن بێد وه کی: ماسی کوندك و که له م٠

٨ـ باورییه ك زۆر ب حوسێنێ کورێ مه نسوورێ حه لاج و شێخ عه بدولقادرێ گیلانی و حه سه نێ به سری هه نه ٠

٩ـ رێڤه به رێد مه زهه بییه ئێزدی یان حه فت طه به قه و ده سته نه کو دگه ل طه به قه و ده سته یا عه وام دبنه هه شت طه به قان، چ که سی حه قێ ده رکه تن ل طه به قا خو چنینه ٠ ئه و هه شت طه به قه ئه ڤه نه :

١ـ ئه میرێ شێخان ٢ـ بابا شێخ ٣ـ شێخ ٤ـ پیر ٥ـ فه قیر ٦ـ خه به رێژ وده نگ بێژ ٧ـ کۆچه ك ٨ـ مورید(طه به قا عه وام)

٩ـ ئێزدی هه ررۆژی شه ش جارا نڤێژێ دکه ن٠ گاڤا نڤێژکرنێ به رێ خو دده نه رۆژهه لاتێ، ئه وانا سه ر وێ باوری یێ نه کو رۆناهییا دونیایێ هه موو ل رۆژێ یه و رۆژ ژی کێمه ك ل رۆناهی یا خودایه ٠

ئێزدی پاش نڤێژێ دوعایه ـ کی دکه ن کو دبێژنێ نزا ی پاش نڤێژ گه له ك عه یدو جه شنێد ئێزدی یا هه نه، دینێ وان غه م و تالییێ نه باش دزانه٠ به ر ڤێ هندێ ئێزدی هه مێشه که یف خۆشن و خو ل غه م و تالییا دپارێزن ٠

مه زنترین عه یدا ئێزدی یا عه یدا نه ورۆزێ یه٠ ئێزدی یا هنده ك عه یدێ دی ژی هه نه کو ئه ڤه نه :


١ـ عه یدا چارچارێ هاڤینێ ٢ـ عه یدا جه ماعییه ٣ـ عه یدا قه باغ ٤ـ عه یدا سه فه را چل مێره ٥ـ عه یدا ئێزدییه ٦ـ عه یدا بلنده ٧ـ عه یدا عێجوه ٨ـ عه یدا مێهرگان ٩ـ عه یدا چارچمارێ زڤستانێ ٠

ب گۆتنا دوکتور قه ناتێ کوردو ئێزدی خودانێ چه ند جلد کتێب و ره سالانه کو حه موو پێ خه طێ ئێزدیکی هاتنه نڤیسین ، ئه مما دو کتێبێ وان کو ل حه موو-یاب ناڤ وبانگترن " جلوه" و " مسحه فاره ش"ه ٠

کتێبا "جلوه" ب زاراڤێ کورمانجی یا ژێرین، "مسحه فاره ش ژی ب زاراڤێ کورمانجی یا ژۆرین هاتنه نڤیسین ٠



سوورێژە



زانستی تێکنیکی

سوورێژە نەخۆشی یەکی وەگر وچڵکنی"ویرووسی"یە کە بەتایبەت لە کاتی منداڵی دا دەبیندرێ . لەم نەخۆشی یەدا پێستی لەشی نەخۆش ، زیپکە دەردەکا . یانی نیشانەی پێستی لەو نەخۆشی یەدا زۆرتر بەرچاوە و سەرەنجی دەدرێتێ ، بۆ ناسینی ئەو نەخۆشی یە. هەموو کەس دەتوانێ ئەو نەخۆشی یە بگرێتەوە . بۆ ئەوەی کەسێک تووشی نەبێ دەبێ بکوترێ یانی دژی ویرووسی سوورێژە واکسێنە بکرێ .

نیشانەی سوورێژە لەنێو منداڵەگەورەکاندا توندترە ومەترسی لایەنەخراپەکانیشی زۆرترە .

گرتنەوەی سوورێژە :

گرتنەوە ..

سەرچاوەی ئەونەخۆشی یە تەنیا ئینسانە . گرتنەوەی ئەو نەخۆشی یە بە شێوەی راستەوخۆیە و لە رێگای ئەو دلۆپانەی کە لە دەم و کەپۆوە لەگەڵ چڵم وبەڵغەم وتف دێنەدەر ،پەرەدەستێنێ.

گرتنەوەی ناراستەوخۆ بەهۆی ئەوە کە ویرووسی سوورێژە لەبەرانبەر هەوای ویشکی دەرەوە وگەرماوشتی وادا خۆڕاگر نیە زۆرکەمە.

مردن بە هۆی ئەو نەخۆشی یە لە نێو ئەو کەسانە کە دەیگرنەوە ٥ تا ١٠ لە سەتدا (١٠ - ٥ %) دیتراوە .

نیشانەی سوورێژە :

نیشانە ..

گرینگترین نیشانەی سوورێژە کە ١٠ رۆژ دوای گرتنەوەی ئەو نەخۆشی یە دەبیندرێ بریتین لە :

تێ - هەڵموسان و با کردنی پێستی ژوورەوە(مولتەهیمە)ی چاو ، ئاوەچۆڕەی گەروو و کەپۆ- ماندوویی، پەیدابوونی زیپکەی ورد ، ورد وسپی رەنگ لە دیوی ژوورەوەی روومەت و.... کە ٣ تا ٤ رۆژ دوای بینینی ئەو نیشانانە ، زیپکەی سوور ،سوور ، لە پێستی لەش دا بەدی دێ کە لە روومەت و دەموچاوەوە دەست پێ دەکا و هێدی هێدی تەواوی پێستی لەش دادەگرێ دوای ٤ تا ٥ رۆژ ئەو زیپکانە لەنێو دەچن .

پێشگیری لە سوورێژە :

پێشگیری

١- باشترین رێگای بەرگری لەسوورێژە کوتان (واکسینەکردن)ی منداڵانە کە لە واکسەنی زیندووی زەبوون کراو کەڵک وەردەگیرێ .لەمەملەکەتی ئێمە (ئێران)دا ئەوواکسەنە جارێک بەر لە مانگی پانزدەهەمی تەمەنی منداڵی دا (لەتەمەنی ٦ تا ١٢ مانگی) دەکوترێ ونۆبەی دووهەمیش لە١٥ مانگی دا دەکوترێ .

بەدوای کوتانی واکسەنی سوورێژە ،لەنێوان ٣٠- ٥ لە

سەتی مندالەکاندا نیشانەی ئەو نەخۆشی یە زۆر بە وردی دەبیندرێ .

ئەوکەسەی کەدژی سووریێژە دەکوترێ یا ئەو کەسەی جارێک تووشی ئەونەخۆشی یە بووە وچاک بووەتەوە ،ئیتر هیچ کات تووشی ئەونەخۆشی‌یە نابێ ودژی میکرۆبی بە قووەتی ئەو پەتایەش بە باشی خۆڕادەگرێ .

تێبینی :

تێبینی

ژنانی زگ پڕ (حامیلە) و ئەو کەسانەی کە نەخۆشی (بەدخیم"ی وەک سەرەتان و دیابێت (نەخۆشی قەند) و سیل یان هەیە و یا ئەو کەسانەی کە لە دەوای " کۆرتیکۆسترۆئید"ی کەلک وەردەگرن ،نابێ بکوترێن .

جاروبارەش بۆ بەرگری لە بەدی هاتنی عەواریزی واکسەنی سووریێژە ، ئەو واکسەنە لەگەڵ"گاماگلۆبۆلین" پێکەوە لێدەدرێ کە کارێکی باش نیە وزۆر زوو واکسەنەکە بێ کەلک دەکا و دەبێ دوای ٢ تا ٣ مانگی دیکە دیسان واکسەن لێ بدرێتەوە .

جگەلە" واکسیناسیۆن" کە باشترین رێگەی پێشگیری یە ،لەورێگایانەی ژێرەوەش کەڵک وەردەگیرێ :

٢- هەڵاواردنی ئەو کەسانەی کە نەخۆشن و چارەسەرکردنیان .

٣- خاوێن کردنەوەی (ضد عفونی) ئاوەچۆڕە و لیکی دەموکەپۆی نەخۆشەکان وئەو شتانەی کە بە ئەوان ئالوودە و پیس بوون .

٤- لێکۆڵینەوە لەوەکە خەڵکی دیکەش گرتویانەتەوە یان نا ؟ بۆ بەرگری لە بڵاو بوونەوەی نەخۆشی یەکە .

٥- نیشان دانی رێگای بڵاوبوونەوە و گرتنەوەی ئەو پەتایە بەخەڵک و فێر کردنی پاک و خاوێنی بە ئەوان .

٦- تێگەیاندنی بەرپرسانی بێهداری بۆ ئەوەی فێکرورایەک بۆ بەرگری لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە بکەنەوە .

چارە :

چارە

سووریێژە نەخۆشی یەکی ویرووسی یە وهەر بۆیەش دەرمانی تایبەتی نیە . بەڵام بۆئەوەی لەپێک هاتنی عەواریزەکەی بەرگری بکرێ لە دەوای " دژ میکرۆب " (ئانتی بیۆتیک)وتەقویەتی کەڵک وەردەگیرێ و بۆ باشتربوونی نەخۆشەکە و بەرگری لە خراپتربوونی حاڵی نەخۆشەکەوپەرەساندنی میکرۆب لەلەشی دا ، هەوڵ دەدرێ . بۆ نموونە :

هەتا ئەو کاتەی کە نەخۆش زیپکەی هەیە دەبێ لەسەرماوشتی وەها بپارێزرێ و لە جێگادا درێژ بێ ولە بەرئەوەی کەخۆرنارەحەتیان دەکا باشترە کە نووری بەرەنگار دانەندرێ و جێگاکەی ئارام و کەم نوور بێ. ئەگەریش کۆخەکەی توند بوو دەکرێ لە شەربەتی دژی کۆخە کەلک وەربگیرێ .

چونکە ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی ئەوپەتایە دەبن لەبەرانبەر نەخۆشی یەکانی دیکەدا خۆڕاگری یان زۆر کەم دەبێتەوە ولەوانەیەکە میکرۆبی دیکەش بەسەری دا ،



زاڵ بن ، واباشە کە لە دەوای دژی میکرۆب وەکوو : سولفادیازین وپنی سیلین هەتا ٥ - ٤ رۆژ کەڵک وەربگیرێ .

فەرهەنگۆک

بە سفووت گەیانـــدن
سوور کردنەوە ، سـەلماندن
(ثبوت) ، سابیت کردن

دیاردە :فنۆمـن ،پدیدە

دیاگرام :نموودار ،تەرح

ریتم :ئاهەنگ

وەگر : واگیر ، نەخۆشیەک کـە خەڵکی دیکـەش زوو دەیـگرنەوە .

پەتا :نەخۆشی ، ئافەت

بەرەنگار :رووبەروو

تافگە : ئاوهەڵدێر

بارست : ئەندازە

قوشقی بوون :سڵ بوون

تەنەوە کردن :بڵاوبوونەوە

جووت بوون :جفت گیری

کەوی :رام ، دەستە مۆ

ئەسپەردە کردن:ئەسپاردن

بە ئێروو :دەولەمەند

بەربینگ :قوڕ قوڕۆچکە

بەربینگ پێ گرتن:یەخەگرتن

ئەوک :گەروو ، بەربین

مژی (مەژی ـ مێژی) :مێشک فکروهۆش

رندۆڵ :تیتاڵ، شـڕ

ئامێر :ئامراز ،ماشێن

بۆتکە :دەکە و دووکانـــی چکۆلەی سەر شەقام .

گازندە :شکایەت ،گلەیی

بەرکۆژە :منە ومـوو و روی ئەستۆ یا دەستـــی منداڵ .

بـــەرکوژەی دڵم :خۆشەویستم ، ئازیزم

بۆژە : بۆگە ، بۆگەن.بەتفاق و لەوە ڕێک دەڵێن کە پێشێـــل کراوە و ماڵات نای خوا .

سفت و سۆ :سووز و گـــوداز ، دڵتەزێن،بەسۆزوجەرگ بر

لە نێوەوە چوو (دەنێوەوەچوو) : کەسێک کە تەمەنی لاوەتـــی تێپەڕیوە و بەرەوپیری دەچێ

لێزمە : رێژنەی بارانی بەخور

بە لێزمە :پەیتا پەیتـــا ، بە دووی یـەکدا

گراوی :خۆشەویست، ماشقە ، یار

بەلووزەو :بە غورەم ،بەلێشاو

هەتوان :مەڵحەم و دەرمان

سوکنایی :ئاراوقارا ، ئارامی دڵ و دەروون

زایەڵە : دەنگدانەوە

رەهەند : کانال ،قولکە (نقب)

پێناس : شوناسنامە ،کارتـــی ناسیاری

گەرۆک :دنیاگەڕ ، گـەڕیـدە (سیاح)

سائێ:ئاسایی،عادی، ئاسان

بەوەج:بایەخدار ،گرینگ

بنەما : ریشە وئەساس

بەلەزوبەز: پڕ جووڵـە و بەتەوژم و تین

ملانێ: زۆرەوانی ،کوشتی

هلستە : (هەستا ،رابـــوو هەلستا)

فێهرس : مێرخاس ،پەهلـەوان

دۆژ :دۆژەهـ ، جەهـەنـنـەم دۆزەخ

رەوال :جەوان ،لاو ، گەنج

زەنگوو : زەنگی ، رکێـــف ئاوزەنگی

فرتۆنە : تووفان ، تۆفان

عیار :عیـار ،پێست ،خیگە

تەلتە :گولتە ، گەوال .بەلەهەور

پۆخسیدە :رووترش ،تاڵ وترش

بەڕیدە : ئاوارە

رێچ :شۆپ ، جێ پێ

بەزر :بەرزە ،ئوندا ،ون،گوم،بزر

کم :کەپ ، لووت

کوندکی :قەرەفیسکـــا ، هەڵترووشکان

ڤێخست :داگیرساند

شپێ :سەرپێ

هەمانێ :بزۆرێ،بەزەحمەت

گرک :تۆپک ، تەپۆڵکە

شەوات : سۆز ، سۆژ

قوڕانە :لۆلایی دەرگەی دارین

ئاڕووک : میچ ، بەربان

خوڕی :خالیس ، ناب

کەرمە :کەمرە

ئێزنگ :قرشک ،ئاوردوو

زێچ : بافووناڵخالس ،تەنەکەی ئەستـــوور

کارتۆ : بەیات

بێنهتن :قەڕسین،سەهـــۆڵ بەستـــن

هەلک :هەناسە

قەپەر چەکرن :قەرپەچەکرن ، توندلە باوەش گرتن

هەرەمک :ئەرەمک، نەزۆک

ئێلاقە : بوختان

لاڤایی :پاڕانەوە ،پاڕیان




تەرخان ئاوا

دیاری: بەختیار میعماری




تینوو

دیاری: خالید ئیسماعیلی - مەهاباد




کەلاتی نادری

دیاری: کەلیموللە تەوەحودی - مەشهەد



فرمێسک

دیاری: بازید مورادی - پیرانشار



پیرەدار

دیاری: خالید قەلعە کووهی - بۆکان



قەڵای خوشەب: لە نێوان شاری وان وباجکاڵی کوردستانی تورکیا.

دیاری: ناجی بانی